تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

رۆژهەڵاتناسیی

وەرگێڕان

لەبوارە ستراتیژی
داگیرکاریی و ئایدیۆلۆژیای ستەم دا

کاوە هاوراز

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

هەولێر - چاپی یەکەم ٢٠٠٣

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقرَا الثقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

بۆدابەزاندنى جۆرەها كتێب:سەردانى: (مُنتَدى إقرَا الثقافِي)

www. iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

رۆژهەلاتناسیی

لەنێوان ستراتیژی داگیرکاریی و ئایدیۆلۆژیای ستەم دا

کاوە هاوراز

لە بڵاوکراوەکانی نوسینگەی [redacted] / هەولێر

مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ
نوسینگەی تەفسیر

ناوی کتێب: رۆژهەلاتناسیی لەنێوان ستراتیژیی داگیرکاری و ئایدیۆلۆژیای ستەمدا..
ناوی نوسەر: کاوە مصطفی محمد-هاورێ-
چاپ و بڵاوکردنەوەی: نوسینگەی تەفسیر/ هەولێر
تایتڵی بەرگ: نەوزاد کۆیی
نۆرە و ساڵی چاپ: یەکەم ١٤٢٣ک ٢٠٠٣ز
چاپکردن: چاپخانەی پەروەردە
تیراژ: ١٥٠٠ دانە
ژمارەی سپاردن: ٤٥٦ ساڵی ٢٠٠٢

تفسیر
هەولێر- شەقامی دادگا
ت: ٢٢٢١٦٩٥-٢٢٣٠٩٠٨
tafseeroffice@maktoob.com
AlTafseer@hotmail.com

چرپەیەک

پرۆسەی گۆڕانکاریی و ڕۆڵی فیکر

داخۆ نهێنیی بەزین و لێک ترازانی هەندێک "کۆمەڵگەی ئینسانی" لە چیی‌یەوە سەرچاوەی بگرێت نەخاسمە دوای ئەوەی سەردەمانێک لەسەر سەکۆی ئازادی‌و لەبەر چراخانی سەربەرزی‌دا ژیابن ؟ ! وەڵێ ڕوو وەرچەرخانیان لە ئیلتیزام و فراوان بوونی کە لەبەرەکانی بێ باکی‌و غەفلەت دیارترین دەرفەت دەداتە دەست دوژمنانیان، تا پێش ئەوەی غەزوی نیشتمانیان بکەن غەزووی قوولایی ناخیان بکەن..

ئەو بارودۆخە شێواوەش، کە گۆڕانکاری فیکری‌و سیاسی لە دەرەوەی سنورەوە بۆیان دەخولقێنێت، هەرگیز بەمیکانیزمی سەربازی‌و تەنانەت ئابووریش ناخولقێت. جا هەر دەبێت ڕۆڵی فیکریی ساغ و خاوێن بەگەڕ بخرێتەوە تاکو سەرلەنوێ بونیادێکی مەنهەجی‌ی پتەو بۆ ململانێی حەقی داڕێژرێتەوەو بەرلەوەی بەشداریی شەڕی چارەنوس بکرێت، هەربەچەکی فیکر گەشتین ڕوخسار لە ئاوێنەی ڕەفتاری مرۆییماندا پیشان دەین. گرنگی ڕۆڵی فیکریش هەر لە قالبێکی تیۆری‌دا نی‌یە ؛چونکە وەک بیریارە هاوچەرخەکانی ئەم نەتەوەیەش جەختیان لەسەر کردووە؛ دەبێت بە لۆژیکی سەردەم (دروستی‌ی فیکر نەک لەسەر ئاقارە فەلسەفی‌و ئەخلاقی‌و زانستی‌یەکانی، بەڵکو سەرەتا لە ئاقارێکی عەقائیدیی پوختەوە هەڵقوڵێت تا سەرکەوتن و دەسکەوت و هۆیەکانی پاراستنیشی وەک کوتلەیەکی خەیاڵ نەمێنێتەوە.

ئەمەیە ڕۆڵی فیکر لە پڕۆسێسی گۆڕانکاریی‌دا.. ئیدی دامەزراندنی دەزگاو ڕێکخراوو ناوەندی لێکۆڵینەوەو هۆیەکانی تری گەیاندن، کاروچالاکییان لەسەر ڕەوڕەوەی خوازراویان دەبێت. تەنهاو تەنها- ئیلتیزام- حوکم دەکات ... " ئیلتیزام " بەفیکری ساغ و داڕێژراو.. نەك بە تاکە کەسێك یان گرووپێك.. یان ئیدارەیەکی- کاتی حوکمڕانی‌یەوە. چونکە " کەوتنی ئەمانە " کەوتنی فیکرو مەنهەجە " ناتەواوەکانیان "ە لەزۆربەی کات دا.. پەی بردنیش بە. مەنهەجێکی پوختی فیکری ئیسلامی‌و هۆشمەندیی‌و پابەندی (ئیلتیزام)یش پێوەی، یەکەم هەنگاوی زامنی بنەڕەتی‌یە لەڕێگەی گۆڕانکاریی‌دا بێ ئەوەی لەو دیو واقیع و لە پشت ناسینی واقیعەوە بین.. (واقیع) خۆیشی لەسەر بیرۆکەی گۆڕانکاری دامەزراوەو لە ئاست ڕووبەڕوو بونەوەی ئەو تەوژمە فیکریەی چەند سەدەیەك لەمەوبەرەوە داڕێژراوە، لە پشت دەریاکانەوە هات و دیراسەی بست بەبستی خاك وَ- دێ بەدێی هەرێم- و شار بەشاری نیشتمان و یەك بەیەکی هۆزو تیرەو قەوم وگەلانی ئیسلامیمانی کردو، هەموو جۆرە داب و نەریت و بارودۆخێکی ڕۆژهەلاتی دوورو نزیك و ناوەڕاستمانیان تاوو توێ کرد.. جا داخۆ کەی بێت ئێمەش وزەو توانای فیکریی لەسەرجەم کانگەو سەرچاوەکانی‌یەوە گرد کەینەوەو تەوژمەکە بەدژە ئاڕاستەی خۆی‌دا پێچەوانە بکەیەوەو چرای خۆمان لەماڵ بەمالێ ئەواندا داگیرسێنینەوە.. بەڵام نەك بەنەریتی داگیرکاریی ئەوان غەزوی نیشتیمان و هەرێم و ناوچەکانیان بکەین.

ئەو تەوژمە فیکری‌یەی کە چەندەها ساڵە بەناوی (ڕۆژهەلاتناسی)یەوە تیر بارانی ڕووبەندی قیەم و ئاکارمان دەکات، تا ئەمڕۆش هەر ڕۆژەی لایەکمان ئیفلیج دەکات هەر بەکودەتایەکی ناخی بەشەریی خۆمان دەتوانین بەڕەچی بدەینەوەو، هەر بە سوڵتانی عەقیدەو بیروباوەڕیش دەتوانین بەڕەنگاری ببینەوەو، هەریەکە لە پێشەوا وەهمی‌یەکانیشی چ (لویس) و (تۆینبی) و (کریمۆن) بێت

یان- پاپاو- بیکۆن- و- جب- و گرۆنبۆم- و سەرکردە ڕەگەزپەرستەکانی تریان ببەزێنینەوەو ئەو کەلەپوورە شێواوەشیان تا پشت کەلاوەی کنیسەکانیان تووڕ دەین.. جا هەر لە گەرمەی ئازارەکانی بزاڤی نوێماندا ئەم لێکۆڵینەوەیەش وەك چەندین لێکۆڵینەوەی خامە ژانگرتووەکان لە دایك بووە..

❁❁❁ ❁❁❁

ڕۆژهەڵاتناسیی چییە ؟!

ڕۆژهەڵاتناسیی تەوژمێکی فیکرییە لەو لێکۆڵینەوەو دیراسە هەمە چەشنانەدا ڕەنگی داوەتەوە، کە دەربارەی ڕۆژهەڵات و گەلانی موسڵمان نوسراون و تێیاندا ڕۆژئاواییەکان لە ئایین و زمان و ئەدەب و شارستانییەت و کلتووری ڕۆژهەڵاتیان کۆڵیوەتەوە.

"ئەم تەوژمە ڕۆڵێکی گەورەی لە صیاغەی دیدو تێڕوانینی غەربییەکاندا لەسەر جیهانی ئیسلامی هەبووەو گوزارشتی لە پاشینەی فیکریی ململانێی شارستانێتی نێوانیشیان دەکات"[1].

(ڕۆژهەڵاتناسیی) بە عەرەبی (استشراق) و بە فارسی (خاورشناسی) و بە فەرەنسی (ORIENTALISME)ی پێ دەگوترێت.. (واتە: ئەو دیسپلینانەی کە ئامانجیان لێکۆڵینەوەی شارستانییەتەکانی ڕۆژهەڵاتە)[2].

" لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا بۆیە کەم جار نووسەرە عەرەبە لوبنانییەکان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا لە جیاتی زاراوەی (ORIENTALISME) بەکاریان هێنا بۆ دیاری کردنی ئەو زانستەی، کە نووسەرە ڕۆژئاواییەکان لە ئاکامی گەشتەکانی خۆیان- بەرەو ڕۆژهەڵات- خۆیان پێوە خەریك کردبوو بۆ لێکۆڵینەوە لە میللەتانی ڕۆژهەڵات "[3].

ڕۆژهەڵاتناسیی لە هەموو قۆناغێکدا بە سیمای سەردەم و مۆرکی سروشتیدا دەناسرێتەوە، دەشێت لەهەمان کاتدا بە سیاسەتێکی (تەغریبی)یش دابنرێت. دیارە ماوەیەکی زۆر بوو کە بەیداخی ڕۆژهەڵات لەسەر بەشێکی گەورەی خاك و وڵاتانی ڕۆژئاوا دەشەکایەوە، چەند بنکەیەکی کاریگەریشی لێ

دامەزرابوو، چەند شوێنەوارێکی فیکریو کۆمەڵایەتیی گرنگیشی لە هزری ڕۆژئاوایی یەکاندا نەخشاندبوو، جگە لەو بیروباوەڕو عەقیدەیەش، کە وەك زەنگی سپێدەیەکی ئایندە هەردەم سەدای تایبەتی هەیە، چونکە ووشەی (ڕۆژهەڵات) لای ئەوان بە زەنگێکی تایبەتیو چەند چەمك و دەلالەتێکی وردو فرە ڕەهەندی جیاواز دادەنرێت. هەربۆیەش ئاستەکانی (پەسەندکردن) و (ڕەت کردنەوە) لەلای ئەوان بەڕەنگی ئەو هێماو دەلالەتانە دەناسرایەوە، کە لە دیدگای- ڕۆژئاوایی یەکان خۆیانەوە- سەیریان دەکردو، لە ئاوێنەی خەیاڵ و ئەندێشەیاندا عەقیدەی ڕۆژهەڵاتیان بەدیۆەزمەیەکی سینەی پڕ لە هەواو ئارەزووەکانیان دەبینی..

تەنانەت خودی ڕۆژهەڵات و شارستانێتییە بێ وێنەکەیان بە مەڵبەندی ڕکەبەرایەتیو توندو تیژی دادەنا.. بەڵام لە ناخی دڵو بیرو هۆشیانەوەو بە قەناعەتیشەوە دەیانزانی کە "پەیامێکی ئاسمانی" بە ڕۆژهەڵات گەیەنراوە، دەبێت گشت مرۆڤێکی سەر زەمین بیخوێنێتەوە. دیارە ئەوان نەك هەر ئامادەی خوێندنەوەی ئەم پەیامە نەبوون، بەڵکو لەو ڕۆژەوەی کە ئەم ڕێچکەو تەوژمە ڕۆژهەڵاتییە بەدنیا ناسێنراوە لە هەوڵی بەردەوامی دابڕینی بااڵدەستیی ڕۆژهەڵاتدا بوون، ڕۆژئاوا ویستوویەتی ئەدرێسی چەند ڕووپەڕێکی سەردەمی بەناو (ڕۆشنگەریی- تنویر)و کودەتای پیشەسازییو قودرەتە تەکنەلۆژیەکانیشی لە ڕۆژهەڵاتدا بنووسێتەوە، ئەمەش بەو پێو دانگە پووچەڵەی گوایە ڕۆژهەڵاتیش وەك ڕۆژئاوا شێوێنراوەکەیان پڕبووە لە (دادگاکانی پشکنینی بیروباوەڕی خەڵکی)و (دووکانەکانی فرۆشتنی پسوولەی لێخۆشبوونی خودا)و لە (چەند کانتۆنێکی ژێر دەسەڵاتی حوکمی "ئیکلیری")..

ئەوان بە میکانیزمێکی مادیی ئەبستراکتی دەیانویست "فاکتەری دینی" لەسەر کەناڵی هۆیە هاندەرەکانیان بسڕنەوەو پێچەوانەی شاڵاوی باب و باپیرە خاچپەرستەکانیان ببزوێن، لە کاتێکدا تەنها ئەو تەوژمی خاچپەرستییەش یەکەم

پاڵنەری بنەڕەتیان بوو لە غەزوێکی تری ڕۆژهەڵاتدا.. بەڵام بەدەمامك و بەرگێکی زانستیانەی بەناو زانستیی (ڕۆژهەڵاتناسیی)یەوە[٤].

مامۆستا (فتحی محمد علی) دەڵێت: (.. مەبەست لە (ڕۆژهەڵاتناسیی).. سەرەتا گەڕان بەدوای ڕەگەزە شارراوەکانی شارستانییەت بووە لە ڕۆژهەڵاتدا.. هەروەها بۆ گەیشتن بەچەند ئەنجامێك و زانینی چەند "وقائع"ێك بووە بە هەندێك بەڵگەی میژوویی‌یەوە، پاشان خستنە ڕووی دواین ڕاستی لە بەردەم کەسانی بایەخ دەرو پەیوەندیداری وەك دەسەڵاتداران و داگیرکەران)[٥] ..

بەمانای ئەم پرۆسەی (ڕۆژهەڵاتناسینە) وەك قۆناغێکی ڕێ خۆشکاریی بووە بۆ مەبەستە سەربازی‌یەکان و بەڕێ خستنی سوپاکانیان بەرەو ڕۆژهەڵات، هەروەك لە دوایی‌یشدا ئەو نیازەیان بەدی هێناو بەکردەیی چەندین ناوچەی فراوانی ڕۆژهەڵاتیان داگیر کرد.. بۆ نموونە: ماوەی نێوان (ناوەڕاستی سەدەی هەژدە)و دوای کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی)یش بەترسناکترین قۆناغی پراکتیزەکردنی فیکری- ڕۆژهەڵاتناسیی- دادەنرێت.. لەم ماوە زەمەنی‌یەو (تەنانەت پێش ئەو ماوەیەش) بەردەوام بوون لە شێواندنی ڕوخساری ئیسلام و موسڵمانان لەناوەندە ڕۆژئاوایی‌و ئەوروپی‌یەکاندا، تا بە تەواوەتی ڕۆڵی خزمەتکردنی سیاسەتە کۆڵۆنیالیستی‌یەکانیان بگێڕن، ئەمەش دوای داگیرکردنی خاکی ئیسلام و بڵاوکردنەوەی چەندین درۆو تۆمەت لەسەر گەلانی موسڵمان و شێواندنی فیکری ئیسلامی.. ئیدی تاغوتە ملهوڕو تەماعکارەکان لە هەموو گۆشەو کەنارێکی ئەو سەری دنیاوە هاریکاری یەکتر بکەن بۆ بڕەودان بە ستەم و چەوساندنەوەو دەست درێژیی..

❋❋❋ ❋❋❋

میژووی ڕۆژهەڵاتناسییو داڕشتنەوەی زاراوەکان

وێڕای ئەوەی سیاسەتی چاوبڕینە ڕۆژهەڵات و نیازە داگیرکاریەکان لەدێر زەمانەوەو لەسەدەکانی ناوەڕاست و پێشتریشەوە پیادە کرابن، بەڵام خودی- زاراوەی ڕۆژهەڵاتناسیی- بۆیەکەم جار لە ساڵی "١٧٦٩ز" لە قامووسی ئینگلیزیی (ئۆکسفۆرد)دا دەرکەوتووە. پاشان لە ساڵی (١٨٣٨ز) لە قامووسی- ئەکادیمیای فەرەنسی- دا بەکارهێنراوە [٦].

زاراوەی ڕۆژهەڵاتناسیی بە هەر لقێکی ئەو زانستە دادەنرا کە بایەخی بەڕۆژهەڵات دەداو دیراسەی گەل و هۆزەکانی لە هەموو ڕوویەکی ژیانیانەوە دەکرد، چ لەڕووی ئاینە ڕۆژهەڵاتیەکانەوە یان لەڕووی زمان و ئەدەب و هونەرو زانستەکانی تریانەوە بوو بێت.

مەبەست لە زاراوەی "جیهانی ڕۆژهەڵات"یش (بەپێی خشتەو پۆلێنکاریی ئەوروپییەکان) هەموو ئەو گەل و نەتەوانەیە کە دەکەونە ڕۆژهەڵاتی کیشوەری ئەوروپاوەو بەپێی تیۆرە ئەوروپییەکەش بەسێ بەش دانراوە وەك: (ڕۆژهەڵاتی نزیك، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ڕۆژهەڵاتی دوور) [٧]..

ئەوەی لێرەدا جێی سەرنج و لێوردبوونەوە بێت ئەوەیە کە ئەم زاراوەیە بەپێی تیۆرە ئەوروپاییەکە هەموو ئاینێکی جیهانی ڕۆژهەڵات و ڕێڕەوسم و داب و نەریتەکانی شوێنکەوتوانیانی بەیەك چاو سەیر کردووەو لەزۆر شوێندا جیاوازیی نێوان عەقیدەی ئیسلامیو ئاینێکی شێواوی وەك (بووزایی) نەکردووە. ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە کە دژی ئیسلام و شارستانیەتەکەی

کراوە.. هەروەها ئەگەر لە دەلاقەیەکی فراوانی مێژوویی‌یەوە بڕوانین بۆ سیاسەتی چاوبڕینە ڕۆژهەڵات و تێکدانی ناوچەکانی‌و پێشینەیەکی تری بۆ وەبەرنێین، ئەوا چەندین قۆناغ و سەردەمیش لە چەند وێستگەیەکی جیاجیادا دیاریی دەکەین..

❁❁❁ ❁❁❁

قۆناغەکانی چاوتێبڕین لە ڕۆژهەڵات

بێگومان خودی پرۆسەی ڕۆژهەڵاتناسیی، دەرەنجامێکی حەتمیی ململانێی نێوان (ڕۆژهەڵاتی ئیسلامخواز) و (ڕۆژئاوای- نەسرانی) بووە، هەر لە ڕۆژگاری خاچپەرستەکان و نیازە شەڕخوازییە عەسکەرتاریەکانیانەوە، تا ڕۆژگاری پەیوەندییە دیپلۆماسیەکان و دامەزراندنی باڵوێزخانەکان وبەرنامە ڕێژیی سەفەرو گەشتیاریو ناردنی گەڕۆك و گەشتیارەکان.. هاندەری بنچینەیشیان بەگیانێکی (لاهوتی/نصرانی)یەوە بووە بەمەبەستی تێکشکاندنی ئیسلام لەناخەوە و، هۆنینەوەی چەند مەکروفێڵ و پیلانێك هەرچەندە لەم دواییانەدا پرۆسە ڕۆژهەڵاتناسییەکانیان بە سیمایەکی زانستیانە ئارایشت دابێت.

دەشێت سیاسەتی "ڕۆژهەڵاتناسیی"یش بەسێ قۆناغ دیاری بکەین:

قۆناغی یەکەم: ناسینی شارستانیەتی ئیسلامی..

هەرچەندە کارێکی نەختێك گرانە، کە سەرەتایەك بۆ ڕۆژهەڵاتناسیی دیاری بکرێت، بەڵام هەندێك لە میژوو نووسان دەیگێڕنەوە بۆ ڕۆژگاری دەوڵەتی " عەبباسی" لە- ئەندەلووس- هەندێکی تریشیان دەیگێڕنەوە بۆ سەردەمی خاچپەرستەکان و ڕۆژگاری (جەنگی خاچپەرستی)و بەزینیان لە بەرامبەر سوپای موسڵمانان بە سەرکردایەتی (صلاح الدینی ئەیووبی).. لەم ڕووەوە بۆ قۆناغی یەکەمّ چەند نموونەیەك دێنینەوە:-

١- ڕۆژهەڵاتناسیی- لاهوتی [٨]. بەشێوەیەکی ڕەسمی لەسالّی (١٣١٢ز)دا

سەری هەڵداوە کاتێك لەو ڕۆژگارەدا ئەنجومەنی کەنیسەی (ڤیەننا) بڕیارێکی دەرکرد لەمەڕ خوێندنی چەند کتێبێکی عەرەبی لە قوتابخانەکانی ئەوروپادا. بەپێی ئەم بڕیارە لە زانکۆ سەرەکییەکانی (ئۆکسفۆرد، پۆلۆنیا، پاریس، کامبریج، سلامنکا) دەستیان کرد بەدەرس دانەوەی زمانە ڕۆژهەڵاتیەکان بە تایبەتیش عەرەبی [9]. واتە لە ڕێی ئەو قوتابخانانەو لێکۆڵینەوەی کتێبە ئیسلامییەکانەوە، کە بە (زمانی عەرەبی) نووسرا بوون جۆرە دیاردەیەکی ڕۆژهەڵاتناسیی لەو سەردەمەوە دەرکەوتووە ئەگەرچی واش ناودێر نەکرابێت.. بەڵکو زانستێکی تازەیان لەبارەی زمان و ئەدەب و فیکری ڕۆژهەڵات بۆوە. لە سەدەی سیازدەی زاینیشدا ئەو نیازە لە جەنگە خاچپەرستیەکاندا ڕەنگی داوەتەوە، هەر لەو سەردەمەدا هەڵمەتی موژدەگاری (تبشیر) واتە بە مەسیحی کردنی خەڵکیو سەپاندنی حوکمی پاپاکان و دادگا ناهەمواڕەکانی پشکنینیان بەڕوی پێدراوە.. دادگاکانی (پشکنینی بیروباوەڕی خەڵکیو ڕەوتی ژیان و بیرکردنەوەیان) و (ڕێگرتن لە داهێنانە زانستییەکان) تا سالی (١٧٩٢ز) لە ئیسپانیادا بەردەوام بووەو لەدوای ئەو سالەوە (ناپلیۆن پۆناپارت) هەڵی وەشاندۆتەوە [10]..

٢- یەکێك لەو ڕاهیبە (بەندەکتی)یانەی ڕوویان لە- ئەندەلووس- کردووە (جیربێرت دی ئۆرلیاك) بووە (٩٣٨- ١٠٠٣ز) کە لەلای مامۆستایانی (ئەندەلووس) خوێندوویەتی، دوای ئەوەی بۆ- فەرەنسە- گەڕاوەتەوە بە (زانای مەزن) یان (پاپا) هەڵبژێڕراوەو ناوی (سیلڤستەری دووەم)یان لێ ناوە، بەیەکەم پاپای فەرەنسی دانراوەو ئیدی لە سالی (٩٩٩ز) تا دوایی ژیانی واتە سالی (١٠٠٣ز) لەو پلەیەدا بووە [11]..

٣- سالّی (١١٣٠ز) سەرەك قەشەكانی (طولە يطولە) چەند كتێبێكی زانستی ئیسلامییان تەرجەمە كردووە [١٢]..

٤- زانای ئیتالی (جیراردی كریمۆن) لە (١١٤- ١١٨٧ز) چەندین سالّی ژیانی تەرخان كردووە بۆ مانەوەی لە شاری (طولە يطولە)داو نزیكەی (٨٧) كتێبی ئیسلامیی تەرجەمە كردووە، كە دەربارەی فەلسەفەو نوشداریی و گەردوونناسیو غەیبزانیو لێكۆڵینەوەی نادیارەكان بوون [١٣]..

٥- (پوتروس)ی پێزلێ نراو (١٠٩٤- ١١٥٦ز) ڕاهیبێكی فەرەنسی بەندیكتی بووەو سەرۆكی- دێر- ی- كلوونی- بووەو تاقمێكی لە وەرگێڕەكان (تەرجەمەكاران)ی كتێب پێك هێناوە، تاكو مەعریفەیەكی بابەتیانەی لەسەر ئیسلام دەسكەوێت. هەر خۆیشی خاوەنی بیرۆكەی تەرجەمەی ماناكانی قورئانی پیرۆز بووە بۆ سەر زمانی لاتینی لە سالّی (١١٤٣ ز)دا كە (ڕۆبەرت ئوف كیتۆن)ی هاوڕێی ئینگلیزی بەو كارە ڕاسپارد بوو، ئەویش بۆی تەرجەمە كردبوو [١٤]..

٦- (یۆحەننای ئیشبیلیەیی)، كە یەكەم جار جوولەكە بووەو دوایش بووە بە- نەسرانی- و لە ناوەڕاستی سەدەی دوازدەدا بایەخی بەزانستی " ئەستێرە ناسی " داوەو چوار كتێبی (ابو معشر البلخی) لە سالّی (١١٣٣ز)دا بە هاوكاریی (ئەدلەر ئۆف پاس) تەرجەمە كردووە [١٥].

٧- (ڕۆجەر بیكۆن)یش (١٢١٤- ١٢٩٤ز) كە ئینگلیز بووە لە (ئۆكسفۆردو پاریس) خوێندویەتیو دكتۆراشی لە زانستی- لاهووت- دا هەبووە، كتێبی (ئاوێنەی كیمیا- مرآة الكيمياء-)ی لە عەرەبییەوە تەرجەمە كردووە. سالّی (١٥٢١ز) جارێكی تر لە- نۆرنبیرگ- ئەو كتێبە چاپ و

بڵاوکراوەتەوە. جگە لە چەندان کەسی تر کە لە ڕۆژئاواوە کتێبە ئیسلامییەکانیان تەرجەمە کردووەو سوودیان لێ وەرگرتوون..

کەوابوو دەشێت قۆناغی یەکەمی (ڕۆژهەڵاتناسیی) بە قۆناغی ناسینی شارستانیەتی ئیسلامی دابنرێت.. چونکە لەم قۆناغەدا دەیان کەسیان بۆ زانکۆ ئیسلامییەکانی "(طوله یطوله و قورطوبه) ناردووە تا چەندین کتێبی (فەرموودەو تەفسیر)و زانستە بەکەڵکە ئیسلامییەکانی تر تەرجەمە بکەن.. جگە لەوەش کە دەرچووانی ئەم زانکۆیانە کاتێك بۆ وڵاتاتی خۆیان گەڕاونەتەوە، تەنها چەند کتێبێکیان لەسەر چۆنیەتی فێربوونی زمانی عەرەبی داناوە. هەندێکی تریشیان بە ویژدانەوە باسی ئیسلام و شارستانیێتیەکەیان کردووە، کە لە بەشێکی تری ئەم لێکۆڵینەوەیەدا ئاماژەیان بۆ دەکەین.

قۆناغی دووەم: شێواندنی ڕاستییەکان..

ئەم قۆناغە بە قۆناغی شێواندنی و فیکرو بیروباوەڕو شارستانیەتی ئیسلامی دادەنرێت، جگە لە دزینی چەندین تیۆری فیکریی ئینسانی لە موسڵمانان و دانانیان بە " فیکری یۆنانی "[١٦]. هەروەها بە ڕۆژئاوایی دانانی چەندین بنەمای شارستانییەتی ئیسلامی و کردنیان بە چەند تیۆرێکی زانستیو فەلسەفیی ڕۆژئاوایی بێ ئەوەی لە تەنها سەرچاوەیەکدا ئاماژە بۆ چەمکێکی ئیسلامیی بکەن. ئەم قۆناغە لەماوەی نێوان سەردەمی کۆن و پێش سەردەمی نوێو شۆڕشی پیشەسازییدا بوو. واتە لە سەرەتای ڕووخانی دەوڵەتی ئیسلامی لە (ئەندەلوس) لە ساڵی (١٤٥٢ز)دا.

بێگومان ئەوروپاش سەرەڕای ئەوەی لەو سەردەمەدا لە تاریکایی شەوە زەنگی جەهالەت و دواکەوتویی‌دا بوو، لە داڕووخانی ئەخلاقیو کۆمەڵایەتیشدا دەتلایەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بێ شەرمانە هێرشیان دەکردە سەر

ئایینی پیرۆزی ئیسلام و سەر خودی پێغەمبەرەکەشی محمد (ﷺ).. تەنانەت گەر کەسێکیان موسڵمان ببوایە پێیان دەگووت (بووە بە مەسیحی‌یەکی- محمدی). لەم قۆناغەدا بۆیە ڕق و کینەیان بەرانبەر ئیسلام دەرکەوتووە، چونکە ئایینی ئیسلامیان وەك کۆسپێکی گەورەی سەر ڕێگەی بانگەشەچی‌و هەڵسووڕاوەکانیان دەبینی، (واتە ئەوانەی لە سیاسەتی (تەبشیر)و بە مەسیحی کردنداکاریان دەکرد).. هەروەها ڕق و کینەی ڕەشیان بەرانبەر ئیسلام و کۆمەڵگەی موسڵمانان دیارترین ئاسەواری ڕێڕەوە فەرهەنگی‌یەکانیان بووە. لە خۆرهەڵاتیشدا ڕێڕەوی فیکری‌و مەنهەجی توێژینەوەکانیان هاوڕەوت و هاوسۆزی ڕێچکە مەتریالی‌و عەلمانی‌یە هەمەڕەنگەکان بوو.. قوتابخانەکانی بیری (ڕۆژهەڵاتناسی)یشیان بەگشتی لە دوو جۆری وەك (سەرەکی و مام ناوەندیی)دا ناسراون.. جۆری یەکەمیان کە بەسەرەکی دانراوە، کارایی‌یەکی سەربەخۆو دیاریی لەسەر لێکۆڵینەوەو توێژینەوە جیهانی‌یەکان هەبووەو پەلی بۆ شیکاری چەند مەسەلەیەکیش ڕاکێشاوە. جۆری دووەمیش کە بەمامناوەندیی ناودێر کراوە تایبەت بووە بە سوود بینین لە چەند ماوەیەکی زەمەنی‌ی دیاری کراو، تێیدا (قوتابخانەی فەرەنسی) بە نموونەی هەرە دیاری ڕۆژهەڵاتناسی‌و بە پێشەنگیشی دانراوە. چونکە هەمیشە بۆ دەربڕینی دژایەتی‌و ڕکەبەرایەتی‌ی ئیسلام تەرخان کراوەو، پاشان گیانێکی ڕەگەزپەرستانەشی بەبەردا کراوە، چونکە ئەڵقەیەکی گەیاندن بووە بۆ جەنگە خاچپەرستی‌یەکان و پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆیشی بە بزاڤی ئیمپریالیزمەوە هەبووە.

سەرەتای دامەزراندنی ئەم قوتابخانەیە بۆ (سەدەی دوازدەی زایینی) دەگەڕێتەوەو لەسەر بیروڕای قەشەکانی- کلوونی- فەرەنسا) بووەو بە مەبەستی لێکۆڵینەوەو تەرجەمەو شیکاری فیکرو کلتووری موسڵمانان. هەر لەوێشەوە ئەم چالاکی‌و جموجوولانە بەرەو (ئیسپانیا) درێژ کراوەتەوە. پاشان قوتابخانەکە زیاتر پەرەی پێ درا، تاکو لە (کۆلێج دی فرانس) لە ساڵی (١٥٣٩ز)دا

بەشێکی- زمانی عەرەبی- بۆ کرایەوە. کاریگەریی ئەم قوتابخانەیە لەگەڵ هێرشی ڕۆژئاوادا بۆ سەر بەشەکانی تری جیهان بەردەوام بوو، واتە لەگەڵ خۆگەیاندنی ئەوروپییەکان بە مەڵبەندی یەکەمی ئیسلام کە نیمچە دورگەی عەرەبی بوو. دوای ئەمەش داگیرکەرە فەرەنسییەکان گەیشتنە ئەفەریقاو ڕۆژئاوای ئاسیا. هەر لەم قۆناغەدا چەند کەسێکی موژدەگار (مبشر) و بلاوکەرەوەی تەورات و ئینجلیش بۆ ئەو ولاتانە نێرران، کە چەند کەمینە (اقلیة)یەکی جوولەکەو دیانیان تێدا دەژیا، بەڵام زیاتر بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاریی سەرەتاییەکان و (دیراسەی مەیدانی)یش لەسەر موسڵمانان لە ولاتانی خۆیاندا، تاکو مادەیەکی سەرەتاییو خاوی بەردەستی ڕۆژهەڵاتناسەکانیان بێت.

پاشان ڕۆژهەڵاتناسە (مژدەوانەکان) بۆ جیهانی ئیسلامی بنێررێن و لە پێش هەموو شیانەوە ڕۆژهەڵات ناسانی فەرەنسەیی شارەزایی لە پیشەکەیاندا بەدەست بێنن، بەو شێوەیەش نەخشەو پلانی داڕێژن، کە خزمەتی ئامانجە کلتووریی و سیاسییەکانی ئیمپریالیزمی فەرەنسی بکات، ئینجا زەمینەی پەیوەست بوونی ڕۆحیو مەعنەویی بە فەرەنساوە بخولقێنرێت.. جگە لە بانگەوازێکی ساختە بۆ پێشخستنی ئیسلام.. بەڵام بەو شێوازەی کە هەموو ڕوخساریکی بشێوێنرێت و دەرفەت بۆ- ڕۆژهەڵاتناسان- بڕەخسێتە تا بە ئارەزووی خۆیان بەنێو شارو ولاتانی ئیسلامیدا بسووڕێنەوەو ڕێگەی شالاوی دڕندانەی سەربازیی بۆ خۆش بکەن.. بۆ ئەم مەبەستەش هەر پەنایان دەبردەبەر کەمە نەتەوەییەکانی " نەسرانی و یەهوودی وەهاوشێوەکان"ی تریان کە دانیشتووی چەند ناوچەیەکی خاکی ئیسلام بوون، لەدێر زەمانەوە لە سایەی حوکمیَ ئیسلامدا وجودو قەوارەو ناسنامەی نەتەوەییان پارێزراو بوو.. بەڵام لەو جۆرە بارودۆخانەشدا بەکارهێناون بۆ زانیاریی مەیدانییەکان وەك

سەرچاوەیەکی پشت پێ بەستراو [١٧]. ئیتر لە قۆناغێکی دواتردا ڕێگە خۆش کەن بۆ شالاوی سەربازیی و بەکارهێنانی لۆژیکی هێزو سەرکوت کردن.

قۆناغی سێیەم: داگیرکردنی ڕۆژهەڵات و بەردەست کردن (تسخیر)ی بۆ شارستانیەتی ڕۆژئاوا..

دەشێت بڵێین تا ئەمڕۆش ئەم سیاسەتە بەردەوامە وێڕای ئەوەی چەند ولاتێکی ڕۆژهەڵات بەڕواڵەت سەربەخۆبن، ئەم قۆناغە لەدوای کودەتای پیشەسازیەوە دەستی پێکرد. چونکە لەو سەردەمەدا پێوەندیی نێوان هەردوو تەوژمی (ئیمپریالیزم) و (ڕۆژهەڵاتناسیی) بەهێز کرابوو، تەنانەت خودی تەوژمە ڕۆژهەڵاتناسییەکە بەڕێگەیەکی مەنتیقیو زانستی دادەنرا بۆ داگیرکردنی خاکی موسڵمانان لە بەشێکی دیاریی ڕۆژهەڵاتدا.. هەر لەو زەمانەشدا ڕۆژهەڵاتناسان بەگشتی بوو بوون بە چەند فەرمانبەرێکی دەزگا هەواڵگریی و جاسوسییەکانی سەر بەهەردوو وەزارەتی (دەرەوە)و کۆلۆنیالەکان (مستعمرات) و، وەك چەند ڕاوێژکارێکی ولاتەکانی خۆیان هەڵس و کەوتیان دەکرد، بەتایبەتیش لەو کاروبارانەدا کە بە چەند هەڵوێستێکی سیاسی بەرانبەر دەوڵەتە ئیسلامییەکان پەیوەست بوون. تەنانەت هەندێك لەو زاناو بیریارە ڕۆژهەڵاتناسانەی دەیانویست وا خۆیان بناسێنن گوایە بەرگری لە فیکرو عەقیدەی ئیسلام دەکەن، یان گوایە لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی لەسەر دەنووسن، کەچی بە پێچەوانەوەو لەژێر پەردەی ئەو ئیدیعاو پڕوپاگاندانەدا ڕۆڵی سیخوڕیی (جاسوسی)یان لە دژی ئیسلام و مەملەکەتەکەی دەگێڕا. هەندێکیشیان هەر لەژێر ئەو پەردەیەدا سەردانی حیجازو شارە پیرۆزەکانی (مەککە- مەدینە)یان دەکرد [١٨].. یەکێك لەوانەش ڕۆژهەڵاتناسی هۆڵەندی (شرووود) بوو، کە بە پۆشاکی ئیسلامخوازیەوە خۆی پیشانی خەڵکی دەداو لە

سەدەی نۆزدەدا سەردانی (مەککە و مەدینە)ی کرد. بەڵام سیخوڕێك بوو لەدژی دەوڵەتی عوسمانی کاری دەکرد.(١٩)

لە قۆناغی سێیەمدا تەواو ئاشکرایە چۆن- ڕۆژهەڵاتناسی- ڕێگەی بۆ ئیمپریالیزم خۆش کردو، تاکو ئەم ڕۆژگارەش لە نەخشەڕیژی سیاسەت و وێناکردنی هەڵوێستەکانیدا، پاڵپشتێکی گەورەی بوو بۆ نموونە: سەرەك وەزیرانی ئەو سەردەمەی بەریتانیا (میستەر- ئایدن) هیچ بڕیارێکی سیاسیی دەربارەی (ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) دەرنەدەکرد، هەتا چەند مامۆستایەکی زانکۆی (ئۆکسفۆرد)ی نەدیبا لەوانەی، کە لەوەو پێش وەك ڕۆژهەڵاتناس کاریان کردبوو، دووایش لە کۆلێجی (زانستە ڕۆژهەڵاتییەکانیئەو زانکۆیە) دەرسیان دەگوتەوە. دیارە هەر (ئایدن)یش ئەو جۆرە شێوازەی بڕیاردانی نەبوو، بەڵکو زۆربەی سیاسەتمەدارو گەورە دەسەڵاتدارەکانی ئەوروپاو ئەمەریکاو ڕووسیاش، هەمان ڕێو شوێنیان دەگرتە بەر (٢٠).

بێگومانی کودەتای پیشەسازیو شۆڕشی فەرەنسی بۆ داگیرکردنی ڕۆژهەڵات، ڕێگەیەکی تری بۆ ئاسان کردوون و زیاتر لەم بڕگەیەی داهاتووی باسەکەماندا تیشکی دەخەینە سەر.

❀❀❀ ❀❀❀

ڕۆژهەڵاتناسیی و "ئیمپریالیزم"

ناپلیۆن لە ساڵی ١٧٩٨زدا هەوڵی داگیرکردنی میسری‌دا، (کانیفا)ش هێرشی کردە سەر (لیبیا). لە هەردوو حاڵەتی دەستدرێژی‌یەکەدا فیکری- ڕۆژهەڵاتناسیی ڕۆڵێکی تەواوی هەبوو لە شاڵاوی درندانەی داگیرکەراندا بۆ سەر خاکی ئیسلام، ئەوەبوو هەریەکە لە (ناپلیۆن) و (کانیفا) چەند بەیاننامەیەکیان بەزمانی عەرەبی بلاوکردەوەو وایان ڕاگەیاند گوایە ئەوان هاتوون بۆسەرخستنی ئیسلام و پاراستنی موسڵمانان لە ستەمی (مەمالیك)و (عوسمانی)یەکان. تەنانەت (ناپلیۆن) لە وتارێکی‌دا بۆ میسری‌یەکان وا خۆی لەقەڵەم دابوو، کە وەك ئیمانداڕێکی ڕاستەقینەیەو ئەو (پاپا)یەشی لەنێو بردوە کە مەسیحی‌یەکانی لەدژی موسڵمانان هاندەدا [٢١].. نوسەرێکی وەك (ریچارد بێرتن) چەندین ڕۆژهەڵاتناسیی وەك: (جرترو دبیل، ڕۆنالد ستۆرز، سانت جۆن فیلبی، ولیەم کیفۆرد بالکریف) بە چەند بەکرێ گیراوێکی ئیمپریالیزم دادەنێت [٢٢]. بەڵام خودی (بیرتن)یش لە زۆربەی گەشت و دیراسەو نوسینەکانی‌دا خزمەتێکی گەورەی پێشکەش بە ئەوروپی‌یەکان کردووە.

(ئیدوارد سعید) لە کتێبە بەناوبانگەکەی خۆیدا (الاستشراق) دەڵێت: (بەشێکی زۆری نیازە تەماعکاریەکانی فەرەنسا لە سێیەکی دوایی‌ی سەدەی نۆزدەدا، لەو ئارەزووە دیارەوە سەرچاوەی گرتبوو، کە قەرەبووی سەرکەوتنی (بروسی) لە ساڵانی (١٨٧٠- ١٨٧١) بکاتەوەو بگاتە ئاستی توانا سەربازی‌یەکانی بەریتانیا. ئەمەش لەو نیازە دێرین و درێژخایەنەی پێشبڕکێی زووی (ئەنگلۆ- فەرەنسی)یەوە بۆیان مابووەوە، تاکو فەرنسی‌یەکان نمایشی تارمایی‌یەکی بەریتانی بکەن، چونکە سووربون لەسەر ئەوەی، کە لەهەر بووارو

لایەنێکی پەیوەست بە (شارەزایی‌یەوە لەسەر ڕۆژهەڵات) بگەنە ئاستی ئینگلیزەکان [٢٣].

دیارە هەر تەنیا فەرەنساو بەریتانیاش بایەخیان بە چالاکی‌یە ڕۆژهەڵاتناسی‌یەکان نەداوە، بەڵکو چەندین دەوڵەتی تری ئەوروپا بەپلەی جیاوازو بەگوێرەی بەرژەوەندی‌یە نادروستە کۆلۆنیالیستی‌یەکانیان بایەخیان بەم بواره داوە. هەڵبەتە وڵاتانی ڕۆژئاوا بە پلەی یەکەم لە کاتێکی زوترەوە دەستیان پێکردووە. بەڵام- ئەڵمانیا- هێندەی فەرەنسا یان ئیتالیا بایەخی بە لێکۆڵینەوە ڕۆژهەڵاتناسی‌یەکان نەداوە. لەدوا قۆناغیشدا هەموو وڵاتە ئەوروپی‌یەکان بەشداریی مەیدانی ڕۆژهەڵاتناسیی بوون و مونافەسەی یەکتریان تیادا کردووە. ئەمەش نەك بۆ سەرخستن و بەجێ گەیاندنی هەقێك، بەڵکو بۆ پەیداکردنی زۆرترین دەسکەوت لە ڕۆژهەڵاتەوە. هەر لە قۆناغی سێیەمیشدا (ڕۆژهەڵاتناسیی ئەمەریکا) دەرکەوتووە ئەگەر چی هەر دڕێزبوونەوەیەکی ڕۆژهەڵاتناسی‌ی بەریتانیاو فەرنسا بووە، بەڵام بەرەو ڕەوتێکی داگیرکاریی هەنگاوی ناوەو لەم ڕووەشەوە پێشبڕکێی لەگەڵ ئەوروپی‌یەکاندا کردووە.

ئەمریکا هەرچەندە لە سەدەی بیستەمدا بەشێوەیەکی زیاتر توانی نیازە ڕۆژهەڵاتناسی‌یەکانی بەدی بێنێت ، بەڵام لە یەکەمین کۆبونەوەی ساڵانەی (کۆمیسۆنی ئەمەریکی تایبەت بە ڕۆژهەڵات) لە ساڵی (١٨٤٣ز)دا سەرۆکی کۆمیسۆنەکە ئاماژەی بۆ (زەرورەتی چالاکی ڕۆژهەڵاتناسیی ئەمەریکا) کردووەو، داوای پەرەوکردنی تیۆری ڕۆژهەڵاتناسینی کردووە. هەروەها لە ڕاپۆرتێکی تایبەت بە چالاکی‌ی ڕۆژهەڵاتناسیی ئەمەریکی‌دا هاتووە، کە ئەم سیاسەتە (واتە ڕۆژهەڵاتناسیی) بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی (ئەمنی قەومی) [٢٤]. کارێکی یەکجار پێویستە. لە لایەکی ترەوە، سەرباری ئەوەی (ئەوروپاو ئەمەریکا) بە گشتی بەشی (شێر)- حصە الاسد- یان لە پیادەکردنی ئەو

سیاسەتەدا بەرکەوتبێت، بەڵام جۆرێک لە (ڕۆژهەڵاتناسی)ی دەوڵەتە گەورەکانی ڕۆژهەڵاتیش لە قۆناغی سێیەمدا دەرکەوتبوو، وەک (ڕووسیا) کە هەمان تەوژم و تیۆری لە چەند ئامانجێکی ستراتیژیدا تەبەننی کردبوو. چونکە (ڕۆژهەڵاتناسی)ی ڕووسی ڕۆڵێکی نالەباری گێڕاوە لە یارمەتی دانی جوولەکەو بزاڤی زایۆنیستیدا، تا وردە وردە خۆیان بخزێننە نێو خاکی فەلەستینەوەو دەوڵەتێکی یەهودیی لەناو جەرگەی جیهانی ئیسلامیو نیشتمانی عەرەبدا دامەزرێنن. ئەوە بوو لە ساڵی (١٨٥٢ز)دا حکومەتی (قەیسەری ڕووسی) لیژنەیەکی لە (ڕۆژهەڵاتناسان و لە پسپۆڕانی کاروباری عەرەبیو ئیسلامی) پێک هێنا، کە لە نێویاندا چەندین ڕەگەز پەرستی جوولەکەی تێدا بوو وەیەکەم نیازی ئەو لیژنەیەش دابین کردنی چەند کەرەسەو پێداویستیەک بوو بە مەبەستی بونیادنانی چەند خانوویەک بۆ ئەو جولەکانەی، کە لە (ڕووسیا)وە بۆ فەلەستین کۆچیان کردبوو، جگە لە کردنەوەی چەندین نەخۆشخانە بۆ نەخۆشەکانیان و لەژێر سەرپەرشتی ئەو (نێردە دیبلۆماسییە)ی، کە لەشاری (قودس)دا مەڵبەندی چالاکیان کردبووەوە بەبیانوی سەرپەرشتی کردنی کێشەی خۆیان و کێشەکانی ئەو مەسیحیانەی کە لەسەر مەزهەبی خۆیان (واتە ئەرسەدۆکسی ڕووسی) بوون. لە ساڵی (١٨٣٤ز)یشدا ڕووسیا وەفدێکی لە ئەندامانی ئەو دەستەیە بەنهێنی نارد بۆ (فەلەستین)، تاکو ئامێڕو شت ومەکی تەواو لەکاری بنیات نانی پەناگەو بنکەی تەندروستیو شوێنی حەوانەوەی ئەو جولەکانەی لە سەرانسەری دنیاوە دەهاتن بۆ سەردانی (مبکی)ی بیت المقدس دابین بکەن. ساڵی (١٨٨٢ز)یش ئەم لیژنەیە بووە بە کۆمەڵە (جمعیە)یەکی سەربەخۆ. جێی باسیشە لە ساڵی ١٩٧٢ز ئەم کۆمەڵەیە بەبۆنەی تێپەڕبوونی نەوەد ساڵ بەسەر دامەزراندنیدا، ئاهەنگێکی لە پەیمانگای لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتناسیی لە (مۆسکۆ) گێڕا، کە سەر بەر ئەکادیمیای زانستەکانەو ئاهەنگەکەش لە ڕۆژی (١ی/مانگی مایسی) ئەو ساڵەدابوو کە تیایدا

ڕۆژهەڵاتناسیی ڕووسی (س. ل تیخیفنسکی) وتەی سەرۆکی کۆمەڵەی خوێندەوەو تیایدا ووتی: (بێگومان کۆمەڵەی (ڕۆژهەڵاتناسیی- ڕووسی بەشداریەکی کاریگەری هەبووە لە هێنانە کایەو دروست کردنی نیشتمانێکی نەتەوەیی یەهوودی لە فەلەستیندا) [٢٥]. پاشان ڕاپۆرتێکی درێژی لەسەر کارو چالاکیو دەست کەوتەکانی نەوەد ساڵی ڕابوردوی کۆمەڵەکەیان بۆ ئامادەبوان خوێندەوە.

جا هەرچەندە ئەمڕۆ بگوترێت کەوا ئیمپریالیزم لە ئارادا نەماوەو سیاسەتی ئیمپریالیو ڕۆژهەڵاتناسییەکەش چەند سیمایەکی تریان پێ درابێت و خرابنەسەر ڕێڕەوی مەعریفەیەکی ئارایشت کراو و، پاشان چەند بەخششێکی (مرۆیی)و مرۆڤ دۆستانەیان پێوە لکێنرابێت، بەڵام هەرگیز ئەو ڕاستیە تاڵ و حەشا هەڵنەگرانە لەبیر ناکرێن و نابێت ئەو لایەنە زەقە فەرامۆش بکرێت، کە ڕۆژهەڵاتناسان و تەوژمە ڕۆژهەڵاتناسییەکان چ ڕۆڵێکی سلبی و نالەباریان هەبووە لەڕێ خۆشکردندا بۆ داگیرکەران.. بە تایبەتیش کە چەندین ڕۆژهەڵاتناسیان کارگێڕو کارمەندی چالاکی دەزگاکانی موخابەراتی ڕۆژئاوا بوون.. وەك (ئیدوارد سەعید)یش دەڵێت: (بێگومان بەڕاشکاوی دەڵێین، کە (ڕۆژهەڵاتناسیی وەك کردارو وەك مەعریفەیەکی دیار، هاندەری ئەوروپا یان ڕۆژئاوابوو بۆ داگیرکردن و دەست بەسەراگرتنی بەشێکی زۆری خاکی ڕۆژهەڵات، چونکە قۆناغی ئەو پێشکەوتنە گەورەیە لە دەزگاکانی ڕۆژهەڵاتناسییدا هاوزەمانی ئەو پەلهاویشتنە فراوانە بێ نمونەیەی ئەوروپا بوو. بۆ نموونە تەنها لە ساڵی (١٨١٥ز تا ١٩١٤ز) ڕکێفی کۆلۆنیالیستی ڕاستەوخۆی ئەوروپا لە ڕێژەی ٣٥٪وە گەیشتە نزیکەی ٨٥٪ی خاکی ڕۆژهەڵات. ئەم پەلهاویشتنە فراوانە تەماعکاریەش هەردوو کەرت (قارە)ی ئاسیاو ئەفریقیای گرتەوە [٢٦].. کەوابوو لە پشت (ڕۆژهەڵاتناسی)یەوە نیازە کۆلۆنیالیستیو

سیاسی و عەسکەرتاریەکان، نەک تویژینەوەی زانستیانەو خزمەتی ئامانجە
مرۆیی یەکان حەشار دراون. هەر بۆیەش دوای گەشت و گەڕان و
تویژینەوەکانی رۆژهەلاتناسان قۆناغێکی ئاشکرای هێرشی سەربازیی بۆ
داگیرکردنی خاکی موسڵمانان لە رۆژهەلاتدا دەست پێ دەکات. پەیوەندیەکی
بەتینیش لە نێوان (سیاسەت و تەوژمی رۆژهەلاتناسیی)دا هەبووە (ئیدوارد
سعید)یش لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (الاستشراق) باسی ئەو پەیوەندیانەی
کردوە، کە گەورەترین گرێمان بۆ بە کارهێنانی فیکرە دەرهاوێژراوەکانی تایبەت
بە رۆژهەلات بەنیازە سیاسیی‌یەکانەوە بەند بووە.. ئەمەش بەڕای (ئیدوارد
سعید) زۆر گرنگ و حەساسە، هەروەک لە لاپەڕە ١٢١ی کتێبەکەیدا ئاماژەی
پێکردوە. لێرەشدا بۆ نمونە ئاماژە بۆ هەندێک لەو رۆژهەلاتناسانە دەکەین کە
تۆڵینەوەکانیان خستۆتە خزمەتی نیازە ئیمپریالی و داگیرکاریەکانەوە وەک (٢٧

- (کارل هینریش بیکەر) کە دامەزرێنەری گۆڤاری ئەڵمانی (ئیسلام)
و چەندین دیراسەو لێکۆڵینەوەی بە مەبەستی بەدی هێنانی نیازە
لیەکان لە ئەفریقادا تیادا توسراوە.

(بارتۆلد) ئەویش دامەزرێنەری گۆڤارێک بوو بۆ ئەو مەبەستەو هەر
(ئیسلام)و بە زمانی ڕووسیش بڵاو کراوەتەوە و، چەند بابەتێکی بۆ
گەیاندن بە بەرژەوەندی‌یەکانی ڕووسیا لە ناوچەی ئاسیای ناوەڕاستدا

ئینسدی کە لە ساڵی (١٨٨٢ز) بەناوێکی
ووە بۆ مەککەو تەنها شەش مانگیش ماوەتەوە،
ی بۆ ئیمپریالیستەکان لەسەر (رۆژهەلاتی
ەو بەریش (١٧) ساڵ لە (جاوە) ژیاوە.

٤- پەیمانگەی زمانە رۆژهەڵاتیەکان لە پاریس و کاری سەرجەم رۆژهەڵاتناسەکانی، کە سالی (١٨٨٥ز) دایان مەزراندووە پەیداکردن و گردکردنەوەی چەندین زانیاریی لە سەر وڵاتانی رۆژهەڵات و ناوچەی (رۆژهەڵاتی نزیك) بووە، تاکو زەمینە بۆ سوپاکانیان خۆش کەن. وەك (د. فەرهاد پیربال)یش دەڵێت (داگیرکردنی میسر لەلایەن ناپلیۆن بۆناپارت لە سالی (١٧٩٨ز-١٨٠١ز)و پاشان داگیرکردنی جەزائیر لە سەردەمی (لویس فیلیپ)دا لە سالانی (١٨٣٠- ١٨٤٨)، ئەم دوو ڕوداوە پێویستیی دەوڵەتی فەرەنسای بە وەرگێڕو زمانزانان و ڕۆژهەڵاتناسان زیاتر کردووە، هەروەها هانی دەوڵەتی فەرنسایدا کە بیر لە داگیرکردنی وڵاتانی وەك دەوڵەتی عوسمانی ئێرانیش بکاتەوە)[٢٨].

٥- (پیێر ئامێدی ژووبێرت)- (١٧٧٩- ١٨٤٧) دیبلۆماتێکی ناودار فەرەنسی‌یەو کەوڕە پارێزەرێکی ناودارو، قوتابخانەی زمانی ڕۆژهەڵاتیەکان لە پاریس و، موتەرجیمی ناپلیۆن بوو لە کاتی داگیرکی میسر لە سالی (١٨٠٤)دا، (ناپلیۆن) بە وەفدێك دەینێرێت بۆلای شای ئ[٢٩].

٦- (فاردینبێرگ) نەیدەتوانی نکۆلی لە ڕۆڵی چەواشەکا ڕۆژهەڵاتناسان و پەیوەست بوونیان بەڕێنمایی داگیرکەرانەوە بکات. ١٨٧٣)ش لە یەکەمین کۆنگرەی ڕۆژهەڵاتناساندا تۆیژەرەوەکان هە پێویستی ناسینی یەکتر دەکرد. (سنۆك)یش ڕاستەوخۆ لە دوای دیرا ئیسلام و تۆیژینەوەکانی ئەو بواره دەبێتە ڕاوێژکاری حکومەتی هۆ کاروباری ئیداری کۆلۆنیال (مستعمرە)ی موسڵمان نشینەکانی (ئیند[٣٠].

٧- (ماکدۆنالد و ماسینیۆن)یش لەسەر ئاستێکی بالاّ لەلایەن ئیدارە داگیرکاریەکانەوە ڕاوێژیان لەگەڵدا دەکراو بەو پێوادانگەی دوو پسپۆرو شارەزای بارودۆخی جیهانی ئیسلامیین لە (باکوری ئەفریقا)وە تاکو (پاکستان)، هەروەك (فاردنبیرگ)یش دەڵێت: (بەڵام بەکورتەیەکی زیادە ڕۆیی‌یەوە ئەو پێنج تۆێژەرەوەیە لە کاتێکی دیاری کراودا دیدو بۆچوونێکی وەهایان لەسەر ئیسلام دارشتووە، کە کاریگەریەکی فراوانی لەسەر هەموو وەندە حکومی‌یەکانی جیهانی ڕۆژئاوا هەبووە) (٣١).

پێوەندیی "ڕۆژهەڵاتناسیی" بە "ئیمپریالیزم"ەوە، ئاتاجی بە چەندین ۆڵینەوە هەیە، هەر لەسەردەمی پێش هێرشەکانی (ناپلیۆن) و(کانیفا) و فیکری (ڕۆژهەڵاتناسیی) لە هەردوو هەڵمەتەکەی بەریتانیاو فەرەنسادا بۆ ەڵاتانی عەرەبی و کوردستان وباکوری ئەفریقاو ڕۆژئاوای ئاسیاش کی دیاری هەبوو لەو هەنگاوە ئیعلامیانەدا، کە گەلانی ڕۆژهەڵاتی یان پێ چاو بەست دەکرد. کاتێ ڕۆژهەڵاتناسانیش زۆربەی ڕاستی و ەکانیان شاردۆتەوەو ڕووالەتی ڕۆژهەڵاتیان بێ شێواندووەو گەلانی سیان بەنەفام ودواکەوتوو ولاواز وەسف کردووە، هەر ئەوەش ێ تەواو بووە لە بنج داکوتانی نیازە نابەجێکانی داگیرکاریدا.. مادام ڕۆژهەڵات ئینتیمای بۆ ڕەگەزێکی حوکم کراو هەبێت، ئەوا هەر کم بکرێت. بەم بۆچوونە ترسناکە مافی حوکم داری ڕۆژهەڵاتیان بە سوو. لای ئەوان ڕۆژهەڵات بەهەموو گەلان ونەتەوەکانی‌یەوە ی گەورەی دواکەوتوو داڕوخاو و ناشارستانی بووەو شیان بەکەم عەقڵ وبێ سەلیقە لەقەڵەم داوە. ئیدی بە دەمامکی چارەسازی وبنبڕکردنی گرفت ومەینەتیی خولقێنراوی چەند ڕە ئیمپریالیستیە کانیان بەڕەو خاکی ئەو گەلانە ڕەوانە کردووە..

بەڵام لەپێش هەر شتێکی تردا (ئارەزوی- خاکەکەیان) کردووەو،
سەرئەنجامیش نیازیان ڕیشە کێشکردنی ئەوەی بە (ئیمپراتۆریەتی عوسمانی)
ناوەبرا، بووە، لە دیراسە سەرەتاییەکانی پێش قۆناغی داگیرکردن وهەڵمەتە
عەسکەریەکانیان دا، هەوڵی کەم کردنەوەی فیکرو شارستانیەتی ئیسلامیان
دەدا، بەڵام بیریارو زانایانی موسڵمانی ڕۆژهەڵات لە زۆر ڕووی زانستیەوە،
بەرپەرچیان دەدانەوە، هەموو گومان وبۆچوونێکی ناڕاستیان پوچەڵ
دەکردەوە، چونکە دەیانزانی ڕۆژئاوا بەتەمای ئەنجام دانی چ پیلانێکی
ژەهراوییە... ڕۆژهەڵاتناسانی ئەڵقە لە گوێی دام ودەزگا جاسوسی
وتەبشیریەکان هەمیشە تەقەڵایان بۆ ئەوە دەدا، کە عەقیدەی ئیسلام وبیروباوەڕ
شوێن کەوتوانی وبەڵگە نەویستەیەکانی- غیبیات- وکارە عیبادی وبەندایەتی
وخوا پەرستیەکانیان لەنێو بەرن، یان ئەو قسەو قسەڵۆکە سەیرو سەمەرانەیان
هزری موسڵمانانداا جێگیر کەن، کە گوایە محمد (ﷺ) وەک سەدان پاڵەوانی
لە ڕۆژهەڵاتدا تەنها پاڵەوانێکی مێژوو بووە (نەک پێغەمبەرێک). هەروەها
ڕێبازی (محمد)یش (ﷺ) لەو زنجیرە ڕێبازە مێژووییانەی تروەو هیچ جیاوازی
لەگەڵیاندا نییە، پاشان گوایە قورئانیش تەنها بۆ سەدەی یەکەم وئەو ڕۆژگارە
پێویست بووەو هەموو حوکم ویاساکانیشی دەبێت بگۆڕێت،
گۆڕانکاری وڕیسانی سەردەم دەسکاری بکرێت، هەتا وەک ئەو
شێوێنراوە کەی خۆیانی لێ بێت. لەم سەردەمانەی دوایشدا چەند
فرۆشێکی نێو جیهانی ئیسلامیان بە کرێ گرتبوو (لەوانەی کە
بەڕوناکبیر دادەنا)، یان کە بەڕەچەڵەک مەسیحی وجولەکە بوون تا
ئیمپریالیو تەبشیری وڕۆژهەڵاتناسیەکانیان پێ جێبەجێ بکەن.
دەیان کەسی وەک (طه حسین) و(علي عبدالرزاق) و(ساطع الحص
أمین) وماسۆنیەکانی (ئیتتیحاد وتەرەقی)و چەندین دەروون بە
یەکێکی وەک (طه حسین) لە هەردوو کتێبە کەیدا (الشعر الجاه

الـثقافة في مصر)دا بەڕوونی وبێ پەردە تێڕوانینێکی نامۆ ڕیزپەڕو نادروستی بەرانبەر (ڕۆژهـەڵات / بەگشـتی) و(میسـریش / بەتایـبەتی)دەربـڕیوەو، ویستوویەتی لـە دیدگایـەکی ڕۆژئاوایـیەوە بۆ ڕۆژهـەڵات بڕوانێت. هـەروەها بەتێفکرینـێکی (ڕۆژهەڵاتناسـیانە)وەو بەچـاویلکە دزێوەکـەی ئیمپریالـیزمەوە ڕۆژهـەڵات تـاووتوێ بکـات، پاشـان بـەڕای خـۆی هـەر ڕێبازو بەرنامەیـەك بۆ گەلانی ڕۆژهەڵات هاتبێت بەشتێکی خراپ وشەڕ خوازی لەقەڵەم داوە. ئەمەش مانـای وایە ئاینی ئیسلام کە لەڕۆژهەڵاتدا سەری هەڵداوەو یەکەم جار بەگەلانی ڕۆژهـەڵات گەیەنـراوە، ئـەو لـە چـاویلکە نابینـاکەیدا بەخـراپ وشـەڕ خـوازی بینیوە. بـەڵام هەر بەڕای خۆی هەر بەرنامەو تیۆرێك لەڕۆژئاواوە بۆ ڕۆژهەڵات هاتبێت هـەمووی پـڕ لەخێرو بەرەکـەت وچـاکەخوازی بـووە، تەنانـەت گـەر خراپەیەکیشی تێدا بـوو بێت، ئەوا هەر لەو جۆرە چاویلکەیەی (طه حسین)ەوە دەبێت پەسـەند بکرێت. هەر بۆیەش ڕۆژهەڵاتناسێکی تونـدڕەوو دڵ ڕەشی وەك (هامیلتۆن جب) کاتێك دەربـارەی (طـــه حسین)ی نوسیوە، گوتوویە ((ئەو بیرۆکەیـەی کـه "طه حسین" خوازیـاری بوو: ڕزگارکردنی ئەدەبی عەرەبیـیە لە چوارچێوە گشتیـیەئیسلامیەکەی)) [٣٢].

(طـــه حسین) لەسـاڵی (١٩٣٦ز)دا ویستی کلـتووری ئیسلامی عەرەب بە کلـتووریکی ئـەوروپی لەقەڵەم بدات (نەك وەك کلتوریکی ڕۆژهەڵات)، بەوەش هـەوڵی دەدا ناسـنامەیەکی دی بۆ نوخبـەی ڕووناکبیرانی میسری دیاری بکات کە خۆیشی یەکێك بێت لەوان.

تەنانـەت تـا ئەمـڕۆش نوخبـەی ڕوناکـبیرانی عـەرەب سـەرەڕای پـەیدابوونی تەوژمێکی بەهێز بۆ بەرهەڵستیو دژایـەتی ئیمپریالـیزم، کەچی هەندێکیان هەر داکۆکی لەسەر ئەو بیروڕایانەی (طه حسین) وهاوڕێکانی دەکەن. بەڵام نکوڵی

لەو واقیعە گەشەش ناکرێت کە لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەوە جیهانی ئیسلامی، ڕابونێکی شکۆدارو سەرتاپاگیری بەخۆوە بینیوەو بەسەدانەء هەزاران ڕووناکبیرو بیریارو زانای ئیسلامی وسەدان سەرکردەی موسڵمانیش توانیویانە، سنوورێك بۆ هێرشی کلتووری وسیاسی وعەسکەری ڕۆژئاوا دابنێن و، ڕوویەکی ڕاستەقینەی دەرەوشاوەی گەلانی باوەڕداری ڕۆژهەڵات پیشان دەن.

کەوابوو لەبەر ڕۆشنایی ئەم بڕگەیەی لێکۆڵینەوەکەماندا دەشێت مەسەلەی پەلهاویشتنی تەماعکارانەی ڕۆژئاواو سە پاندنی ڕکێف بەسەر ڕۆژهەڵاتدا لەم چەند خاڵەدا پوخت بکەینەوە:

١- ڕۆژئاوا نیشتمانی ڕۆژهەڵاتناسان وپێگەی جموجوڵ وبنکەی پیلان بۆ دانراویان بووە، نەخاسمە فەرەنسا و بەرتانیاو ئەڵمانیاو هۆڵەندا و هەنگاریا، هەندێکی تریشیان لە ئیتالیاو ئیسپانیاوە هاتوون، هەر وەك لە ئەمریکاشەوە دەرکەوتوون وچەند مەڵبەندێکیان تێدا هەبووە .

٢- هیچ حکومەت ودەزگاو کۆمپانیایەك یان هیچ دەزگاو دامەزراوەو کەنیسەیەکیش ڕۆژێ لە ڕۆژان دژێیان لە یارمەتی دانی پرۆسەی ڕۆژهەڵاتناسیدا نەکردووەو، هەمیشە کۆمەکی ماددی ومەعنەویشیان بۆ دەستە بەر کردوون و، چەندین زانکۆو پەیمانگەو ناوەندی پێوەندیدار یان بۆ دامەزراندوون، تا بتوانن سەدان وهەزاران (ڕۆژهەڵاتناس) پێ بگەیەنن.

٣- گومانی تێدا نییە کە بزاڤی ڕۆژهەڵاتناسی، تەنها بۆ خزمەتی ئیمپریالیزم وسەرخستنی پرۆگرامی تەبشیری وسیخوڕی پاوان کراوەو، دواییش خراوەتە خزمەتی بزاڤی زایۆنیزمەوە، کە تاکە ئەندێشەو ئامانجیان لاوازکردنی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی وکۆنترۆڵء دەسەڵات بەسەراگرتنیەتی، سا ئیتر بەهەر میتۆدو شێوازێکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆش بوو بێت.

❋❋❋ ❋❋❋

سیاسی و عەسکەرتاریەکان، نەک تویژینەوەی زانستیانەو خزمەتی ئامانجە مرۆیی یەکان حەشار دراون. هەر بۆیەش دوای گەشت و گەڕان و تویژینەوەکانی ڕۆژهەڵاتناسان قۆناغێکی ئاشکرای هێرشی سەربازیی بۆ داگیرکردنی خاکی موسڵمانان لە ڕۆژهەڵاتدا دەست پێ دەکات. پەیوەندیەکی بەتینیش لە نێوان (سیاسەت و تەوژمی ڕۆژهەڵاتناسیی)دا هەبووە (ئیدوارد سعید)یش لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (الاستشراق) باسی ئەو پەیوەندیانەی کردوە، کە گەورەترین گرێمان بۆ بەکارهێنانی فیکرە دەرهاوێژراوەکانی تایبەت بە ڕۆژهەڵات بەنیازە سیاسییەکانەوە بەند بووە.. ئەمەش بەڕای (ئیدوارد سعید) زۆر گرنگ و حەساسە، هەروەك لە لاپەڕە ١٢١ی کتێبەکەیدا ئاماژەی بۆ کردوە. لێرەشدا بۆ نمونە ئاماژە بۆ هەندێك لەو ڕۆژهەڵاتناسانە دەکەین کە لێکۆڵینەوەکانیان خستۆتە خزمەتی نیازە ئیمپریالی و داگیرکاریەکانەوە وەك [٢٧]

١- (کارل هینریش بیکەر) کە دامەزرێنەری گۆڤاری ئەڵمانی (ئیسلام) بووەو چەندین دیراسەو لێکۆڵینەوەی بە مەبەستی بەدی هێنانی نیازە ئیمپریالیەکان لە ئەفریقادا تیادا نوسراوە.

٢- (بارتۆلد) ئەویش دامەزرێنەری گۆڤارێك بوو بۆ ئەو مەبەستەو هەر بەناوی (ئیسلام)و بە زمانی ڕووسیش بڵاوکراوەتەوە و، چەند بابەتێکی بۆ سوود گەیاندن بە بەرژەوەندیەکانی ڕووسیا لە ناوچەی ئاسیای ناوەڕاستدا تێدا نوسراوە.

٣- (سنۆك هیرگرۆنگ)ی هۆڵندی کە لە ساڵی (١٨٨٢ز) بەناوێکی خواستراوی وەك (عبدالغفار) چووە بۆ مەککەو تەنها شەش مانگیش ماوەتەوە، پاشان گەڕاوەتەوە و ڕاپۆرتێکی بۆ ئیمپریالیستەکان لەسەر (ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی) نووسیوە. ناوبراو لەوەو بەریش (١٧) ساڵ لە (جاوە) ژیاوە.

٤- پەیمانگەی زمانە ڕۆژهەڵاتیەکان لە پاریس و کاری سەرجەم ڕۆژهەڵاتناسەکانی، کە ساڵی (١٨٨٥ز) دایان مەزراندووە پەیداکردن و گردکردنەوەی چەندین زانیاریی لە سەر وڵاتانی ڕۆژهەڵات و ناوچەی (ڕۆژهەڵاتی نزیك) بووە، تاکو زەمینە بۆ سوپاکانیان خۆش کەن. وەك (د. فەرهاد پیربال)یش دەڵێت (داگیرکردنی میسر لەلایەن ناپلیۆن پۆناپارت لە ساڵی (١٧٩٨ز-١٨٠١ز)و پاشان داگیرکردنی جەزائیر لە سەردەمی (لویس فیلیپ)دا لە ساڵانی (١٨٣٠- ١٨٤٨)، ئەم دوو ڕوداوە پێویستیی دەوڵەتی فەرەنسای بە وەرگێڕو زمانزانان و ڕۆژهەڵاتناسان زیاتر کردووە، هەروەها هانی دەوڵەتی فەرنسایدا کە بیر لە داگیرکردنی وڵاتانی وەك دەوڵەتی عوسمانیو ئێرانیش بکاتەوە) [٢٨].

٥- (پیێر ئامێدی ژووبێرت)- (١٧٧٩- ١٨٤٧) دیبلۆماتێکی ناوداری فەرەنسییەو کوڕە پارێزەرێکی ناودارو، قوتابی قوتابخانەی زمانە ڕۆژهەڵاتیەکان لە پاریس و، موتەرجیمی ناپلیۆن بوو لە کاتی داگیرکردنی میسر لە ساڵی (١٨٠٤)دا، (ناپلیۆن) بە وەفدێك دەینێرێت بۆلای شای ئێران [٢٩].

٦- (فاردینبێرگ) نەیدەتوانی نکۆلی لە ڕۆڵی چەواشەکارانەی ڕۆژهەڵاتناسان و پەیوەست بوونیان بەڕێنمایی داگیرکەرانەوە بکات. ساڵی (١٨٧٣)ش لە یەکەمین کۆنگرەی ڕۆژهەڵاتناساندا توێژەرەوەکان هەستیان بە پێویستی ناسینی یەکتر دەکرد. (سنۆك)یش ڕاستەوخۆ لە دوای دیراسەکردنی ئیسلام و توێژینەوەکانی ئەو بواره دەبێتە ڕاوێژکاری حکومەتی هۆڵەندی لە کاروباری ئیداری کۆڵۆنیال (مستعمره)ی موسڵمان نشینەکانی (ئیندۆنیسیا)دا [٣٠].

٧- (ماکدۆنالد و ماسینیۆن)یش لەسەر ئاستێکی بالاّ لەلایەن ئیدارە داگیرکاریی‌یەکانەوە ڕاوێژیان لەگەڵدا دەکراو بەو پێوادانگەی دوو پسپۆڕو شارەزای بارودۆخی جیهانی ئیسلامیین لە (باکوری ئەفەریقا)وە تاکو (پاکستان)، هەروەك (فاردنبیرگ)یش دەڵێت: (بەڵام بەکورتەیەکی زیادە ڕۆیی‌یەوە ئەو پێنج تۆیژەرەوەیە لە کاتێکی دیاری کراودا دیدو بۆ چونێکی وەهایان لە سەر ئیسلام دارشتووە، کە کاریگەریەکی فراوانی لەسەر هەموو ناوەندە حکومی‌یەکانی جیهانی ڕۆژئاوا هەبووە) (٣١).

پێوەندیی "ڕۆژهەڵاتناسیی" بە "ئیمپریالیزم"ەوە، ئاتاجی بە چەندین لێکۆڵینەوە هەیە، هەر لەسەردەمی پێش هێرشەکانی (ناپلیۆن) و(کانیفا) و ئیتالیەکانەوە، تا سەردەمی دوای جەنگە جیهانی‌یەکانی سەدەی بیست. ئەوە بوو فیکری (ڕۆژهەڵاتناسیی) لە هەردوو هەڵمەتەکەی بەریتانیاو فەرەنسادا بۆ سەر وڵاتانی عەرەبی وکوردستان وباکوری ئەفریقاو ڕۆژئاوای ئاسیاش ڕۆڵێکی دیاری هەبوو لەو هەنگاوە ئیعلامیانەدا، کە گەلانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیان پێ چاو بەست دەکرد. کاتێ ڕۆژهەڵاتناسانیش زۆربەی ڕاستی و لایەنە چاکەکانیان شاردۆتەوەو ڕووالەتی ڕۆژهەڵاتیان پێ شێواندووەو گەلانی ڕۆژهەڵاتیان بەنەفام ودواکەوتوو ولاواز وەسف کردووە، هەر ئەوەش هاندەرێکی تەواو بووە لە بنج داکوتانی نیازە نابەجێکانی داگیرکاریدا.. مادام لای ئەوان ڕۆژهەڵات ئینتیمای بۆ ڕەگەزێکی حوکم کراو هەبێت، ئەوا هەر دەبێت حوکم بکرێت. بەم بۆچوونە ترسناکە مافی حوکم داری ڕۆژهەڵاتیان بە خۆیان دابوو. لای ئەوان ڕۆژهەڵات بەهەموو گەلان ونەتەوەکانی‌یەوە ناوچەیەکی گەورەی دواکەوتوو داڕوخاو و ناشارستانی بووەو دانیشتوانەکەشیان بەکەم عەقڵ وبێ سەلیقە لەقەڵەم داوە. ئیدی بە دەمامکی خێرخوازی و چارەسازی وبێبەرکردنی گرفت ومەینەتیی خولقێنراوی چەند گەلێکەوە، هێزە ئیمپریالیستیەکانیان بەرەو خاکی ئەو گەلانە ڕەوانە کردووە..

بەڵام لەپێش هەر شتێکی تردا (ئارەزوی- خاکەکەیان) کردووەو، سەرئەنجامیش نیازیان ڕیشەکێشکردنی ئەوەی بە (ئیمپراتۆریەتی عوسمانی) ناوەبرا، بووە، لە دیراسە سەرەتاییەکانی پێش قۆناغی داگیرکردن وهەڵمەتە عەسکەریەکانیان دا، هەوڵی کەم کردنەوەی فیکرو شارستانیەتی ئیسلامیان دەدا، بەڵام بیریارو زانایانی موسڵمانی ڕۆژهەڵات لە زۆر ڕووی زانستیەوە، بەرپەرچەیان دەدانەوە، هەموو گومان وبۆچوونێکی نا ڕاستیان پوچەڵ دەکردەوە، چونکە دەیانزانی ڕۆژئاوا بەتەمای ئەنجام دانی چ پیلانێکی ژەهراویەیە... ڕۆژهەڵاتناسانی ئەڵقە لەگوێی دام وددەزگا جاسوسی وتەبشیریەکان هەمیشە تەقەڵایان بۆ ئەوە دەدا، کە عەقیدەی ئیسلام وبیروباوەڕی شوێن کەوتوانی وبەڵگە نەویستیەکانی- غیبیات- وکارە عیبادی وبەندایەتی وخوا پەرستیەکانیان لەنێو بەرن، یان ئەو قسەو قسەڵۆکە سەیرو سەمەرانەیان لە هزری موسڵمانەکاندا جێگیر کەن، کە گوایە محمد (ﷺ) وەک سەدان پاڵەوانی تر لە ڕۆژهەڵاتدا تەنها پاڵەوانێکی میژوو بووە (نەک پێغەمبەرێک). هەروەها گوایە ڕێبازی (محمد)یش (ﷺ) لەو زنجیرە ڕێبازە میژوویی‌یانەی تردو هیچ جیاوازیەکی لەگەڵیاندا نیەیە، پاشان گوایە قورئانیش تەنها بۆ سەدەی یەکەم وئەو ڕۆژگارە پێویست بووەو هەموو حوکم وپاساکانیشی دەبێت بگۆڕرێت، بەپێی گۆڕانکاری وژیانی سەردەم دەستکاری بکرێت، هەتا وەک ئینجیلە شێوێنراوەکەی خۆیانی لێ بێت. لەم سەردەمانەی دوایشدا چەند قەڵەم فرۆشێکی نێو جیهانی ئیسلامیان بەکرێ گرتبوو (لەوانەی کە خۆیان بەڕوناکبیر دادەنا)، یان کە بەڕەچەڵەک مەسیحی وجولەکە بوون تاکو مەرامە ئیمپریالی‌و تەبشیری وڕۆژهەڵاتناسی‌یەکانیان پێ جێبەجێ بکەن.. بەتایبەتیش دەیان کەسی وەک (طه حسين) و(علي عبدالرزاق) و(ساطع الحصري) و(قاسم أمين) وماسۆنی‌یەکانی (ئیتتیحاد وتەرەقی)و چەندین دەروون بەزیوی تریان.. یەکێکی وەک (طه حسين) لە هەردوو کتێبەکەیدا (الشعر الجاهلي) و(مستقبل

الـثقافة في مصر)دا بەڕوونی وبێ پەردە تێڕوانینێکی نامۆو ڕیزپەڕو نادروستی بەرانـبەر (ڕۆژهـەلات / بەگشـتی) و(میسـریش / بەتایـبەتی)دەربـڕیوەو، ویستوویەتی لـە دیدگایـەکی ڕۆژئاواییەوە بۆ ڕۆژهـەلات بڕوانێـت. هـەروەها بەتێفکرینـێکی (ڕۆژهەلاتناسـیانە)وەو بەچـاویلکە دزێوەکـەی ئیمپریالـیزمەوە ڕۆژهـەلات تـاووتوێ بکـات، پاشـان بەڕای خـۆی هـەر ڕێـبازو بەرنامەیـەك بۆ گەلانی ڕۆژهەلات هاتبێت بەشتێکی خراپ وشەڕ خوازی لەقەڵەم داوە. ئەمەش مانـای وایە ئایینی ئیسلام کە لەڕۆژهەلاتدا سەری هەڵداوەو یەکەم جار بەگەلانی ڕۆژهـەلات گەیەنـراوە، ئـەو لـە چـاویلکە نابیناکەیدا بەخـراپ وشـەڕ خـوازی بینیوە. بـەڵام هەر بەڕای خۆی هەر بەرنامەو تیۆرێك لەڕۆژئاواوە بۆ ڕۆژهەلات هاتبێـت هـەمووی پڕ لەخێرو بەرەکـەت وچـاکەخوازی بـووە، تەنانـەت گـەر خراپەیەکیشی تێدا بوو بێت، ئەوا هەر لەو جۆرە چاویلکەیەی (طه حسین)ەوە دەبێـت پەسـەند بکرێـت. هەر بۆیەش ڕۆژهەلاتناسێکی تونديڕەوو دڵ ڕەشی وەك (هامیلتۆن جـب) کاتێك دەربـارەی (طــه حسین)ی نوسیوە، گوتوویە ((ئەو بیرۆکەیـەی کـە "طه حسین" خوازیـاری بوو: ڕزگارکردنی ئەدەبی عەرەبیی لە چوارچێوە گشتییە ئیسلامیەکەی)) (٣٢).

(طــه حسین) لەسـاڵی (١٩٣٦ز)دا ویستی کلـتووری ئیسلامی عەرەب بە کلـتووریکی ئـەوروپی لەقەڵەم بدات (نەك وەك کلتوریکی ڕۆژهەلات)، بەوەش هـەوڵی دەدا ناسنامەیەکی دی بۆ نوخبەی ڕووناکبیرانی میسری دیاری بکات کە خۆیشی یەکێك بێت لەوان.

تەنانـەت تـا ئەمـڕۆش نوخـبەی ڕوناکـبیرانی عـەرەب سـەرەڕای پـەیدابوونی تەوژمـێکی بەهـێز بۆ بەرهەڵستیو دژایـەتی ئیمپریالـیزم، کەچی هەندێکیان هەر داکۆکی لەسەر ئەو بیروڕایانەی (طه حسین) وهاوڕێکانی دەکەن. بەڵام نکوڵی

لەو واقیعە گەشەش ناکرێت کە لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەوە جیهانی ئیسلامی، ڕابونێکی شکۆدارو سەرتاپاگیری بەخۆوە بینیوەو بەسەدانء هەزاران ڕووناکبیرو بیریارو زانای ئیسلامی وسەدان سەرکردەی موسڵمانیش توانیویانە، سنووربڵك بۆ هێرشی کلتووری وسیاسی وعەسکەری ڕۆژئاوا دابنێن و، ڕوویەکی ڕاستەقینەی درەوشاوەی گەلانی باوەڕداری ڕۆژهەڵات پیشان دەن.

کەوابوو لەبەر ڕۆشنایی ئەم برگەیەی ئێکۆلینەوەکەماندا دەشێت مەسەلەی پەلهاویشتنی تەماعکارانەی ڕۆژئاواو سە پاندنی ڕکێف بەسەر ڕۆژهەڵاتدا لەم چەند خاڵەدا پوخت بکەینەوە:

١- ڕۆژئاوا نیشتمانی ڕۆژهەڵاتناسان وپێگەی جموجوڵ وبنکەی پیلان بۆ دانراویان بووە، نەخاسمە فەرەنساو بەرتانیاو ئەڵمانیاو هۆڵەندا و هەنگاریا، هەندێکی تریشیان لە ئیتالیاو ئیسپانیاوە هاتوون، هەر وەك لە ئەمریکاشەوە دەرکەوتوون وچەند مەڵبەندێکیان تێدا هەبووە.

٢- هیچ حکومەت ودەزگاو کۆمپانیایەك یان هیچ دەزگاو دامەزراوەو کەنیسەیەکیش ڕۆژئ لە ڕۆژان دژێغیان لە یارمەتی دانی پڕۆسەی ڕۆژهەڵاتناسیدا نەکردووەو، هەمیشە کۆمەکی ماددی ومەعنەویشیان بۆ دەستە بەر کردوون و، چەندین زانکۆو پەیمانگەو ناوەندی پێوەندیدار یان بۆ دامەزراندوون، تا بتوانن سەدان وهەزاران (ڕۆژهەڵاتناس) پێ بگەیەنن.

٣- گومانی تێدا نیە کە بزاڤی ڕۆژهەڵاتناسی، تەنها بۆ خزمەتی ئیمپریالیزم وسەرخستنی پڕۆگرامی تەبشیری وسیخوڕی پاوان کراوەو، دواییش خراوەتە خزمەتی بزاڤی زایۆنیزمەوە، کە تاکە ئەندێشەو ئامانجیان لاوازکردنی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی وکۆنترۆڵء دەسەڵات بەسەراگرتنیەتی، سا ئیتر بەهەر میتۆدو شێوازێکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆش بوو بێت.

❋❋❋ ❋❋❋

ڕۆژهەڵاتناسیی و زایۆنیزم

لەمێژووی پڕ لە غەدرو خیانەتی پرۆسەی ڕۆژهەڵاتناسی‌دا، ناوی دەیان وبگرە سەدان کەسیش بەدی دەکرێت لەوانەی کە ڕەچەڵەکێکی یەهوودی‌یان هەبووە، یان بەئاشکرا یەهوودی بوون. هەر کەسێکیش بەوردی لە ژیان وکەسێتیان بکۆڵێتەوەو دۆسیەی نیازو ڕەفتارەکانیان هەڵداتەوە بەڕوونی بۆی دەردەکەوێت کە زۆربەیان (زمانی عەرەبی)، یان زمانی گەلە موسڵمانەکانی تریان زانیوە. چونکە زانینی زمان وشارەزا بوون لە ئەدەبیات وفەرهەنگیان، گەلێك پێویست بووە بۆ ئەو کەسەی ئەرکەکەی بێ سپێرراوە بۆ زیان گەیاندن بەو میللەتە موسڵمانانەو شێواندنی عەقیدەیان.

لەم بڕگەیەشدا بەکورتی ئاماژە بۆ دیارترین وناسراوترینی ئەو ڕۆژهەڵاتناسە یەهوودیانە [٣٣] دەکەین وهەوڵ دەدەین لە (ڕۆژهەڵاتناسی جولەکەو زایۆنیزمیش) بکۆڵینەوە..

١- ئەجنەتس گۆڵدسیهەر: (١٨٥٠- ١٩٢١ز): ڕۆژهەڵاتناسێکی جولەکەی مەجەری (واتە هەنگاری بووە). لەشاری (بۆدابست) خوێندوویەو پاشان ساڵی (١٩٦٩ز) چووە بۆ (بەرلین). دوای ساڵێك وازی لەوێ هێناوەو چووە بۆ (ییێیستك)و لەلای (فیشەر)[٣٤] خوێندوویەتی. (گۆڵدسیهەر) بەهەوڵ وتەقەلاو ڕێنماییەکانی ئەم مامۆستایەی (واتە فیشەر)، توانیویەتی ساڵی (١٨٧٠ ز) بڕوانامەی دکتۆرا وەرگرێت. (سیهەر)[٣٥].. لەڕووی سیاسیەوە یەکێك بووە لە قوتابیە هەرە دیارو هەڵکەوتووەکانی (هرتزل). هەروەها لە دانیشگای ئەزهەریش لە- قاهیرە- شەریعەتی ئیسلامی خوێندووەو خۆی بەبەرگێکی

ئیسلامی‌یەوە پیشان داوە. زمانی عەرەبیشی زانیوەو شارەزایی تێدا پەیدا کردووە. بەڵام بەپەنهانی سەرقالی ئەنجامدانی ئەرکێکی سیخوڕی بووە، ئەمەش بە فەرمانی ڕاستەوخۆی بزووتنەوەی زایۆنیزم. ڕۆڵێکی سەرەکیشی لە دامەزراندنی زانکۆی (عیبری) لەشاری (قودس) لە ساڵی (١٩١٩ز)داو دواتر ڕێخۆشکردن بۆ پرۆژەی نیشتەجێ کردنی جولەکە لە فەلەستیندا هەبووە، ئەم ڕۆژهەڵاتناسە جوولەکەیە چەندین کتێب وڵێکۆڵینەوەو وتاری لەسەر ئیسلام نوسیوە. بەڵام لە ژیانی‌دا بەو کتێبە دیارە ناسراوە، کە بەناوی (تەفسیری قورئان)ەوە نوسیویەتی. گەورەترین هەوڵیشی ئەوەبوو داوای دەکرد سەر لەنوێ پەیکەرە دێرینەکەی ڕەمزی دەوڵەتی بەناو (ئیسرائیل) دابنرێتەوە. کاتێك پێناسەی- ماسۆنی‌یەت- یشی کردووە، گوتوویەتی: (کۆمەڵێکی گەورەیەو پێکهاتەی چەند ڕێبازێکی هەمەجۆرە، کە بۆ یەك ئامانج تێدەکۆشن، ئەویش داڕشتنەوەی پەیکەرە کۆنەکەی هێمای ئیسرائیلە). بەم پێناسەیەش بیروڕای بنچینەیی خۆی وهاوڕێکانی لەسەر ماسۆنی‌یەت بەوە دەردەخات، کە لە وەسف کردنیدا دەڵێت گوایە دەزگایەکی یەهوودی‌یە بەهەموو فیکرو پەیڕەوو پڕۆگرامەوشە نهێنی‌یەکانیشیەوە.

٢- (داڤید سامۆئیل مارجلیۆس)- (١٨٨٠- ١٩٥٩ز): ڕۆژهەڵاتناسێکی جولەکەیەو بەرەگەز خەڵکی شامە. کۆچی کردووە بۆ ئینگلتەراو لە زانکۆی (ئۆکسفۆرد) وەك پرۆفیسۆرێکی دیراساتی ڕۆژهەڵات کاری کردووە، ساڵی (١٩٢٠) کتێبێکی بڵاوکردۆتەوە بەناوی (تفسیر سورة ال عمران علی شرح البیضاوي). لەساڵی (١٩٠٥) یشەوە دەستی کردبوو بەبڵاوکردنەوەی بیروڕا نا دروستەکانی لەسەر ئیسلام، کە کتێبی (محمد ونشأة الإسلام) یەکەم هەوڵی لەو چەشنەی بوو. ساڵی (١٩١١)ش کتێبێکی بەناوی (الإسلام) بڵاوکردۆتەوە. لەم کتێب وڵێکۆڵینەوانەیدا ناخی پڕ لەڕق وکینەی ڕەشی بەتاڵ کردۆتەوە.

کەچی سەیر لەوەدا بوو دەزگای کۆڕی زانیاری عەرەبی (المجمع العلمي العربي) لە دیمەشق بە ئەندامێکی (مراسل) وەریان گرتبوو، واتە وەك یەکێك لە ئەندامە دوورەکان، کە لە دەرەوەی دەزگاکەوە بابەت وڵێکۆڵینەوەیان بۆ دەنوسێت نەك وەك ئەندامی کارای کۆڕی زانیاری بێت. ئەوەی زیاتر لەبارەی (مارجلیۆس)ەوە زانراوە ئەوەیە، کاریگەریەکی زۆرو فیعلی لەسەر (ئینتۆنی ئایدن) هەبووە، کە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیری دەرەوەی بەریتانیا بووە لەو سەردەمەداو، تەنانەت (ئایدن) هەتا ڕەزامەندی ئەم کابرایەی وەر نەگرتایە، هیچ بڕیارێکی نوێی سیاسی لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەرنەدەکرد. (مارجلیۆس)یش وەك (سیهەر) هەر تەنها بایەخی بە مەسەلە ئایینییەکانی ئیسلام نەداوە، بەڵکو پەلی بۆ زمانی عەرەبیش هاویشتووە. بەڵام لەبەر ئەوەی زمانی عەرەبی (زمانی قورئان و شیکاری ئیسلام بووە) هێندە بەتوندی ڕەخنەی بۆ لێنەگیراوەو زیاتر جامی ڕق وکینەی لەسەر شێوە زمانەکانی وئەو هۆزو گەلانەدا قڵپ کردۆتەوە کە قسەیان پێ کردووە.

٣- گۆستاف فۆن گرۆنبۆم (١٩٠٩- ١٩٧٢ز).. ڕۆژهەڵاتناسێکی نەمساییەو لە ئەیلولی (١٩٠٩) لە شاری ڤییەننا لەدایك بووە.. چەند قۆناغێکی خوێندنی لەقوتابخانەو دانیشگاکانی (ڤییەننا)دا تەواو کردووەو دوایی لە زانکۆی (بەرلین)یش خوێندوویەتی. بەڵام کاتێك ئەڵمانیا لەسالی (١٩٣٨)دا ویستی نەمسا بخاتە پاڵ خۆی، (گرۆنبۆم) بەو پێودانگەی، کە لەخێزانێکی یەهوودیبە بەرەو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕۆیشتووە کەچی وێڕای ئەوەش بووە بە (کاسۆلیکی)و ڕەگەزنامەی ئەمریکایی دەست کەوتووەو، پاشان لەزانکۆی (نیویۆرك) لەسالی (١٩٣٨)دا وەك مامۆستا دامەزراوەو، دوای ئەمەش لەسالی (١٩٤٣) چووە بۆ زانکۆی (شیکاگۆ) وسالی (١٩٥٧)یش لەزانکۆکانی (کالیفۆرنیا) و(لۆس ئەنجلوس)دا بووە بە مامۆستاو بەسەرۆکی بەشی دیراساتی ڕۆژهەڵاتی وتا کۆتایی تەمەنی لەو کارەدا

ماوەتەوە. ناوبراو چەندین لێکۆڵینەوەو بابەتی جۆراو جۆری ئەدەبی وفیکری لەسەر شیعرو ئەدەبی عەرەبی هەیە، هەرچەندە خۆی واپیشان داوە گوایە لە شارستانیەتی ئیسلامیدا شارەزایە، بەڵام نەیتوانیوە ڕق وکینەی خۆی بەرانبەر موسڵمانان وئیسلام بشارێتەوە. (گرۆنیۆم) لەگەڵ ڕۆژهەڵاتناسێکی هاوڕێیدا، کە ئەویش جوولەکە بوو وناوی (پۆل کراوس) بوو، لە زانکۆی میسردا بەرپاریان دا، کە ئەو هەواڵە مێژوویی‌یە ناڕاستە بڵاوبکەنەوە، کە گوایە پێغەمبەری خودا (ئەیوب) بە (شیعری عیبری) لەخودا پاڕاوەتەوە. ئەمەش بەو مانایەی گوایە (شیعری عیبری) لە شیعری (جاهیلی)ی پێش ئیسلام کۆنترە، بەم پێیەش بیگەڕێنەوە بۆ سەر ئەو مەبەستە ڕەگەز پەرستی‌یە بنچینەییەیان، کە گوایە (بنو إسرائیل) ڕێزو (فضل)یان لەپێش هەر نەتەوەیەکی ترەوەیە.

٤- (ئەلفرێد گلیۆم)- (١٨٨٨- ١٩٦٥) مامۆستایەکی زمانی عەرەبی بووە لە پەیمانگای دیراساتی (عەرەبی- ئەفریقی) وسەرۆکی فەرمانگەی کاروباری (ڕۆژهەڵاتی دوور) و(ڕۆژهەڵاتی نزیك)یش بووە لە زانکۆی لەندەن، ماوەی هەشت ساڵ (١٩٤٧ تا ١٩٥٥ز) لەو پلەیەدا بووە. خزمەتی سەربازیشی لەنێو ڕیزەکانی سوپای- بەریتانیا- لە- میسردا- کردووە لەکاتی جەنگی یەکەمی جیهانی‌دا. ساڵی (١٩٤٤) لە (زانکۆی ئەمریکی) لە (بەیروت) تا ساڵی (١٩٤٥) خوێندوویەتی، واتە: لەو ماوەیەدا کە سەرکردەکانی بزاڤی زایۆنیستی لە- لوبنان- بوون. (گلیۆم)یش توانیویەتی بیێت بە یەکێك لە ئەندامانی (کۆڕی زانیاری عەرەبی)ی- دیمەشق- لە ساڵی (١٩٤٩) و، پاشان (کۆڕی بەغداش/مجمع بغداد) لە ساڵی (١٩٥٠)دا. پاشان لە ساڵی (١٩٥٥)ەوە تا ساڵی (١٩٥٧) وەك مامۆستایەکی میوان یان وانەبێژ (محاضر) لە فەرمانگەی (زمانی عەرەبی)ی سەر بە دانشگای (برنستۆن)ی ئەمریکادا کاری کردووە. ناوبراو کتێبێکی پڕ لە گومان و توانج وتۆمەتی

لەسەر ئیسلام وموسڵمانان نوسیوە، وەك (تقالید الإسلام) و(النبوّة والكهانة) و(حیاة محمد وتراث الإسلام) و(تأثیر الیهودیة علی الإسلام) وهەندێكیان بۆ زمانەكانی (عەرەبی) و(ئیتالی) و(ئیسپانی) تەرجەمەكراون. هەروەها لە كتێب وبلاوكراوەكانی دەزگای (المعارف الإسلامیه) یان (الموسوعة الإسلامیة) دا گەلێك بوختان وتاوانی داوەتە پاڵ موسڵمانان وویستوویەتی هەموو دیراسەو نوسینەكانی بەمۆرك وفیكرێكی یەهوودی و زایۆنیستیەوە بلاوبكاتەوە. دوای خۆی ڕۆژهەڵاتناسێكی تۆندڕەوی وەك (هامیلتۆن جب) لەبەشی زمانی عەرەبی زانكۆی (ئۆكسفۆرد)دا جێی گرتۆتەوەو كتێبە پڕ لە ڕق ونیازە دوژمنكاریەكانی بۆ پڕكردۆتەوە. بێ گۆمان ئەم چوار ناوەی پێشوو نموونەیەكی بچووكن لەو سەدان نموونەیەی كە بزاڤی (ئیمپریالیزم) و(زایۆنیزم) چ سوودێكیان لە (ڕۆژهەڵاتناسی) وڕۆژهەڵاتناسەكانیان بینیوە. خۆ ئەگەر هەندێك لەو ڕۆژهەڵاتناسە جوولەكانە ڕۆڵێكی نهێنییان نمایش كردبێت لەكاری بەناو ڕۆژهەڵاتناسینیانداو، تەنها لە گۆشەیەكی پەنهانییەوە خزمەتێكی بزاڤی زایۆنیان كردبێت، بەڵام چەندان ڕۆژهەڵاتناسی تری جوولەكە بە ئاشكرا لە پێناوی بەگەڕ خستنی زایۆنیزم وبەدیهێنانی قەوارە ڕەگەزپەرستیەكەیان هەڵسوڕاون ودەوری خۆیان نەشاردۆتەوە. چونكە بە ڕاشكاوی هەموو پسپۆڕی وشارەزاییەكیان لەپێناوی ئاسان كردنی كاری سەركردەكانی بزاڤی زایۆنیستی، بە تایبەتیش لەپێناوی سەركردەی دیاریان (تیۆدۆر هرتزل)دا بووە..

جا لێرەدا بۆ نموونەو بەكورتی ئاماژە بۆ هەندێك لەو ڕۆژهەڵاتناسانەش دەكەین لەگەڵ پوختەیەك لە ژیانیاندا(٣٦):-

١-ولیەم هیلكر(١٨٤٥ - ١٩٣١) قەشەیەكی ئەنگلیكانی بووەو كاربەدەستێكی باڵوێزخانەی بەریتانیا بووە لە (ڤیەننا). ناوبراو لە نێوان ڕێچكەی (زایۆنیزمی یەهوودی) و(زایۆنیزمی غەیرە یەهوودی)دا ئەڵقەیەكی

پەیوەندی بووە لە ئەفریقا، لە باوك ودایکێکی ئەڵمانی سەر بەمەزهەبی (پرۆتستانت) لەدایك بووە. هەمیشە بە ئاشکرا خۆشەویستی وهاوسۆزی بۆ ئەوەی ناوی بە (گەلی دێرینی خودا) دەبرد، دەردەبڕی وبەردەوام لەهاندانی نیشتەجێ کردنی جوولەکەدا بوو لەخاکی فەلەستیندا. بەکردەوەش چووە بۆ فەلەستین بۆ دیراسەکردنی کاری نیشتەجێ کردنی هەمیشەیی جولەکەکان لەو ولاتە ئیسلامیەدا. لەساڵی (١٨٩٤)دا کتێبێکی نوسیوە بەناوی (گێڕانەوەی جوولەکە بۆ فەلەستین) ئەم کتێبەشی دوو ساڵ پێش کتێبەکەی (هرتزل) نوسیوە، کەناوبراو واتە هرتزلی سەرکردەی زایۆنیزم کتێبێکی بەناوی (دەوڵەتی یەهوودی)یەوە نوسیبوو، ساڵی ١٨٨٢ حکومەتی بەریتانیا (هێڵکر)یان بۆ (ئەستانە) ناردووە بۆ دیداری سوڵتانی عوسمانی (عبدالحمیدی دووەم) وگفت وگۆیەك لەگەڵیدا لەمەڕ داگیرکردنی میسر لەلایەن بەریتانیاوە، بەو مەبەستەی قەناعەت بە سوڵتان (عبدالحمید) بکات، کە لەهیچ پەیماننامەیەك لەگەڵ (ئەڵمانیا) و(نەمسا)دا خۆی تێوە نەگلێنێت. هەروەها ئەم ڕۆژهەڵاتناسە لەهەموو نوسینەکانیدا مۆرکێکی سیاسی وئیمپریالیانە لە ئەفکاریدا ڕەنگی داوەتەوە، بەتایبەتیش لەو کتێبەیدا دەربارەی گێڕانەوەی جولەکە بۆ فەلەستین وتێیدا باسی پێشبینییەهەڵبەستراوەکانی نێو (تەورات) و چەند وتەیەکی دروستکراوی پێغەمبەرانی خۆیانی کردووە.

٢-(ئەرمینۆس گامبیری)یش ڕۆژهەڵاتناسێکی جوولەکەو خەڵکی مەجەرستان واتە (هەنگاریا) بووەو هرتزل بۆ دیدارو چاوپێکەوتنی سوڵتانی عوسمانی بەکاری هێناوە، چونکە ناوبراو پەیوەندییەکی تایبەتیی لەگەڵ سوڵتاندا هەبووە. جگە لەوەی شارەزای زمانەکانی ڕۆژهەڵات بووەو لە گەورەترینی فەرمانبەران و داگیرکردنی فەلەستینیان ئاسان کردووە.

٣-(لۆرانس ئۆلیفانت)- (١٨٢٩- ١٨٨٨) لە باشووری ئەفریقا، لە باوك ودایکێکی ئینگلیز لە دایك بووەو، لە دەزگای دیبلۆماسیی بەریتانیدا کاری کردووە. هەروەها پەیامنێرێکی ڕۆژنامەی (تایمز)ی لەندەنی بووە، لەکاتی جەنگی (قرم)دا، کە لەماوەی نێوان ساڵانی (١٨٥٤- ١٨٥٦)دا ڕووی داوەو لەدوای ساڵی (١٨٥٦)ەوە بووەتە ئەندامی پەرلەمانی بەریتانیا. (ئۆلیفانت) یەکێ بووە لەو ڕۆژهەڵاتناس و کەسێتیە ئەوروپاییانەش، کە هاوسۆزیەکی تەواوی لەگەڵ پرۆژەی نیشتەجێ کردنی جوولەکە لەفەلەستیندا هەبووە. بەمەبەستی لێکۆڵینەوەو (مسح)ی زەوی‌و زارەکەی سەردانی فەلەستینی کردووەو لەبارودۆخی کشتوکاڵی ناوچەکەی کۆڵیوەتەوە. یەکێ لە وتەکانیشی ئەوەیە کە گوتوویە: (فەلەستین دەبێت بۆ جوولەکە بێت، عەرەبەکانیش با بچن بۆ بیابان و حوشتر و ئاژەڵەکانیان لەگەڵ خۆیان بەرن، چونکە لەوە زیاتر شایانیان نییە).. لەدوایشدا ناوبراو ژیانی لەشاری (حەیفا)ی فەلەستیندا بەسەر بردووەو کتێبێکی بەناونیشانی (حەیفا- وژیان لە فەلەستینی نوێدا) نوسیوە، لەگەڵ (داڤید بین گۆریۆن)وچەندان ڕۆژهەڵاتناسی جوولەکەو مەسیحی تردا بەشداری کۆنگرەکانی ڕۆژهەڵاتناسانیان کردووە، بەتایبەتی ئەو کۆنگرەیەی لە ژێر دروشمی (مژدەوانی- تبشیر- بەڕۆژهەڵاتناسیەوە وەك تۆڕێنەوەیەکی زانستی و تەرخان کردنی بە پەنهانی لەپێناو بەرژەوەندیەکانی ئیسرائیل و ڕۆژئاوادا) بەسترا.

٤-(پۆڵ کراوس)- (١٩٠٤- ١٩٤٤) لە خێزانێکی جوولەکە لەشاری (پراگ)ی چیکۆسلۆفاکیا لەدایك بووە، کە ئەوسا ئەم وڵاتە بەشێك بوو لە ئیمپراتۆریەتی (نەمسا). ساڵی ١٩٢٢ چووە بۆ (دیراساتی ڕۆژهەڵاتی)ی سەر بە (زانکۆی عەرەبی) لە قودس خوێندوویەتی، هەر لەو ماوەیەشدا فێری زمانی عەرەبی بووە. لەساڵی (١٩٢٧) لە زانکۆی (بەرلین) وەرگیراوەو، تا پلەی (دکتۆرای) بەدەست هێناوە. یەکێك لە مامۆستاکانی کەناوی (یۆلیۆس

ڕۆسکا) بووە، کردوویەتی بەیاریدەدەرێکی خۆی لە پەیمانگای (لێکۆڵینەوەو زانستیی‌یەکان)ی بەرلین لەساڵی (١٩٢٩)دا، تاکو بەوردی سەرقاڵی لێکۆڵینەوەی (کیمیا لەلای موسڵمانەکان) بێت. لەم کارەشدا زیاتر جەختی لەسەر نوسراوەکانی (جابری کوڕی حەیان)ی زانای موسڵمان کە لەسەر (کیمیا) نوسیبوونی کردووە، ساڵی ١٩٣٠ لەم کارە دەبێتەوە، بەڵام دەست بەشێواندن وتێکدانی زانستەکەی (جابری کوڕی حەیان) دەکات وبە ئەفسانەیەکی لە قەڵەم دەدات ودەڵێت (ئەو نوسراوانەی خراونەتە پاڵ جابری کوڕی حەیان لە ڕاستیدا نوسراوی فەیلەسوفە ئیسماعیلیەکان بوون و- جابر- هەر هیچ وجوودێکی نەبووە. بەڵکو تەنها ناوێکی دروستکراوی موسڵمانەکانەو بە فەرمان وئیمام وپێشەواکانیان دەربارەیان نوسیوە). جێی باسیشە ناوبراو (دکتۆرای) لە سەر ڕێبازی (ئیسماعیلی)، کە ڕێبازێکی داتاشراوی جولەکەکانە هێناوە، پەیوەندیەکی بەتینی بە ڕۆژهەڵاتناسە جوولەکە توندڕەوەکانی تری وەك (ماسینیۆن)و (جب)و ئەوانی ترەوە هەبووە، جگە لەوەی پەیوەندیەکی ژێر بە ژێریشی لەگەڵ ڕێکخراوە تیرۆریستەکانی جوولەکەدا هەبووە. بەتایبەتی ڕێکخراوی (شتێرن)ی ڕەگەز پەرست وتیرۆریست لەم بارەیەوە نموونەیەکی لەسەر دێنینەوە..، ئەوە بوو ناوبراو ساڵی ١٩٤٤ز دەچێ بۆ شاری قودس، تاکو پشووی هاوینەی تێدا بەسەر ببات، بەڵام دوای ئەوە کاتێ دەگەڕێتەوە بۆ (میسر) لە سەرەتای ساڵی خوێندن وکرانەوەی قوتابخانەکانەوە وەك کەسێکی زۆر بێ ئارام وڕاڕا دەبینرێت، هۆی ئەمەش تەنها دوای خۆکوشتنەکەی ڕوون دەبێتەوە کەلە خانە(شقە)یەکی گەڕەکی (زەمالك) لە قاهیرەی پایتەختی میسردا دەژیاو لەوێ خۆی کوشتبوو. ئەویش دوای ئەوەی دوو کەسی تیرۆریست لە جوولەکەکانی نێو میسر (لۆرد مۆین)ی وەزیری جێ نشینی بەریتانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) لەمیسردا دەکوژن دوای ئەوەی پۆلیسیش هەردوو بکوژەکە دەستگیر دەکات، ناونیشانی

(کراوس) لە گیرفانی یەکێکیاندا بەدی دەکەن، کە هەموویان سەربە تاقمە تیرۆریستەکەی (شتێرن)ی زایۆنی بوون. دیارە کراوس سەربشک کرابوو لەوەدا کە، یان بەشداری لەو کارە تیرۆریستیەدا بکات، یاخود لە حاڵەتێکی دەرکەوتنی پیاو کوشتنێك داو ئاشکرا بوونیان لەلایەن دەزگاکانی ئاسایش دەست بەجێ پەنا بباتە بەر خۆکوشتن. دیارە لە هەردوو حاڵەتەکەشدا ئەو هەر کوژراوە.

٥-(بەرناد لویس) ئەمەش دکتۆرای لە ڕێبازی (ئیسماعیلی)دا وەرگرتووەو، سەردانی سوریەو لوبنان و میسری کردووەو پەیوەندیەکی زۆری بە ڕۆژهەڵاتناسە زایۆنییەکان وبزاڤە ڕەگەزپەرستیەکەیانەوە بووەو، یەکێکە لە ڕۆژهەڵاتناسە دیارو هاوچەرخەکان، تەنانەت لە هەموو شیان زیاتر دیراسەو لێکۆڵینەوەی لەسەر ئیسلام وموسڵمانان هەبووە. لە بەریتانیاوە چووە بۆ ئەمریکاو لەچەندین زانکۆو پەیمانگەدا، وانەی لەو بوارانەدا گوتووەتەوە. لەگەڵ ئەوەدا جوولەکەیەکی زایۆنی بووەو زۆر خرۆشاو وکار تێکراویش بووە بە بیروباوەڕی (هرتزل)ی سەرکردەیان.

❁❁❁ ❁❁❁

کۆنفرانس وکۆبوونەوە و کۆمەڵەکانی "ڕۆژهەڵاتناسیی"

کۆنفرانس و گردبوونەوەی ڕۆژهەڵاتناسان لە دیارترینی هۆیەکانی ڕێکخستن و ئامرازی تەنسیق و ڕاوێژی نێوانیان بووە، جگە لەپێکهێنانی چەندین کۆڕو کۆمەڵەو ڕێکخراو بۆ دانانی نەخشەو پلان و بەرنامەڕێژی کاروباریان..

لەم ڕووەشەوە چەند نموونەیەك دیاری دەکەین:-

١-یەکەمین کۆنگرەی نەتەوەییانەی ڕۆژهەڵاتناسی، لەساڵی (١٨٧٣)دا بەستراوە بەناوی (کۆنگرەي يەکەمي نێو دەوڵەتي بۆ ڕۆژهەڵاتناسي)[٣٧]. ئەم کۆنگرەیە لەشاری پاریسی پایتەختی فەرەنسا بەستراوەو [٣٨].. دوای ئەوەش بڕیار دراوە ساڵی جارێك وپاشان هەر دوو ساڵ جارێك، یان سێ ساڵ جارێك کۆنگرەیەك بۆ ئەو مەبەستە ببەسترێت [٣٩].

٢-سازکردنی چەندین کۆڕو دیدارو کۆنفرانسی هەرێمی (ئیقلیمی) بۆ پێکگەیشتنی شارەزایان وپسپۆڕانی ئەو بوارە تەرخان دەکران، وەك کۆنگرەی ڕۆژهەڵاتناسانی ئەڵمانیا لەشاری (درسیدن) لەساڵی ١٩٤٩ دا بەسترا [٤٠].

٣-ساڵی (١٧٨٤)یش کۆمەڵەی ئاسیایی (بەنگال) بەسەرپەرشتی قازی (جۆنز)ی سەرۆکی کۆمەڵەکە، کۆبوونەوەی خۆیان بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی، لەسەر ڕۆژهەڵاتناسی وکاری ڕۆژهەڵاتناسان بەست ونزیکەی (٩٠٠) کەس بەشداریی تێدا کردووە [٤١].

٤-لە هەموو کۆنگرەکاندا چەندین دەوڵەت بەڕەسمی یاخود سەدان

ڕۆژهەڵاتناس بەشداریان کردووە، وەك کۆنگرەی یەکەمی نێودەوڵەتیان، کە (٢٥) دەوڵەت بەشداری تێدا کردووەو، لە کۆنفرانسی (ئۆکسفۆرد)یشدا نزیکەی هەزار زاناو بیریار لە هەشتا دانشگاو شەست ونۆ کۆمەڵەی زانستیەوە بەشداریان تێدا کردووە [٤٢].

٥-کۆمەڵەی ئاسیایی لە ساڵی ١٨٢٢ دا لە پاریس دروست کراوەو پاشان دەیان کۆمەڵەی تری لەو شێوەیەیە پێك هێنراون [٤٣].

٦-کۆمەڵەی شاهانەی ئاسیایی لە (بەریتانیاو ئیرلەندە) لەساڵی ١٨٢٣ز دامەزرێنراوە [٤٤].

٧-کۆمەڵەی ڕۆژهەڵاتناسی ئەمریکی، لەساڵی (١٨٤٢ز)دا دامەزرێنراوە [٤٥].

٨-کۆمەڵەی ڕۆژهەڵاتناسی (ئەڵمانی) لە ساڵی (١٨٤٥ز) دامەزرێنراوە [٤٦].

٩-کۆمەڵەی ڕۆژهەڵاتی (ڕوسی) لەساڵی (١٨٨٢ز) دامەزرێنراوەو لەوەو پێش، وەك لێژنەیەك دەست بەکار بووە. بێ گومان هەموو ئەم کۆمەڵەو دەستەو ڕێکخراوانە، هەمیشە لەنێو خۆیاندا بانگەوازیان بۆ بەستنی کۆنفرانس و دروستکردنی (تکتلات) کردووەو خوازیاری ئاڵوگۆڕ کردنی بیروڕاو زانیاری بوون [٤٧].

١٠-جێی باسیشە هەر خودی فەرەنسیەکان یەکەم جار لە ساڵی (١٨٨٧)دا، کۆمەڵێکیان بۆ ڕۆژهەڵاتناسانی خۆیان دامەزراندووەو، دواتر لە ساڵی (١٨٢٠)دا بە کۆمەڵەیەکی تریانەوە لکاندوە [٤٨].. دیارە بەریتانیاش بایەخێکی زۆری بە پێکهێنانی ئەم جۆرە کۆمەڵە ڕۆژهەڵاتناسیانە داوەو لە ساڵی ١٨٢٣زدا کۆمیسۆنێکیان بۆ کۆمەك و هاندانی لێکۆڵینەوەی تایبەت بەو بوارە دامەزراندووەو تەنانەت خودی پادشای بەریتانیاش سەرپەرشتیاری بوون [٤٩].

بێگومان چەند وڵاتێکی دیکەی ڕۆژئاواش دەستەو کۆمیسیۆنی لەم

چەشنەیان دامەزراندووەو، حکومەتەکانیشیان ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ سەرپەرشتیی کاروچالاکی و کۆنگرەو دیراسەو لێکۆڵینەوەکانیان بۆ کردوون، نەخاسمە کە بایەخێکی فرەیان بە زمانەکانی گەلانی موسڵمانی ناوچەکە بەتایبەتیش زمانی عەرەبی داوە، هەروەها بایەخیان بە کلتوورو میژوو چەندین لایەنی گرنگی تری ژیانی ڕۆژهەڵات داوە، سالانە ڕاپۆرت و بلاوکراوەی هەمە جۆریان لەسەر نووسیوەو ناردوویانە بۆ دەزگا پەیوەندیدارەکانی سەر بە حکومەتەکانیان، هەرچەندە زۆربەی ڕاستیی پەکانیان شێواندووەو بە واقیعی ئاماژەمان بۆ لایەنە ڕاست و دروستەکان نەکردووە.

١١-پاشان ئەم جۆرە دەستەو کۆمەڵانە لە کۆنگرە نێو دەوڵەتییەکانیاندا بەردەوام بوون و ناو بەناو، هەر لە چەند ساڵ جارێکدا ئەلقەی کۆبونەوەو بیروڕاو زانیاریی پەکانیان بە زنجیرەی کاری بەردەوامیانەوە گرێ داوە، تەنانەت ساڵی (١٩٨١ز) لە شاری (پاریس)ی فەرەنسا کۆبوونەوەیەك بۆ ئەو مەبەستە بەستراو، ڕێکخراوی (یونسکۆ)ی سەر بەنەتەوەیەکگرتووەکانیش بانگهێشتی بەشدارانی کردبوو و چەندین ڕۆژهەڵاتناسی ناوداری تێدا دەبینران، جگە لە وەفدێکی (ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی)یش، کە وەك میوان بانگ کرابوون..

بێگومان دروست کردنی ئەو هەموو کۆمەڵەو ڕێکخراوە هەمە جۆرانە لە ڕۆژئاواداو، کۆکردنەوەو ڕێکخستنی کاریڕۆژهەڵاتناسانیان بۆ ئەوە بووە، کە وەك چەند گروپێك پێکەوە بن و لێك دانەبڕێن و زیاتر پەرە بە پیشەو چالاکیو بەرنامەکانیان بدرێت. هەروەها بۆ خولقاندنی جۆرە پێشبڕکێیەکیش، لە نێوان ئەو کۆمەڵو تاقمانەیاندا بە مەبەستی بەدی هێنانی زۆرترین ئامانجی ستراتیژیی ڕۆژئاوا، لە داگیرکاریی و هەژموون (هیمنة) لەسەر ڕۆژهەڵات و بەتاڵان بردنی سامان و داهاتیان و چەوساندنەوەی گەلەکانیان..

❀❀❀ ❀❀❀

ڕۆژهەڵاتناسیی وکوردناسیی

گەلی کورد یەکێکە لەو گەلە دیارو ناسراوانەی ڕۆژهەڵات، کە جێی بایەخی گەڕیدە[1] ڕۆژهەڵاتناسەکان بوون و، لەم بارەیەوە بەسەدان وهەزاران توێژینەوەو کتێبی هەمە جۆریان لەسەر نوسیوە، نەخاسمە چونکە گەلێکی موسڵمان وباوەڕداری ڕەسەنەو ڕۆڵێکی گەورەی لەمێژووی سەروەریەکانی نەتەوەی ئیسلامیدا هەبووە. وشەی (کوردناسیی)ش، کە بەپێویستمان زانی بیکەینە سەرباسی ئەم بڕگەیەی لێکۆڵینەوەکەمان، وشەیەکی بلاوەو، کراوەتە ناونیشانی چەندین توێژینەوەی پەیوەست بەم باسەوە- دەشتوانین بڵێین ئەم وشەیە بۆیەکەم جار لەسالی (١٩١٣) لەلایەڕە (٨)ی ژمارە (٢ی گۆڤاری ڕۆژی کورددا) لە ئەستەمبوڵ لەلایەن (د.عبدالله جودت)ەوە، لە وتاری (اتحاد یولي) بەزمانی (تورکی عوسمانلي) بەکار هاتووە [٥٠].. پاشان لەگۆڤاری (هاوار) لەژمارە (٢٢، ٢٣، ٢٤)دا، لەسالی (١٩٣٤) لە (دمشق) لەوتارێکی (هێرکۆل ئازیزان)- جەلادەت بدرخان بەناونیشانی (کوردو کوردستان ب چاڤێ بیانیان) بەکار هاتووە. زاراوەی (ڕۆژهەڵاتناسیی)ش بۆیەکەم جار لەئەدەبیاتی کوردیدا لەلایەڕە (٢٣٥)ی ژمارە (١٢)ی گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە) لە حوزەیرانی (١٩٤٤)دا لەشێوەی ڕۆژهەڵاتیەوان لەلایەن (حسین حوزنی موکریانی)یەوە بەکارهاتووە [٥١].

پاشان لەلایەن میژوونووسانی هاوچەرخەوە کراوەتە (ڕۆژهەڵاتناس). ئەم زاراوانەی (کوردناسیو ڕۆژهەڵاتناسی) یەش لەسالانی سیەکانی سەدەی

---

[1] گەڕیدە: گەشتیار

ڕابوردووەوە بەکارهێناون و، نوسەرانی وەك (د.عبدالله جودت) و(د. کامران بدرخان) و(باباعلي) و(جەلادەت بدرخان) و(حسین حوزنی موکریانی)، لەم بارەیەوە سەرنجی بەرهەمی ڕۆژهەڵاتناس و گەریدەکانی کوردستانیان داوە. (کوردناسیی) کە بەفەرەنسی (کوردۆلۆژی- Kurdologie)و بەئینگلیزی- (کوردەلەجی- Kurdology) بەئەلمانی (Kurdenkunde)ی پێ دەگوترێت، بەڕای هەندێك لەنوسەرە ناسیۆنالیستەکانی کورد، بەو (زانستە) دەڵێن، کە گوایە لەهەموو لایەنێکی ژیان وکلتوورو زمان ونیشتمان ومێژووی گەلی کورد دەکۆڵێتەوەو، لەزانکۆکانی (فەرەنسا) و(ئەڵمانیا)و(ئەرمەنستان) و(ئینگلستان) و(سوید) و(ڕوسیا)دا، وەك بەشێکی لێکۆڵینەوەکانی ڕۆژهەڵات بایەخی پێ دراوە، بەڵام (د.جمال نەبەز) لەبارەی (کوردناسیی)یەوە دەڵێت (پێم وایە- کوردناسیی- ناسینی کورد دەگرێتەوە، نەك (زانستی لێکۆڵینەوە لەکوردو بەتایبەتی لەزمانەکەی) کە بە ئینگلیزی (کوردەلەجی)ی پێ ئەڵێن ومنیش ناوم ناوە (کوردەوانتی) [٥٢].

زۆربەی ئەو ڕۆژهەڵاتناسانەش کەلەسەر کوردیان نوسیوە، ڕاستیەکانیان بەپێی پێویست وەکو خۆیان نەگەیاندووە، چونکە لەپشت ناساندنی کوردەوە، چەندین نیازی سیاسی ومۆنۆپۆلی وبەرژەوەندی خۆیان هەبووە، جگە لەنیازەکانی بڵاوکردنەوەی ئایینی خۆیان وبەمەسیحی کردنی گەلانی خۆرهەڵات.. مامۆستا (شوکور مستەفا) دەڵێت: (باری هەندێ سەرنجی ئەم گەڕیدانە لەمەڕ باب وباپیرانمانەوە ڕوون نین و، تێیان ناگەین و، جێی سۆو گومانی دڵنشکێنن. ئەوەی کە بتوانین کەمێ دڵی خۆمانی پێ بدەینەوە، بابێ پێژیش بێت، ئەوەیە، کە نەتەوەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتیش هەر یەکە بەشی خۆی بەر ئەم سەرنج وبڕیارە ڕەقانە کەوتووەو، ناتوانێ خۆی لێ ببوێرێت. بەڵام نابێ ئەمە ببێتە هۆی ئەوە، کەخۆمان لەو سەرنج وبڕیارانە نەبان کەین وتێیان نەگەین وپەرچیان نەدەینەوە) [٥٣].

لەم بەشەی باسەکەشماندا ئاماژە بۆ ناوو بەرهەم وڕەگەزی هەندێك لەو ڕۆژهەڵاتناسانە دەکەین، کە دەربارەی نەتەوەی کوردیان نوسیوە:-

یەکەم: ئەڵمانییەکان و کوردناسیی لەئەڵمانیادا:

بێگومان ئەمڕۆ ئەڵمانیا تەنها ئەو چوارچێوە سیاسیە نییە، کە لە کۆماری ئەڵمانیای یەکگرتوودا دەبینرێت، بەڵکو لێرەدا مەبەست لەو وڵاتانەی تریشە کە گەلەکانیان بەزمانی ئەڵمانی دەدوێن، واتە: باسی کوردناسییەیە لە (نەمسا)و، تا ئەندازەیەکیش لەسویسراو بەشە ئەڵمانیەکەیدا. هەروەها کوردناسیی لەلای ئەڵمانیەکان وئەوروپاییەکانیش، هەموو ئەو هەوڵ چالاکی وکاروبارانە دەگرێتەوە، کە بۆناساندنی کورد بەئەڵمان دراون، سا ئیتر لەڕووی زمانەوانی وئەدەبیاتەوە بووبێ، یا لەبارەی مێژوو سیاسەتەوە، یا لەلایەنی هونەرو کۆمەڵایەتیەوە، یا تەنانەت وتاری پڕ لەدەنگ وباسی درۆ، یا ڕاستی ناو ڕۆژنامەش. هەندێك لەلێکۆڵەرەوان وای بۆ دەچن، کەدوورو نییە ئەو گەشتنامە (Reisbuch)یەی کەلەسالی (١٤٧٣ز)دا لەلایەن زێڕینگەری باڤاریەوە (Johann Schiltberger)- (١٣٩٤- ١٤٢٧) بلاوکراوەتەوە، کۆنترین سەرچاوەیەکی ئەڵمانی بێت، کەناوی کوردی تێدا هێنراوە [٥٤].

هەروەها یەکێك لەسەرچاوە هەرە کۆنەکانی ئەڵمانیاو ئەوروپا، کەلەبارەی کوردو وڵاتەکەیەوە ئەدوێن، ڕاپۆرتێکە بەبۆنەی یەکێك لەجەنگەکانی دەوڵەتی عوسمانییەوە لە ژمارە (٣٨)ی گۆڤاری (Kriegs bericht turchis Und-Eastats)دا لەلایەن (Thomas von wiering) ناوێکەوە لە (هامبۆرگ) لەمانگی شوباتی (١٨٦٤)دا بلاوکراوەتەوە [٥٥].

لەسەدەی هەژدەهەمی فەرهەنگیدا، چەند سەرچاوەیەکی دیکەی ئەڵمانیش لەبارەی کوردەوە دواون، یەکێك لەمانە باسی گەشتێکە کە (نیبۆر- (Niebuhr) ناوێك بۆ وڵاتانی عەرەبی وئەو وڵاتانەی دەرو دراوسێیان

کردوویەتی [٥٦].

نوسەر لەبەشی دووەمی ئەو گەشتنامەیەدا کەلەساڵی (١٧٦٦ز)دا دەرچووە، باسێکی لەسەر کورد نوسیوە. (نیبۆر) کە لەمەڕ بنەچەکەی خەڵکەکە دەدوێت، نەتەوە موسڵمانەکانی سەرلەبەر بەسەر یەکەوە لەقەڵەم داون و، وەك هیچیان لەبارەوە نەزانێت، خۆی لێ نەبان کردوون، هەرچی عیسایییەکانن، کە لەچاو موسڵمانەکان بەکەمایەتی دادەنرێن، زۆر بەئاوو تاوو بەڕەگ وڕیشەو گیژو کۆڵینگەوە، لەسەر باسکردنیان دەڕوا. خۆجاری کوردستانی ئێرانی هەر نەدیوە، هیچی لەبارەوە نازانێ و، تاکە وشەیەکی لەسەر نالێ، هەر شتێکیش لەبارەی کوردەکانەوە دەردەست کردبێ، لەقسەی دەماو دەم و سەرزاری وبێ بەڵگەو بێ سەروبەری قەشە ئەوروپایەکان بەولاوە- کە لە (دێر)یك لە (دێر) ەکانی، (موصل)دا توشیان بووە- هیچی تر نییە [٥٧].

(بێرگ- Bergh) ناوێکسیش گەشتێکی بەکوردستان وئەرمەنستان وگورجستان وئەنەدۆڵ وعێراقدا کردووەو، نامیلکەیەکی لەو بارەیەوە نوسیوەو، لەساڵی ١٧٩٩دا بڵاوی کردۆتەوەو، چەند وێنەیەك ودوو نەخشەشی لەگەڵدا داناوە.

هەروا جگە لەچەندین ڕۆژهەڵاتناسیی بەڕەگەز ئەڵمانی وەك (ویسباخ) و(ڕیناخ) و(کارل مای) و(فۆن هەمەر) و(فۆن کلاپرۆس)ی نەمسایی و(بلۆ) و(ستڕێکر) و(قامبەری) و(بێکەر) و(پاچستین) و(قۆنش) و(بورخارد) و(ئەدوارد سەخاو) و(خاولەر) و(مۆریتز فاگنەر) و(بارۆن فۆن نۆڵدە) و(فریدریك فۆن بۆدن شێت) و(فریدریك میوللەر)ی نەمسایی و(باربری نەمسایی) و(شلیفل) و(هۆتۆم شیندلەر) و(ئەلبێرت سۆسین- ی سویسرایی) و(قۆن لۆخمان) و(بۆتیکا) و(سیپ) و(قۆن ستێنین) و(شتڕیك ستڕیخ) و(تیۆدۆر نوێلدەکە) و(کیپێرت) [٥٨]. هەروا دەیان نوسەرو چیرۆك نووس ویادداشت نووس

وپرۆفیسۆری زانکۆ، کەهەموویان لەخزمەتی تەواو کردنی پرۆسەی رۆژهەلاتناسیی وزانستی بەناو (کوردۆلۆجی) دابوون. لەسالانی کۆتایی سەدەی نۆزدەوە تاجەنگیی یەکەمی جیهانیش، چەند رۆژهەلاتناسێکی تری ئەلمان وەك پرۆفیسۆر (ئۆسکارمان)وپرۆفیسۆر(ڤۆن لکۆك)و(ئاوگۆست پیتەرمان)و(مارتین هارتمان)رووبان کردۆتە کوردستان ویاداشتی خۆیان نووسیوە و، ژمارەیەك دەستنوسی کوردی و سەر بە کوردیشیان لەکوردستان ورۆژهەلاتی ناوەراست دا کۆ کردۆتەوەو بردوویانە بۆ ئەلمانیا. هەندێك لەودەستنوسەبەنرخانە ئێستا لە کوردستان دا نەماون، کەچی لەکتێبخانەکانی (بەرلین)و (توبنجین)و (ماربۆرگ)دا چنگ دەکەون [٥٩].

بەریتانیا بێگومان بەچاوگێرانێکی خێرا تەنها بەناوی رۆژهەلاتناسانی ئەلمانیو بەرەگەز ئەلمانی، وەك نەمسایی و سویسرایی یەکاندا،دەردەکەوێت، کە رۆژهەلاتناسانی ئەلمان زۆرترین پشکی چالاکییان لەم بوارەدا هەبووە و، دەیان وسەدان توێژینەوەو یاداشتنامەیان نووسیوە، بەڵام بەداخەوە زۆربەیان بە راشکاویی و بێشەرمانە، راستیی یەکانیان شێواندووە. بۆنمونە، دەیان وسەدان نووسەرو پرۆفیسۆری وەك(ڤۆن بیخستید) و(ڤۆگەل)و(هانس تیما)و (فاولەر)و (ڤاگنەر)و (باروْن نوڵدە)، گەلی کوردیان بەدزو جەردەو خوێنرێژو پیاوکوژ داوەتە قەڵەم [٦٠].

دووەم: کوردناسیی لەبەرهەمی رۆژهەلاتناسانی ئیتالیایی‌دا

ژنە نوسەری ئیتالیایی، خاتوو (میریلا گالیتی)، سەرەتای مێژووی رۆژهەلاتناسیی ئیتالی لەوڵاتی کوردان دا، بۆ سالی (١٢٠٠ز) دەگێرێتەوەو، وای دادەنێت کە تا سالی (١٨٠٠ز) بەردەوام بووەو، پاشان تا سەدەی بیستەمیش چەند یادداشتێکی تر نوسراونەتەوە [٦١].

دیارترین هۆی پاڵنەری ئیتالییەکان لەچەند مەسەلەیەکی سیاسی وبازرگانی و ئایینییەوە، دەشێت بڵێین، لەڕۆژگاری جەنگی خاچپەرستییشەوە سەری هەڵداوە. مامۆستا شوکور مستەفا دەڵێت: (سەرەتای پێوەندیی نێوان ڕۆژهەڵات وڕۆژئاوا، لەگەڵ شەڕو شۆڕی خاچپارێزەکاندا دەستی پێ کرد. لە هەڕەت وجەنگی شەڕو شۆڕێکی خوێناویی دوورو درێژی خاچپارێزەکاندا، کە چەك وشارستانێتی وئایین (مەسیحیەت لەدژی ئیسلام)و کەلەپوور پێکدا هەڵدەپژان و، زۆرانیان دەگرت و، دەرفەتی هیچ جۆرە لێك هەڵەنگوتن ولێك گەیشتن وبازرگانییەك نەبوو. ئەوروپای مەسیحی ودەرەبەگ، خاکیفەلەستینی پیرۆز و سوریایان لە موسڵمانان دەویست) [٦٢].

یەکەمین کتێب لەبارەی زمانی کوردیەوە چاپ کرابێت، لەلایەن یەکێك لەو موژدەهێنانەوە نووسراوە: لەلایەن قەشەی ئیتالی (گارزۆنی/ Morizio Garzoi) کە لەسالی (١٧٨٧) بەناونیشانی (Gramatica Vocabulairio dell Lingua Kurda)- لەڕۆما چاپ کراوە. قەشەی ناوبراو کە سەرۆکی وەفدێکی موژدەهێنان بوو لەسالی (١٧٦٢ز)دا دەگاتە موسڵ، ئینجا دوو ساڵ درەنگتر لەگەڵ وەفدەکە دەچنە ئامێدی‌و، تا سالی (١٧٧٠ز) لەوێ دەمێننەوە. پاشان (گارزۆنی) لە (١٧٨٣) دا دەگەڕێتەوە (ڕۆما) وسالی (١٧٩٠ز) کۆچی دوایی دەکات [٦٣].

ڕۆژهەڵاتناسێکی بەناوبانگی دیکەی ئیتالی، (دێلاڤالی) لەسەدەی حەڤدەدا دەربارەی کوردانی نووسیوەو، بەچەند هۆزێکی نیشتەجێی لەقەڵەم داون. ناوبراو لەسالی (١٦١٧)دا گوتوویەتی (زۆربەی کوردی گوندو شاران نیشتەجێن). بەڵام ئەوەی زۆر ئاسایی‌یەو جێی کێشە نی‌یە، کوردی نیشتەجێ لەو مێژووە بەپاشەوە، ڕوو لەزیاد بوون و ڕەوەندەکانیان ڕوو لەکەم بوونەوەن.

سەرێکی دیکەی تایبەتی ئەم لیستە ئەوەیە، کە ناوی هیچ هۆزو عەشیرەتێکی کوردی کوردستانی ئێران وعێراقی نەگرتۆتەوە [٦٤].

جگە لەمانەش چەندان ڕۆژهەڵاتناسیی تری ئیتالی وەك (ژۆزێپێ کامپانیل)و (ئەلیساندرۆدی بیانکی) و(ڕیکۆڵدو مۆنتیکرۆشی) و(مارین سانورو تورسیلو) و(لیگرێنزی) و(کاریری) و(مینی) و(دی فیکی) و(ئۆسکۆلاتی)و [٦٥] ... هتد لەسەر کوردیان نووسیوە.

سێیەم: کوردناسیی لە ڕوسیا و یەکێتی سۆڤیەتی جاران دا

(د. کەمال مەزهەر) دەڵێت (لە دەمێکەوە کوردناسی بووەتە لقێکی دیاری ڕۆژهەڵاتناسی سۆڤیەت. ژمارەیەك لە ڕۆژهەڵاتناسە ناوداراەکانی ڕووسیا، بەر لەشۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی (١٩١٧) بەماوەیەکی زۆر، بناغەی کوردناسییان داڕشت. وا ڕێك کەوت بەشێك لەدەستەی دووەمی ئەو ڕۆژهەڵاتناسانە، بینە هاوچەرخی دوو ڕۆژگارو دوو ڕژێمی جیاواز- سەردەمی ڕوسیای پێش ئۆکتۆبەرو، سەردەمی سۆڤیەتستانی پاش ئۆکتۆبەر- [٦٦].

(ناسینی کوردو زمانەکەی، بۆیەکەم جار بۆ نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەهەم. واتە بۆ ئەو دەمەی کە ئەکادیمیەی زانستی ڕوسی (فەرهەنگی بەراوردی هەموو زمان وشێوەکان)ی لەچاپ دا دەگەڕێتەوە. ئەم فەرهەنگە کە لەساڵی (١٧٨١) دا بڵاوکراوەتەوە، (٢٧٣) ووشەی بە(٢٠٠) زمان، کە کوردیش یەکێکیانە، تێدا تۆمار کراوە [٦٧].

هەروەها لەکۆتایی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا، هەندێك وتارو نامیلکە لەبارەی پەیدابوون وژمارەو نەریتی کوردەوە بڵاوکراونەوە، بەتایبەتی هەندێك زانیاری لەبابەت خێڵە کۆچەرەکانی پشت قەفقاسەوە، کە لەهەندێ ڕاپۆرتی سەرژمێریی وچاپەمەنی فەرمانڕەوایی‌دا بەرچاودەکەن. بێگومان ئەو

وتارو نامیلکانە بەشێوەیەکی ساکارو کورت و کۆڵن. بەم جۆرە دەبینین، کە تاکۆتایی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم، لەڕوسیای قەیسەری لەبارەی زمان و میژووی ئەتنۆگرافیای کوردەوە، هیچ نووسراوێکی وەها گرنگ وزانستی نەبووە [٦٨].

(دیارترینی ڕۆژهەڵاتناسانی ڕوس، کە بایەخیان بەکورد داوە، (پ. لیرخ)ە، کە لە نیوەی سەدەی نۆزدەوە دەستی بەلێکۆڵینەوەی نەتەوەی کوردو زمانی کوردی کرد. ئەو کابرایە لەسالی (١٨٢٨ز) لەدایك بووە، لەسالی (١٨٥١ ز)دا خوێندنی خۆی لەزانینگای (پێشێر بۆرگ)دا تەواو کردووەو، ناوی پێشەگزانی زمانانی ڕۆژهەڵاتی وەرگرت) [٦٩].

جێی باسە (لیرخ) سێ کتێبی لەبارەی کوردەکانی ئێرانەوە نووسیوەو، لێکۆڵینەوەکانیشی لەسالی (١٨٥٠)ەوە دەست پێ کردووە. وەك (د.قەناتی کوردۆ)ش دەڵێت: (لیرخ- لەناو سالانی (١٨٥٨- ١٨٦٠)دا لە ئەکادیمیای ڕووسیا کاری دەکرد، لەو سەردەمەدا دەبێت بەهاوکاری (ئێکسپێدیسی / ن.پ. ئێگناتۆڤ)و لەگەڵی دەچێت بۆ- (بوخارا- و-- خیو- و ئۆرینبۆرگ). لەم ئێکسپێدیسییەدا، مەبەستی ئەو لێکۆڵینەوەی میژوو، ئەتنۆگرافیو زمانی دانیشتوانی ئەو هەرێمانە بوو. هەروەها مەبەستی ئەوەش بوو، کە شت ومەك ودەست نووسەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵات کۆبکاتەوە) [٧٠].

(گەریدەیەکی کوردناسی دیکەی ڕوس (گەردلێفسکی)یە (١٨٧٦- ١٩٥٦) کە باب وباپیریشی لە ئەفسەرانی لەشکری چارو، سەر بەدەستەی خوێندەواری ڕۆژگاری خۆیان بوون. (ڤلادیمێر ئەلیگسەندەر ڤیچ گەردلێفسکی) سەرەتا بەزانستی تورکناسیی دەستی پێکرد، بەڵام خۆی لەقاوغی تورکناسیدا نەبەستەوە، بەڵکو بایەخێکی زۆریشی بەلێکۆڵینەوە لەخاك ونیشتمانی کورد داوەو، زانیاریەکی زۆری لەم بارەیەوە بۆ سوپاو

سەرلەشکرەکانی ڕوس کۆکردۆتەوە. ئەو زیاتر چەق دەخاتە سەر سەلجوقییەکان وچۆنیەتی داگیرکردنی کوردستان. هەروەها بەشێکی لێکۆڵینەوەکانیشی بۆ ژیان وداب ونەریتی(قزڵباشەکان)ی- ئاسیای بچووك- تەرخان کردووەو، ساڵی (١٩٢٢) تۆژینەوەیەکی لەسەر بڵاوکردۆتەوە) [٧١].

کوردناسێکی تری ڕوس (ئەلیکساندەر ژاپا)- (١٨٠٣- ١٨٩٤) کە بەبنەچە (پۆڵۆنی) وبەزمان (فەرەنسی) و(٤٤) دەسنووسی پەخشان وچیرۆك وزمانەوانی ومێژووی کوردەواری- بەزمانی کوردی- کە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا نووسراون لەبەردەستدا بووە. ڕاستییەکەشی بەرهەمەکانی (ژاپا)، کە بەشی هەرە زۆریان بەهاوکاری- مەلا مەحمودی بایەزیدی (١٧٩٩- ١٨٦٠) ئەنجام دراون، سێ چارەکی ئەدەبیاتی پەخشانی کوردیی سەدەی نۆزدەهەم پێك دەهێنن [٧٢].

ڕۆژهەڵاتناسیی ناوداریش (پ.م. ڕۆدنکۆ)و، ڕۆژهەڵاتناسێکی دیکەی ڕوسیش (چیخاچێف)، ستایشی ڕۆڵی (ژاپا)یان کردووە لەوەدا، کە سەرکەوتوانە خەریکی زمانی میللەتێکی وەکو کورد بووە، کە بەڕای خۆیان هێندە کەم ناسراوەو هێندەش دێرینە- هەروەها چەندین ڕۆژهەڵاتناسیی تری ڕوسی [٧٣] وەك (ڤ- دیتیل) و (خ- ئابۆڤیان) و (ی- بیریزین) و (ڤ. ڤ. ڤیلیا منیۆ ڤ) و (فێردیناند یوستی) و(س. ئا- یەگیزارۆ ڤ) و (ن.یا- مارر) و... هتد.

دەربارەی (کوردناسی)یش لە (یەکێتی سۆڤیەتی جاران)ی دوای (ڕوسیای قەیسەری)، چەندین ڕۆژهەڵاتناس لەدوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر بایەخیان بەم لایەنە داوەو لەسەری بەردەوام بوون و چوار مەڵبەندی کوردناسییان لە یەکێتی سۆڤیەتی ئەوسادا دامەزراندبوو، کە لە شارەکانی (مۆسکۆو یەریڤان وباکۆو

لێنینگراد)دا بوون و، کاروباری ئەم مەڵبەندانەش بەتەواوەتی پێکەوە بەسترا بوو و، هەنگاوی هەر مەڵبەندێکیان بەبەشداری وهاوکاری ئەوانی تر بووە [٧٤].

(د.م.س. لازاریێف) دەڵێت: (لە ڕۆژهەڵاتی نزیکدا، ئەنادۆڵی ڕۆژهەڵات و ئێران، دەوڕێکی گەورەیان لەسیاسەتی ڕوسیای قەیسەری دا هەبوو، دۆخی هەڵوێستی ناوەوەی ئازربایجان وئێران وکوردستان وئەرمینیا وتورکیا بەلای- ڕوسیاوە- بۆپاراستنی سنووورەکانی زۆر گرنگ بوون. ئەمە دۆخی ویلایەتی قەفقازیشی گرتەوە، چونکە دانیشتوانەکانی وەك دانیشتوانی ناوچەکانی سەرسنووری تورکیا و ئێران تێکەڵاو بوون، واتە (کوردو تورك وئەرمەنیان تێدا بوو). هەر لە بەر ئەمەشە ئەبینین بۆچی ڕوسیا گوێی دابووە مەسەلەی کورد وئەو مەسەلەیەی بەلاوە گرنگ بوو. ئەمەش بەتایبەتی لە ساڵی (١٨٩٠)وە ڕووی‌دا، کاتێك ئاشوب و شەڕو هەرا لە کوردستان وئەرمینیای تورکیا دەستی پێ کردو، ژمارەیەکی زۆری کوردەکان ڕێکخراوی جەنگی‌ی خۆیان پێکهینا.مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نزیکدا لە مەیدانی سیاسەتی چەند دەوڵەتێکی مەزنی تریشدا شتێکی کەم نەبوو)[٧٥]. کەوابوو ڕوسەکان چ لە ڕۆژگاری قەڵەم ڕەویی قەیسەری و چ لە ڕۆژگاری دامەزراندنی یەکێتی سۆڤیەت وبە زۆر پێوە لکاندنی چەندین وڵات و هەرێمی تریشدا، ئاتاجێکی زۆریان بە ڕۆژهەڵاتناسان و زانستەکانی کوردناسیی و تورکناسیی و ئێرانناسیی هەبوو.

چوارەم: کوردناسیی و ڕۆژهەڵاتناسانی فەرەنسا

لەڕۆژهەڵاتناسانی فەرەنسەیی (جین- یان- ژان-پاپتیست تافێرنەر(Jeun Baptiste Tavernie) (١٦٠٥- ١٦٨٩) کە بازرگانێك بووەو هاوسەردەمی (لویس- ی چواردەهەم) بووەو نەخشەی جوغرافیایی وکالاو قوماش و بەردی بەنرخی دەفرۆشت. لەسەدەی حەفدەهەمدا بەدرێژایی چەند

ساڵ سەفەرێکی زۆری بۆ تورکیاو ئێران وهیندستان کردووەو، ساڵی (١٨٦٨) کاتێك گەڕاوەتەوە بۆ فەرەنسا، زۆر دەوڵەمەند بووەو (لویس- ی چواردەهەم)یش نیشانی خانەدانێتی‌ی پێ بەخشیوە [٧٦].

لەدووەمین وپێنجەمین سەفەریدا بەنێوجەرگەی کوردستاندا تێپەڕیوەو، باسی ژیان وشێوەی ژیانی کوردەکانی کردووە [٧٧]. هەروەها (گریگۆری پالاماس- Gregoire Palamas) لەساڵی (١٢٦٩) لە (ئەستەنبوڵ) لەدایك دەبێت و، ساڵی (١٣٣٥)لەلایەن تورکەکانەوە لە (ئەنادۆڵ) دەس بەسەر دەکرێت وساڵی (١٣٥٩)دەمرێت.

جگە لەمانەش دەیان ڕۆژهەڵاتناسیی تر، وەك (کلۆد بیلیڤیر) و(ژاگ گاسووت)و (ژان شیسنۆ) و(فیلیسپ دوفرینس کانای) و(پێیر ژووپیرت) و(تۆمابوا) و(ڕۆژەلیسکۆ) و(پوولێ) و(ژان دی ئێڤینۆت) وهاوڕێکانیان، سەفەری کوردستان وهەرێمە جۆربەجۆرەکانیان کردووەو، سەفەرنامە و ڕاپۆرت و لێکۆڵینەوەی خۆیان لەسەر گەلی کوردو هۆزو تیرەکان نووسیوە.

پێنجەم: بەریتانیاو کوردناسیی

ڕۆژهەڵاتناسانی ئینگلیزیش بایەخێکی زۆریان بەکوردو خاکی کوردستان داوەو، چەندین کاری سەخت وئالۆزیان بۆ داگیرکەرانی ئینگلیز ئاسان کردووە.. لەم ڕووەشەوە سەدان ناوی وەك (میجەر نۆئیل)و (میستەر هیمفەر) و (میجەر سۆن) و(ئەدمۆنز) و(میستەر ڕیچ) و(جیمس مۆریێ) بەرچاو دەکەن. نووسەران ومێژوونووسان و وەرگێڕە کوردەکان، لەباسی کارەکانی زۆربەی ئەم ڕۆژهەڵاتناسانەدا نەیانتوانیوە لەو ڕاستی‌یە تاڵە قوتار بن، کە چاو لەنیازە بنچینەیی‌یەکانی ڕۆژهەڵاتناسانی بیانی بپۆشن، کە بۆ مەبەستەکانی تەبشیرو داگیرکردن وبەرژەوەندی‌یە تایبەتی‌یەکانی ڕۆژئاوا هاتوون. هەردوو وەرگێڕی کوردیی کتێبی (یاداشتەکانی میجەر نۆئیل لەکوردستان)، لەپێشەکی‌یەکی

خۆیاندا دەڵێن (نە- میجەر نۆئیل- دۆستێکی دڵسۆزی کورد بووەو نە کوردیش ئەوەندەی بەدەسەڵات وسامدار بووە، هەتا "نۆئیل" خونکی یان بۆ بکات).. هەروەها لە دێرەکانی سەرەتای پێشەکیەکەیاندا، دەڵێن (ناوچەکە لەدێرین زەمانەوە، گەلی هێزو دەسەڵاتی هەمەجۆری وەک تورک وڕۆم وعەجەم تەماعیان تێ کردووەو، مرخیان لەسامان وخاك وئاوی خۆش کردووە، هەتا ئێستەیش ئەو دەم تێژەندنە هەر بەردەوامە) [٧٨].

دیارترین هۆکارو ئامانجی هەر یەکە لە ڕۆژهەڵاتناسیی وئەوەی بە (کوردناسی)یش ناوبراوە، پەرەپێدانی دین وکەلتووری خۆرئاواو داگیرکردنی شوێنە ستراتیژیەکانی کوردستان و، ناوچە موسڵمان نشینەکانی تری ڕۆژهەڵات بووە.. (د. مجید حمید عارف) دەڵێت: (ژمارەیەکی زۆر لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، ئۆزبەکستان، قیرغیزیا وتورکمانستان وتاجیکستان وکازاغستان وقەفقازو ئازربایجان وئەرمینیاو جۆرجیاو داغستان وئیستۆنیاو کەبەردین وبولغاریاو شوێنانی تریشی، کەوتە ژێر دەسەڵاتی سیاسی ڕووسیای قەیسەریو دواتر یەکێتی سۆڤیەتی دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی (١٩١٧) [٧٩].

(میریلا گالیتی)ی ڕۆژهەڵاتناسیی (ئیتاڵی)، لە دان پێدانانێکی ئاشکرادا دەڵێت: (موژدەهێنەکان تاقمێکی دیارو بەهێزی ڕۆژئاوان و، بەنیازی بڵاوکردنەوەی ئاینی مەسیحی هاتوونەتە کوردستان) [٨٠].

شوێنی ستراتیژی کوردستانیش، هۆیەکی تری تۆژینەوەکانی کوردناسی بووە، وەک (د.فەرهاد پیرباڵ)یش دەڵێت: (بۆ ڕوون کردنەوەی بایەخی ستراتیژی سیاسی کوردستان، هۆی نزیك بوونەوەی ڕووسیا لەکوردو ئەزموونی کوردناسیی لەڕوسیا بەنموونە دەهێنینەوە [٨١].. (ڕوسیا مەبەستی زۆری سیاسی وکەمی ئایینی لە ڕۆژهەڵاتناسیی و کوردناسیدا هەبووە.

لەسالی (١٧٠٣)دا لەگەڵ بنیادنانی ڕوسیای تازە (سانت پتر سبۆرگ) قۆناغی دەسەڵاتی ڕوسیا دەستی پێکرد، ئەمە بووە هۆی ئەوەی بیری ئیمپریالیزمی کلاسیکی لەڕوسیا بکەوێتە ڕوو. فراوانی خاکی ڕوسیاو هاوسێکانی لەهەموو ڕوویەکەوە بووە هۆی ئەوەی، کە ڕوسیا وڵات وخاکی دراوسێکانی داگیر بکات و بیانخاتە سەر خاکی ڕوسیا، بێئەوەی پێویستی بەوە هەبێت و، وەك ئیمپریالیستەکانی بەریتانیاو فەرەنسە وئیتالیاو هیتر، لەزەوی ئەودیوی زەریاکان بگەڕێت. بایەخ دانی ڕوسیا بە ڕۆژهەڵاتناسیی، لەلایەك لاسایی کردنەوەی دەولەتە ئیمپریالیستەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوا بوو، لەلایەکی تریشەوە شارەزایی پەیداکردن بوو، لەنەتەوە هاوسێکانی خۆی لەپێناو بەرژەوەندی دەولەت وئاسایشی نەتەوایەتی ئەو سەردەمە. نزیك بوونەوەی ڕوسیا لەکەنداوی (بەسرە)، هیواو ئامانجێکی دێرینی (ڕوس) بوو، بۆ دەستخستنی ئەم ئامانجە. دەبوو قەفقاز داگیر بکرێت. وڵاتی کوردەواریش پردێك بوو، بەبێ ئەوە ئامانجەکە نەدەهاتە دی. جگە لەوە بەشێك لەدانیشتوانی ئیمپراتۆریەت لەڕوسیای کۆن وسەردەمی دەسەڵاتی سۆڤیەتەکان کورد بوون. خاکەکەیان نیوەندێکی ستراتیژی بوو بۆ پاراستنی سنووری خواروی ڕوسیا)[٨٢].

جگە لەمانەش چەندین ئامانج وهۆکاری ئابووری وفەرهەنگی وهونەری وشوێنەوارناسیی، لەپشت سیاسەتی ڕۆژهەڵاتناسیی و کوردناسیی‌یەوە بوون.

❀❀❀ ❀❀❀

ڕۆژهەڵاتناسیی و مرۆڤناسیی

سەرەتای سەر هەڵدانی زانستی مرۆڤناسی (ئەنسرۆپۆلۆژیا)،بۆ سەدەی هەژدەهەم دەگەڕێتەوە، کە لەو سەدەیەو سەدەی نۆزدەش دا، ڕۆژهەڵاتناسە فەرەنسییەکان دەستیان بە لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگەی بەشەری و سروشتی رژێمە کۆمەڵایەتییەکانیش کرد. پوختەی گرنگی پێدانیشیان لە کڕۆکی کۆمەڵ دا ڕەنگی دەدایەوە بێ ئەوەی میژوویەکی گۆڕانکاریی کۆمەڵ دیاری بکەن، کە هاوشانی ئەو لێکۆڵینەوانە بێت. ڕوانگەتی (ئەنسرۆپۆلۆژیا) لێکۆڵینەوە لە مرۆڤ بوو، بەڵام لە چەند لایەنێکەوە بوو، نەك لە هەموو لایەنێکەوە. چونکە تائەمڕۆ هیچ زانستێکی گشتگیریی بە تەنها نەیتوانیوە لێکۆڵینەوەیەکی هەمەلایەنە لە سەر مرۆڤ بخاتە ڕوو، هەر چەندە هەندێك لە پسپۆرانی مرۆڤناسیی لەو بڕوایەدان گوایە ئەم زانستە لە توانایدایە هەموو گۆشە وکەناریکی ژیانی مرۆڤ بگرێتەوە. لە ڕاستیشدا دەشێت بڵێین، مرۆڤناسە کۆمەڵایەتییەکان بایەخی تەواویان لە توێژینەوەی لایەنی کۆمەڵایەتی ژینی مرۆڤدا تەرخان کردووە، واتە چەق خراوەتە سەر پەیوەندییەکانی مرۆڤ بەخەڵکی تری نێو ئەو کۆمەڵ وژینگەیەی تێیدا دەژی. دەنا زۆربەی ڕەهەندەکانی تری ژیانی مرۆڤایەتی، بەتایبەتیش لەکۆمەڵگە ئاڵۆزو بەڕواڵەت پێشکەوتووەکاندا، بۆ میژوونووسان وئابووری ناسان وسیاسەتمەداران وکۆمەڵناسان و...هتد بەجێ هێڵراون.

بەهەرحاڵ ئەرکی (زانستی مرۆڤناسیی)، یارمەتی دانی خەڵکی خۆیان، لەپرۆسەی تێگەیشتن لە(خود) لەڕێی لێکدانەوەی کلتووریی گەلانەوە بووە. یەکەم جار چاوگی توێژینەوەکان نووسراو و لێکۆڵینەوەو ڕاپۆرتەکانی

موژدەهێنان و نێردە تەبشیرییەکان و نەسرانییەکان و گەشتنامەی ئاگەڕیدەکانی سەدەی حەفدەو هەژدە بووە، کە دەربارەی ئەفریقاو ئاسیاو ناوچەکانی ئۆقیانووسی ئارام، تەنانەت کە دەربارەی ناوچەی ئەمریکای باشووریش نووسیبوویانن.

ئەو تۆڕینەوانە نۆبەرەی کارەکانی نووسەرانی خۆرئاوا بوون لەبواری- مرۆڤناسیی- دا لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا. بەر لەو میژووەش تەنها چەند هەوڵێکی هەڵسەنگاندن و بەدواداچوون لەسەر سیستەمە مرۆییەکان لەئارادا بووە، کەئەوە بوو لەسەرەتای سەدەی هەژدەدا کەسانی وەك: (هیۆم) و (ئادەم سمیس) و(فیرجوسۆن) لەبەریتانیاو، (مۆنتسیکۆ) و(کۆنداریکت) وهاوشێوەکانی تریان لەفەرەنساو ولاتانی تری ئەوروپا، لەم ڕووەوە چەند بابەتێکیان نووسیوە.

بەڵام تێڕوانینی ئەم بیریارانە لەچەند ئاماژەیەکی گومان لێ کراودا، نەك لەسەر چەند (ڕاستییەکی گەواهی بەخش) بەند بوو. دیدو بۆچوونی ئەوان تەنها دەرەنجامی چەند ڕێسایەکی کلتووریی خۆیان بووە، ئەوان بەرلەوەی بە (زانایانی مرۆڤناسی) بناسێنرێن، چەند فەیلەسووف ومێژوونووسێك بوون، کە لەئەورووپاوە هاتبوون. واتە لەزانایانی مرۆڤناسی نەبوون بەو مانا باو و ناسێنراوەی زاراوەکەی ئەمڕۆیان، بیریارانی فەرەنسایی وای بۆدەچوون کە مادام کۆمەڵگاکان لەچەند ڕۆژمێك بن، ئەوا دەبێت لەبەشێکی کارلێکراوی یەکدیش پێك هاتبن. بەڕای ئەوان مەسەلەیەکی پێویست بووە کەوا ئەو بەشانەی کۆمەڵگە پێوەندیان پێکەوە هەبێت، تاکو لەگەڵ کۆمەڵ بوونداو یەکەیەکی تەواو کراو بوون. هەر چۆنێك بێت زانایانی ئەنسرۆپۆلۆژیی بایەخی تەواویان بەلایەنی هەڵس وکەوتی کۆمەڵایەتیی مرۆڤەکان داوە. لێکۆڵینەوەی تازەش لەم زانستەدا، بایەخی زیاتری بەلایەنی ئەزموونگەریی ودیاری کردنی

فەرمان وحوکمی هەر شتێك لەکۆمەڵدا داوە. تەوەرەی بایەخەکەش تۆڕینەوەی پێوەندییەکانی نێوان کەرتە لێك جیاوازەکانی خەڵکییە.

هەندێکی تریش لە ڕۆژهەڵاتناسان بایەخیان بەژیانی ڕابردووی سەرکردەکانی ڕۆژهەڵات وگۆڕستانەکانیان داوە.. تەنانەت لەچەندین گۆڕ و ئێسکەبەندیان کۆڵیوەتەوە. وەك (د.مجید حمید)یش دەڵێت: (گۆڕەکان دوای تەواوبوونی تۆڕینەوەکانی- ئەنسرۆپۆلۆژیی) لەسەر ئێسکەبەندەکان، داخرانەوەو شێوەی شاردنەوەکەیان وەك خۆی لێکرایەوە. لەبارەی هەر گۆڕێکیش کۆنووسێك لەبارەی کردنەوەی گۆڕەکانڵ بەچوار زمانی- ئۆزبەکی وڕوسی و فارسی و ئینگلیزی- ئامادە کرا) [٨٣].

لێرەشدا مەبەستی لەو نێردە زانستییە تایبەتەیە کە ساڵی (١٩٤١) لەبارەی گۆڕی تەیموری لەنگ وکوڕەکەی(شاهروخ) و(میرانشا) وهەردوو نەوەکەی (محمد سوڵتان) و(ئۆلۆغ بەگ) چەند زانیارییەکیان دەردەست کردبوو و، زانای ئەنسرۆپۆلۆژیی سۆڤیەتیی بەناوبانگ (م.م. جیرا سیموف) [٨٤]، وێنەی تەیموری لەنگ وکوڕو نەوەکانی بەپێی تۆڕینەوەی کەللە سەرو تەرمەکانیان دیاری کرد.

لەسەر ئاقارێکی بەرزتریش، هەندێك بایەخی دیکەی ڕۆژهەڵاتناسان لەسەر تەکنیککاریی پێوەندیی مرۆڤەکاندا چڕ کراوەتەوە، لەسەر تۆڕینەوەی هەر یەکە لە هەڵوێست وپێوەندییەکان ئاڕاستە کراوە. دیارە ناشێت ڕۆڵی ئەم زانستە لەهاندانی لێکۆڵینەوەی قوواڵتر و بەدواداچوونی پتردا فەرامۆش بکەین، چونکە چەند زانایەك بۆ بەرەو ڕووبوونەوەی هەندێك گرفتی عەمەلی بەمەبەستی چارەسەرکردنیان، لەدەرەوەی هۆڵەکانی وانەبێژی (محاضرات)ەوە هاتنە مەیدانەوە. لەم دواییەشدا، چ ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و، چ

حکومەتەکانی کۆمەنۆیلسی بەریتانی‌و، چ حکومەتی ئەمریکاو چەندین حکومەتی دیکەی خۆرئاوایی، سوودێکی زۆریان لەکارو بەرهەمی پسپۆرانی مرۆڤناسیی وەرگرتووەو، لەڕێگای جیاجیاوە زانیاری مرۆڤناسیی و کۆمەڵناسیی و پسپۆرانی تری زانستە مرۆییەکانیان، وەك چەند فەرمانبەرێکی هەمیشەیی دامەزراندووە و خستوویانەتە گەڕ، بەم پێیەش پسپۆرانی مرۆڤناسی بوونە چەند فەرمانبەرێکی گشتی.

لەئەوروپادا چەمکی زاراوەی (مرۆڤناسیی)، لەگەڵ چەمکی زاراوەی (پێشکەوتننناسیی مرۆڤ) هاوڕێکە و ئەمەی دوایی‌ش لەوێ زانستێکە بۆ لێکۆڵینەوە لەمرۆڤ، وەك بونیادێکی ئۆرگانیی.

❁❁❁ ❁❁❁

مرۆڤناسیی و وێناکردنی ڕووخسار

ڕۆژهەڵاتناسانی مرۆڤناس (واتە زانای خۆرئاوای پسپۆڕ لە کاروباری گەلانی ڕۆژهەڵات و داب و نەریتیاندا) بەشداریەکی زۆریان هەبووە لە وێناکردنی ڕوخساری مرۆڤی ڕۆژهەڵاتدا [٨٥]. لە زەمەنی ناوبراو بە سەردەمی- ئیمپریالیزم- یش دا، ڕۆژهەڵات لە عەقڵی ڕۆژئاوایی کاندا لە وێنەیەکی فراوانتردا دروست ببوو... لای ئەوان مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی وەك (ادوارد سعید) گوتەنی (الشرقي ليس بالمنطقي، أنهُ منحل أو طفولي و مختلف عنا ...الخ)،: (کابرای ڕۆژهەڵاتی مەنتیقی نییە، بەڵکو بەرەڵاو مشەخۆر و لەئیمە جیاوازە... هتد.) هاوزەمان لەگەڵ پەل هاویشتنی زیاتری ئیمپریالیزمدا، تۆڕینەوەی زیاتر لەسەر کۆمەڵگە بەشەرییەکانی ڕۆژهەڵات بلاوەکرایەوە. بۆ نموونە: (ناپلیۆن پۆناپارت) لەشاڵاوەکەیدا بۆسەر (میسر)- ١٥٠- زانای لەگەڵدا بوو، کەشارەزای چەند بواریکی هەمە جۆر بوون و، چەند لێکۆڵینەوەیەکی کلتووریان لەبەردەستدا بوو، ئەو پێگەیشتنەی (ئەوروپای پێشڕەوی ئیمپریالیزم) و(ئاسیاو ئەفریقای داگیرکراو) بەردی بناغە بوو، لەڕێساکانی لێکۆڵینەوەی کلتووری کۆمەڵگەکانی هەریەکە لەو دوو کیشوەرە. دیارە زانستی مرۆڤناسیش تا ڕادەیەکی دیارو بەرچاو، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆو هەندێك جاریش بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ یارمەتی دەرێکی گەورە بووە لەجێبەجێ کردنی نەخشەو پلانە ئیمپریالیستەکاندا لەقۆناغی داگیرکاریدا، چەندین لێکۆڵینەوە لەسەر کۆمەڵگە داگیرکراوەکان نووسراوە. هەر بۆنموونە: زۆرترینی ئەو مەسەلانەی لەسەر هۆزەکانی (پوختوون) نووسراوە، لەکاتی بالادەستی ئیمپریالیزمی بەریتانیادا بوو. ئەمەش لەسەر دەستی فەرمانبەرێکی

کۆلۆنیالەکان (مستعمرات) کەناوی (فنستون) بوو، پاشان فەرمانبەرێکی وەك (کازو). هەروەها (ڕۆبەرت مۆنتانی)ی فەرمانبەری بەشی کارگێڕی لەکۆلۆنیالەکانی فەرەنسادا، زۆرترین کتێبەکانی لەسەر هۆزەکانی (بەربەری)ی- مەغریب- نووسیوە. بەڵام وەك دان نانێك بەهەق وڕاستیدا، نابێت ڕۆلی هەندێك لەو فەرمانبەرانەشمان لەبیر بچێت کە بەویژدان ودادگەرییەوە چەند لایەنێکی ژیانی دانیشتوانی کۆلۆنیالەکانی ژێر چنگی حکومەتە ئیمپریالیستەکانیان تۆمار کردووە. تەنانەت هاوسۆزیی یەکی زیاتریان لەگەڵ شۆڕشگێڕان ونیشتمان پەروەران هەبووە، بۆنموونە: فەرمانبەرێکی سیاسی وەك (سێر ئیڤلین هاویل)، کە هاوسۆزێکی دیاری هۆزەکان بووەو، دەستووری ڕێسا جوانەکانی ئەو هۆزە موسڵمانانەی، لەدەستوور و ڕێساکانی شارستانیەتی ڕۆژئاوا بەباشتر داناوە. سیمایەکی تر، کەسەنگی خۆی هەبووبێت لە لێکۆڵینەوەکانی مرۆڤناسیدا، ئەوەیە بایەخ بەجۆرێك لەژیاننامەی هەندێك کەس دراوە، کە کەسێتییان شێوێنراوە، یان خۆیان سەر بەڕێچکەیەکی داتاشراوی دەستکرد بوون. لەمەشدا چەند فاکتەرێکی، وەك ناوداریی و خانەوادەو ناو و شۆرەت و پلەی کۆمەڵایەتی، کارایی خۆیان هەبووە. تەنانەت هەندێك لەزانا نیشتەجێ بووەکانیان، خۆیان بەعەرەب، یان کورد، یان تورك داناوە، واتە: ویستوویانە مەیلێکی ئیمانداریی بۆ بخولقێنن. کەسێکی وەك (دۆتێ) ڕقێکی زۆری لەئیسلام بووەو، بەڕای خۆی هەرچی لەئیسلامدایە شێواو ناتەواوە.

بەڵام کەسێکی وەك (بلەنت)، بەجۆرێك بەرگی ئیسلامی پۆشیوە، کە گەیشتووەتە ئەو ڕادەیەی خۆی وەك نیمچە موسڵمانێك پیشان بدات.

هەندێك لە فەرمانبەرەکانی کۆلۆنیالەکان، کە خۆیان بەزانا پیشان دەدا، چەند هۆیەکی دەروونی پاڵی پێوە دەنان تا وەك- عەرەب، یان وەك مرۆڤێکی

موسڵمان خۆیان پیشان بدەن، چونکە لەمندالییەوە لەوێ ژیابوون. لەچەند ناوەندێکدا کەسێکی وەك (ت.أ.لۆرەنس) کە کوڕێکی ناشەرعی (زۆڵ)ی پیاوێکی ناوداری دەست ڕۆیشتبوو، وای دەگەیاند گوایە بەخەیاڵ و ئەندێشە و هەستی (عەرەبچێتی)ی خۆی، پلەو پایەیەك لە جیهاندا بۆخۆی بەدەست بهێنێت: ئەمەش لەڕێی ئەفسانەیەکییەوە لەوڵاتە عەرەبیە دوورەکاندا، کە حاکم وئەمیرەکان فەرمانداری بوون و، هەر بەئیشارەتی ئەویش دەجوڵانەوە، نەریتێکی تری پسپۆڕانی مرۆڤناسی ئەوە بوو، جل وبەرگی میللی ئەو گەلانەیان لەبەردەکرد کە لەگەڵیاندا دەژیان. نەخاسمە کەفێری زمانەکانیشیان بوو بوون و، بەڕەوانی پێی دەدوان، ئەم هۆکارانەش بواریکی تەواوی بۆ والا کردبوون. کەسێکی وەك (میجەرسۆن)، لەچەند ناوچەیەکی کوردستانی عێراقدا، وەك هاوولاتیەکی کورد خۆی دەردەخست، تا دواجار شاعیری بەناوبانگ (تاهیر بەگی جاف) لەماڵی خۆیاندا پەردە لەسەر ڕووی لادەدات و، (غلام حسین)ی ساختە (کەناوی هەڵبەستراوی- سۆن- بوو)، بۆ هەمیشە کەشف دەکات. هەروەها (شارل بیرتۆن) کە لەدواییدا سووکایەتی بەسەرۆك هۆزەکان کردبوو، گوایە ئەوان ئالودەی هەر ئارەزوویەکن لەو ئارەزووە منداڵیانەی لێیان حەرام کراون. بەڕای (بیرتۆن) سەرەك هۆزەکان پیاوانێك نەبوون کە هەر یاری بەچارەنووسی منداڵان بکەن، دوای ئەوەی لەوەوبەر چەند نەوجەوانێك بوون یاریان بەچارەنووسی پیاوان دەکرد. ئەوان جگە لەوەی پادشا و پێشەوایانیان دادەنا و لەسەرکاریشیان لادەبرد، لەهەمان کاتدا نازناوی سەیرو سەمەرەی ئەوتۆیان بەخۆیانەوە دەنا، کە بێ شەرمانە خۆیان بەکوڕی ولاتێك، یان شارێك، یان نەتەوەیەکی ڕۆژهەڵات لەقەڵەم دەدا. بۆنموونەش سەرنج لەچەندین ناو و نازناوی لەم جۆرانە بدە [٨٦]:- (گۆردانی- خرطوم/Gordan Khurtoum of)، (ڕۆبەرتس-ی قەندەهار Roberts Of Qandahar)، (لۆرەنس-ی

عەرەب Lawrence Of Arabia)، (ئیدوارد- ی بانوو Edwards Of Bannu)، ئەوان، نەك هەر چەند ڕۆژهەڵاتناسێكی لەڕی لادەر بوون، كە بەچاوی عەبەسیەت بۆ داب ونەریتە ڕەسەنەكانی گەلانی ڕۆژهەڵات بڕوانن وفەرهەنگ وكلتوور و بەهای بەرزی كۆمەڵایەتیشیان پێشێل كەن، بەڵكو زۆر لەوە دڕندەترپش بوون، تەنانەت زۆر ڕەگەز پەرست بوون سەرەڕای ئەوەی بەڕوالەت خۆیان لەنێو كۆمەڵگەی خێڵەكیدا نواندبووە، چونكە تەواو خۆیان بۆ ئەو ئەركە ئیمپریالیستییە تەرخان كردبوو. هەرگیز كلتووری سیاسیو ئیمپریالیستانەی ئەوروپا بێ تاوان نییە، كاتێك نەخشەی بەیەدەست كردنی ژیانی عەشایەریان دارشتووەو، پاشان ئیدارەی حاڵەت ودۆخ وكاروباری حوكمڕانیان كۆنترۆڵ كردووە، ناوچە كۆلۆنیاڵیو داگیركراوەكانی ژێر دەستی هەردوو ئیمپریالیزمی فەرەنسی وبەریتانی باشترین شایەتی زمان حاڵی ئەم ڕاستیەن. بەڵام كاتێ ڕۆڵەكانی ئەم هۆزو عەشیرەتانە لەدۆڵ وچیاو گوندو شارەكانیاندا هۆشیار بوونەتەوەو توانیویانە هێزێكی میللی و جەماوەری پێك بێنن، تا بەتوندی بەرەنگاری داگیركەران ببنەوەو، دەیان داستانی قارەمانیەتیان تۆمار كردووە، كەچی ڕۆژهەڵاتناسان وزانایانی بواری كۆمەڵناسیە كەیان ئەو هۆزو تیرانەیان بەدزو جەردەو پیاو كوژ لەقەڵەم داوە. (بۆ وێنە: پرۆفیسۆرێكی ئەنسرۆپۆلۆژی كەناوی "Von bick stedt"ە، كتێبێكی بەناوی "تورك وكوردو ئێرانی لەكۆنەوە تائێستا) لە- ١٩٦١دا- دەركردووە.

ئەم كابرایە لەهەر لایەكەوەو بەهەر بۆنەیەكەوە ناوی كوردی هێنابێ، نووسیویەتی (كوردە جەردەكان) [٨٧]. كابرایەكی تر، فۆگەڵ (Vogel) (٨٨). ناوێك كە لەكن خۆی دكتۆری فیزیكە، لەگەڵ چەند كەسێكی تر چووە بۆ كوردستانی توركیا. هەرچەندە میوانداری كوردی ئەگێڕێتەوە بەڵام دیسانەوە لەوتارەكەیدا، كە لەبارەی ئەو گەشتەوە نووسیویەتی كورد بەجەردە ئەداتە

قەڵەم. پەیوەندی نێوان ئیمپریالیزم و(مرۆڤناسی)، تا دوای جەنگی جیهانی دوەمیش بەردەوام بووە کاتێك زۆربەی وڵاتە موسڵمان نشینەکانیش، لەچنگ داگیرکەر ڕزگار بوون ولەچەند وڵاتێکی بچووك و بەش بەش کراودا دەرکەوت، بەڵام زانایانی مرۆڤناسی بەریتانی لەپاش ئەو جەنگەش هەر لەناوچە کۆڵۆنیالەکانی سەر بە بەریتانیادا فەرمانبەر بوون. وەك (ئیڤانس پریچارد) و (لیچ) و(نادیل) و لەهەموو شیان دیارتر"پریچارد" بوو، کە بەڕپرسی کاروباری خێڵەکی بوو لەشاری (بورقە) لەلیبیا. ناوبراو چەندین لێکۆڵینەوەی لەسەر کلتوور و داب ونەریتی هۆزەکانی بیابان هەیە. ئەو لێکۆڵینەوانەش بوونەنمونەی کردەیی (عمـــلي)، لەبواری پەیڕەوکردنی (تیۆری کەرتەکان لەسەر کۆمەڵگە خێڵەکییەکان). بەم ڕەنگەش (تیۆری کەرتەکان) بۆ کایەی پراکتیزەي سروشتیی سەر ئەو خێڵە ڕەشماڵ نشینانەی، کە (ڕۆبەرت سۆن سمیس) لەوەو پێش سەرنجی بەلایاندا ڕاکێشا بوو، گەڕێنرایەوە. بەم پێیەش یەکەمین پەیڕەوکاریی لەبواری مرۆڤناسییدا هێنایە کایەوە، ئەویش لەتوێژینەوەیەکدا دەربارەی هۆزەکانی (نویر) کە (ئیڤانس پریچارد) نووسیبووی و، وای بەدیار خستبوو گوایە کۆمەڵگەی خێڵەکی بونیادی دەرەبەگ گشتیان لەئەفرادی تیرەیەك پێك دێن و، بۆ چەند ڕەگەزێك دەگەڕێنەوە، کە پەیوەندی خزمایەتی پێکیانەوە دەبەستێتەوە. بەڕای ناوبراو ئەو چەند کەرتە خێڵەکیانە، وەك چەند هێلانەیەکی باڵدارانن. پێش ئەو توێژینەوەیەش ئەو هۆزانەی (نویر) یان وا دەبینی کە لەژیانێکی سەرەتایی پڕ ئاشوبدا دەژین و، هیچ جیاوازییەکی کۆمەڵایەتی لەنێوان ڕۆڵەکانی ئەو هۆزانەدا نییە. لەخواروی ئاسیاش ڕەگ وڕیشاڵی ئیمپریالیستانەی زانستی مرۆڤناسیی، بۆ نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەهەم، یاخود بۆ کۆتاییەکانی ئەو سەدەیە دەگەڕێتەوە. بۆ نموونە: (هێنری مین)ی ئەندامی یاسایی لەئەنجوومەنی نوێنەرانی پادشا لە(هیند) تەواوی سەربەستی

هەبوو لەپڕوپاگەندە بۆ خۆ کردندا دەربارەی ئەوەی گوایە هەر خۆی بنەماکانی (مرۆڤناسی) داناوە کە تایبەت بووە بەدیراسەکردنی لادێکانەوە لەهیندستان ئەویش لەهەردوو کتێبیدا بەناوی (یاسای کۆن/١٨٦١- Ancient Law : 1861) و (کۆمەڵگە دێهاتییەکان لەڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا / Village Communities In the East & West) ڕۆژهەڵاتناسێکی دیکەی وەك (لیار) کە دواتر بووە بەحاکمی (کەرتەکانی باکووری ڕۆژئاوا)، کتێبێکی لەساڵی (١٨٨٢ز) دا بڵاوکردۆتەوە بەناوی (چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئاسیایی: باوەڕداری وکۆمەڵایەتی /Religious & Social:Asiatic studies) بەڕپرسانی ئیداری ئیمپراتۆریەتیش، بەحوکمی کاریانەوە لەهەمان مەیداندا بەشداری زانایانی (مرۆڤناسیی)یان دەکردو گەورەترین توانایشیان لەو ڕووەوە تەنها شارەزایی مەیدانی بوو.

❁❁❁ ❁❁❁

لەپشت مرۆڤناسییەوە

هەرگیز ناشێت (سیستەمی دەرەبەگایەتی)و (ژیانی خێڵەکی)پێکەوە هەڵکەن، یان پێکەوە بلکێنرێن، چونکە (دەرەبەگایەتی) وەك رژێمێکی حوکمی پاشایەتی لە لایەکەو، قەوارەی سەربەخۆیی خێڵەکایەتیش لەلایەکی ترەو، پاشان هەر یەکەشیان لە جەمسەرێکی دژو هاوتەریبی بواره کۆمەڵایەتییەکەی خۆیانن) (دەرەبەگایەتی) وەك ئاشکرایە جۆرێکی نا ئاسایی کۆمەڵگەیە، کە روخساری تایبەتی خۆی هەیە.. زۆر جاریش ڕۆژهەڵاتناسان خێڵە عەرەبەکان، یان هەر خێڵێکی تری موسڵمانی غەیر عەرەبیان بە دەرەبەگایەتی وەسف کردووە..مرۆڤناسەکانیشیان هەرگیز لە ناشیرین کردنی مێژووی ئیسلام وبریندار کردنی هەستی موسڵمانانداا سستیان نەنواندوە. یەکێك لەو زاراوە سەیر و داتاشراوەنەشیان، کە بۆ وەسفی ئیسلامیان داناوە، زاراوەی (محمدی)یە کە تەنانەت هەر وەك لە کتێبەکانی (جب) و (گرونباوم)دا هاتووە. موسڵمانانیشیان بەم زاراوەیە ناو بردووە [٨٩] لە فەرهەنگی (ئۆکسفۆرد)یشیاندا سەرەڕای نارەزایی موسڵمانانیش زاراوەی (محمدي) بەکارهاتووە. هەروەها(لاڤن) لە کتێبێکیدا کە ساڵی (١٩٨١) بڵاوکراوەتەوە هێرشێکی تووندوتیژی کردۆتە سەر ئیسلام، کە دیارترین نموونەی سوکایەتی وبێ حورمەتی بە ئیسلام کردنە. ناوبراو وەك هەر ڕۆژهەڵاتناسێکی بێ ویژدانی تریان، لە بەندێکی کتێبەکەیدا بەناو نیشانی (هەڵسەنگاندن) دەربارەی ژیاننامە (سیرەتی)پێغەمبەری ئیسلام (ﷺ)، لەتێڕوانینی ڕۆژئاوادا، پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ کەسێتیەکی درندەی وەك (ئەدۆلف هیتلەر)ی دیکتاتۆری- نازی- ئەڵمانی- دا بەراورد دەکات، پاشان دەڵێت: چۆن هیتلەرو تاقمەکەی بەدەمارگیری

نەتەوەپەرستی دەجوڵانەوە، پێغەمبەرو شوێنکەوتوانیشی بەهەمان نەریتی دەمارگیری جوڵاونەتەوە [٩٠].

(لاڤن) و(لویس) وهاوڕێکانی تریان ئەم جۆرە کتێبانەیان چەند ساڵێك لەدوای تەواوبوونی جەنگی دووەمی جیهانی بڵاوکردۆتەوە. بەتایبەتیش ئەو کتێبەی- لاڤن- کە باسی کەسێتی (هیتلەر)ی تێدا کردووەو، شازدە ساڵ دوای جەنگی دووەمی جیهانی بڵاوی کردۆتەوە. واتە لەو ساتەوەختانەدا، کە هێشتا خووی (هیستیریا) لە ئەورووپا بەرانبەر بە ئەڵمانیەکان زۆر بەهێز بوون نیازی دانەری کتێبەکە لەو کاتانەدا زۆر ڕۆشن وئاشکرا بووە.

زانایەکی کۆمەڵناسیشیان، کە (پاتیە)یە بیرورایەکی گەندەڵی وەهای دەرهاویشتبوو، کە چۆن دەبێت لەکۆمەڵگەی موسڵمانانداو پێشەوایانی وەك (هیتلەر) هەڵکەوتبن ؟.

لەمەشدا مەبەست لەشەخصی پێغەمبەری خودا (ﷺ) و، هەر سەرکردەیەکی خواناسی ئیسلامیشە. ڕۆژهەڵاتناسان هەر بەوەندە ڕانەوەستاون، بەڵکو لەکتێبێکی چەند ساڵێك لەمەوبەریاندا بەناوی (هاجەریزم- وهاتنە ئارای جیهانی ئیسلامی- The Making Of The Islamic :Hagarism World) کە هەردوو نووسەر (کرۆن) و(کووك) لەساڵی ١٩٨٠ز دا نووسیویانە، خەنجەری ژەهراویان لە جگەری ئیسلام دەدەن، لەڕێی هێرشی کوێرانە و تەقلیدیانەوە تیرو توانج، لەحەقیقەتی پێغەمبەرێتیش دەدەن. دیارە لەم کتێبەدا بەشێوەیەکی گەلێك سەخت ترو بێ شەرمانە تر، ئەم ڕێچکەیان گرتۆتە بەر. ناونیشانی کتێبەکەش (هاجەریزم) لەناوی (هاجەر)ی هاوسەری (ئیبراهیم)ی پێغەمبەری خوداو، دایکی- ئیسماعیل- ەوەیە (درودی خودایان لەسەر بێت). دیارە ئەوپەڕی جێی سووکایەتی و بەدخوویشە، کە لەقاموسە

ئینگلیزیە کاندا، وشەی (هاجەریزم) مانای خراپترین سیفەتی شەخصی دەگەیەنێت. هەردوو نووسەرەکەش، لەو کتێبەیاندا دوای درۆو دەلەسەیەکی زۆر، وای لەقەڵەم دەدەن، گوایە چەندین بەڵگەنامەی ئەصڵی و هاوچەرخیان لەبارەی سەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلام چنگ کەوتووەو ئەوە دەردەخەن لەئیسلامدا ئەرك وپایەی پێغەمبەرایەتی بە (عومەری کوڕی خەتتاب) سپێررابوو، بەپێی ئەم تێورە پووچەڵەی ئەوان (محمد) بۆ ئەوە نێررابوو کە مژدەی پێغەمبەرایەتی (عومەر) بگەیەنێت، بەڵام لەدوایی ئەو ڕۆڵە گرنگەی بۆ خۆی دانا. ئینجا نووسەرانی کتێبەکە گومان وتەم ومژ لەسەر ڕاستی وحەقیقەتی- هیجرەت- دروست دەکەن، کە ڕووداوێکی ساتە وەختی مێژوویی بووە. بەم ڕەنگەش ڕقی خاچپەرستانەیان دەردەبڕن و، لەشێواز و مەنهەجی لێکۆڵینەوەی بابەتیانەو زانستیانە دەردەچن. لەتوێژینەوەیەکی بەراوردکاریشیان دا، لەمەڕ سەمتە فیکریەکانی هەر یەکە لەئیسلام ویەهودیەت و نەسرانیەت، ئەو دەرەنجامە ناماقوڵەیان دەخەنە ڕوو، گوایە واقیعی موسڵمانان وایە، کە تەنها بەخەندەو پێکەنینی ئافرەتانیان بەکێش دەکرێن.

(کرۆك) و(کوك) پێشبینی ئەوەشیان کردووە، کە کتێبەکەیان هەست ونەستی موسڵمانان دەڕووشێنێت. لەم بارەیەوە گوتوویانە:- (ئەم کتێبە کافران لەپێناوی کافراندا نووسیویانە) [٩١]. بەم وتەیەش دەیسەلمێنن، ئەوان هیچ خواست و ئارەزوویەکیان بۆ گفتوگۆی زانستیانە نییە.

خۆ هەرچەندە بۆ موسڵمانان زۆر ئاساییە، کە کتێبێکی بێ ماناو بێ ناوەڕۆکی لەم چەشنە پشت گوێ بخەن، بەڵام پێویستە زانا موسڵمانەکانی دانیشتووی ئەورووپا، وەڵامی زانستیانەی تەواوی لەسەر بڵاوبکەنەوە، تاکو هەروا بەئاسانی چەندین چین وتوێژی خەڵکی ڕۆژئاوا بەدرۆو دەلەسە چەواشە نەکرێن، چونکە کتێبێك کە دوو پرۆفیسۆری دانیشگای (لەندەن) نووسیبێتیان

وچاپخانەیەکی دانیشگای (کامبریدج)یش بۆیانی بڵاوکردبێتەوە، کاریگەریەکی نێگەتیڤانەی خۆی هەر دەبێت و، نەبوونی وەڵامی گونجاویش لەو ناوەندەدا، وا پێ دەچێت جۆرە دەستەو سانیەکی موسڵمانان پیشان بدات.

چەندین ڕۆژهەڵاتناس وزانای بەناو کۆمەڵناسی تریشیان لەوپەڕی حەقیقەت وڕقی ڕەشی خۆیانەوە، سەردەمی پرشنگداری پێغەمبەر (ﷺ)، بەسەردەمێکی پڕ لە تۆندوتیژی و وەحشی گەری ناو دەبەن و، سەردەمی سیخوڕیی خۆشیان بەسەردەمی ئاشتی وهێمنی ناودەبەن. تەنانەت یەکێکی وەك (مونتیگمیری وات) هۆی کوژرانی دوژمنی ئیسلام (کەعبی کوڕی ئەشرەف) بۆ فەرمانی تایبەتی پێغەمبەر (ﷺ) دەگێڕێتەوە، کە گوایە تۆڵەی خۆی لێ کردۆتەوەو، نابێت ئەم جۆرە فەرمانە لەپێشەوایەکی ئایینیەوە دەربکرێت. (وات) سەردەمی خۆی لەگەڵ سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) بەو ڕەنگە بەراورد دەکات، کە ئەو هەڵس وکەوتە لەو زەمانەدا ئاسایی بووە. بەواتەیەکی دی:- (وات) دەیەوێت ئەو پرسیارە بوروژێنێت، کەوا ئیدی چی لەکەسانێك ڕادەبینین، کە بەڕەفتارە گشتیەکانەوە پابەند نین ؟! پاشان دەڵێت: (ئێمە گەلێکی مەبدەئی وچاکە خوازین بەڵام ئەوان " واتە خەڵکی ڕۆژهەڵات" خراپکارو بێ مەبدەئن). (ئیدوارد سعید)یش ئەم وتەیەی پێچەوانە کردۆتەوەو، سەلماندوویەتی، کە سیفەتی خراپەکاری هەر لەواندایە (واتە لە ڕۆژئاوایی‌یەکاندا) [٩٢].

ژمارەیەکی زۆریش لەزانایانی مرۆڤناسیی ئەم ڕێنمایی‌یەیان لە ڕۆژهەڵاتناسانەوە پەسەند کردووەو، جیاوازی‌یەکی گوێرەیی‌یان لەنێوان کۆمەڵگەی (هێمن) و(ناڕام)دا کردووە بەهۆیەك بۆ جیاکردنەوەی هۆزە خێڵەکی‌یەسەرەتاییەکان لەگەلانی دانیشتووی شارەکان.. لەم ڕووەوە (سالینز) دەڵێت: (جیاوازی کردن لەنێوان هەردوو- حاڵەتی- خێڵەکی- و-

شارستانی- لەفراوانترین مانایدا، جیاوازی کردنی نێوان جەنگ وئاشتی‌یە، چونکە پیاوانی خێڵەکی بەهۆی نەبوونی ئامێرو کەرەستە پێویستەکانەوە لەحاڵەتی جەنگی هەمیشەیی‌دا بوون. بێ گومان جەنگیش ڕێگە لەگەشەکردنی کلتووریان دەگرێت) (٩٣).

جا ئەگەر جەنگ وکوشتار هەمیشە لەنێوان پیاوانی خێڵەکیدا بووبێت، ئەی داخۆ- سالینز- و هاورێکانی تریشی چ تەفسیرێکیان بۆ سالانی جەنگی جیهانی هەیە، بەتایبەتیش هەردوو جەنگە جیهانی‌یەکەی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، کە لە تووندوتیژی و وەحشی گەری و کاولکاریدا، هەرگیز وێنەو هاوشێوەیان نەبووە، تەنانەت تووندو تیژی ودڕندەیی ڕۆژئاوایی‌یەکان گەیشتە ئەو ڕادەیەی چەکی ئەتۆمی تێدا بەکار بێنن. ئەمڕۆش مەترسی جەنگی سێیەمی جیهانی لەئارادایە، کە تەنیا چەکە ئەتۆمی‌یەکانی تێدا بەکار بهێنن وهەموو ئەو کۆمەڵگەو شارستانی‌یەتانەی بنیات ناون، بەچەند چرکەیەك خاپوور دەکەن. دیارە ئەم جۆرە جەنگە بە پیاوانی خێڵەکی ناکرێت. بەڵکو بەو حکومەتە (مرۆڤدۆستە!) و(پێشکەوتنخواز)انەی ڕۆژئاوا دەگێڕرێت. جا تۆ بڵێی ڕۆژهەڵاتناسان و زانایانی ئەنسرۆپۆلۆژیی، لە وتەو نوسینەکانیاندا هێندە پەرۆشی کۆمەڵگەی "ئارام" بووبن ؟ گەر وابێت چ پاساوێك بۆ ئەو سەدان ملیۆن کوژراوانە دێننەوە، کە لەسەردەمی (ستالین) و (هیتلەر) و (ماو) و (چەرچڵ) و (ئایزنهاوەر) و (پۆڵ پۆت) و (ئەتاتورك) و هاوپیشەکانیان کوژراون ؟ ڕۆژئاوایی‌یەکی وەك (هیتلەر)، تا ئەمڕۆش بەقەڵاچۆکردنی زیاتر لەشەش ملیۆن کەس بەنەریتێکی دڕندانەی وەها، کە لەوەوبەر وێنەی نەبووە، تاوانبار کراوە. ئەمەش لەو سەردەمەدا کە ڕۆژهەڵاتناسان بەسەردەمی ئارام وخۆشگوزەرانییان ناوبردووە، بەڵام سەردەمی سەرهەڵدانی ئیسلام وبنیاتنانی دەوڵەتی پڕ لەدادو یەکسانی‌ی ئیسلامی و ڕووخاندنی هەردوو ئیمپراتۆریەتە

شەرخوازەکەی (فارس) و(رۆم) و ڕزگارکردنی زۆربەی گەلانی ئەو سەردەمەی جیهان، لە شەوەزەنگی جاهیلی‌و ستەم بەسەردەمی پڕ ئاشووب وشەڕی خوێنخوێی خێڵەکی ناودەبەن.

(هیتلەر) بەسوپایەکەوە ڕووی لەهەر شارێکی ئەوروپا دەکرد، خاپوری دەکرد. بەڵام پێغەمبەری خودا (ﷺ) کاتێك فەتحی شاری- مەککەی- کرد، لەهەموو ئەو کەسانەش خۆش بوو، کە بەوپەڕی دڵڕەقی و بێڕەحمی‌یەوە مامەڵەیان لەگەڵدا کردبوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو هەموو سوکایەتی‌یەی، کە لەسەر دەستی مەککەیی‌یەکان پێی کرابوو و، لەگەڵ چوونە نێوشارەوە نەك هەر ڕەحم بەگشت ناحەزێکی دەکات، بەڵکو فەرمان بەپاراستنی سەگێکیش دەکات، کە لەو کاتەدا تەرەکی بوو و، چەند تووتکێکی ببوو، چونکە نابێت لەو گۆڕانکاری‌یە تازەیەو لەو کەشە ئازادەدا لانەی لێ بشێوێت. فەتحی- مەککە- خاڵی وەرچەرخان بوو لەمێژووی ئیسلامدا، نەك موسڵمان کردنی خەڵکی بەزەبری شمشێر. بەدرێژایی ئەو چەند ساڵەی بانگەوازو گەیاندنی ئیسلام، هەزار کەس نەکوژرا، ئەم ژمارەیەش باجێکێ هێجگار کەمە لەبەرانبەر گەورەترین ودژوارترین شۆڕشی جیهاندا. نکوولی لەو حەقیقەتەش ناکەین، کە ناوبەناو لەهەندێك ناوچەدا بەنەریتی دەمارگیریی تایفەچێتی‌و، بەهۆی چەند پیلانێکی دووڕووە شەرخوازەکانەوە، شەڕی خێڵەکی بەرپا کراوە، بەڵام تا ئەمڕۆش لەچەندین شوێنی جیهاندا دیاردەی دوژمنایەتی و پێکدادان لەنێوان هۆزە جۆر بەجۆرەکاندا هەیە، تەنانەت لە(ئێرلەندە)دا ناکۆکی‌ی تیرەگەری لەنێوان (پرۆتستانت) و(کاسۆلیك)ەکاندا، تا ئەمڕۆش بەردەوامە. یەکەمین هۆی (ناکۆکی خێڵەکی)یش بەکەمی ئاستی هوشیاری‌و وجودی حوکمی نەفامی ونەبوونی باوەڕێکی پتەوی ئینسانی، لەدڵی ڕۆڵەکانی عەشایەردا بەندە. پاشان هەر خودی ئیمپریالیزم ودەوڵەتە داگیرکەرەکانیان پلانێکی زۆریان گێڕاوە

لەناشتنی تۆوی دووبەرەکی ودوژمنایەتی‌داو، لەبەکرێ گرتنی چەند کەسێکی نەفس نزم وگێرە شێوێن دا بۆ ئاژاوەنانەوە. تاکە ڕێسای هەرە دیاری ئیمپریالیزم لەم ڕووەوە سیاسەتی (پەرت کەو زاڵ بە) بووە. پڕۆسەی پەرت پەرت کردن وخولقاندنی پەرتەوازەییش هەر لەڕێی خولقاندنی ناکۆکی وشەڕو شۆڕەوە بووە.

میژوونووسی مەغریبی(عبدالله العروي) دەڵێت: (کاتێك خۆرئاوایی‌یەکان هۆزو تیرە شاخاوی‌یەکانیان وا وەسف دەکرد، گوایە لەنێو خۆیاندا یەکتر دەکوژن، ئیدی بەم وەسفەی خۆیان گوزارشتیان لەو نیازە ئیمپریالیە دەکرد بۆ بەدی هێنانی مەرامەکانیان، دەنا مەبەستیان لەناساندن وزانینی هۆکاری ناکۆکی تیرەگەریی نەبووە).

کەوابوو سەرەڕای ڕۆشنیی ئەو نیازە ئیمپریالی‌یەشیان، بەڵام لای ئەوان سیمای ئۆپۆرتۆنیزم(فوضوية) لەکۆمەڵگەی خێڵەکی‌دا کەلەپوورێك بووە، کە بەردەوام جێگەی تایبەتی‌ی لە ئەنسرپۆلۆژیادا بۆ دانراوە. لەم بارەیەوە (میکەر) دەڵێت: (بەشێکی گەورەی کەلەپووری خێڵەکی لەباکووری دورگەی عەرەبی‌دا، لەسەر ئەو بیرۆکەیە دەسوڕێتەوە کە: (توندوتیژی) تەوەرەی ژیانی سیاسی‌یە. خەڵکیش هەر لەگۆشەنیگای توندوتیژی‌یەوە بۆ خۆیان وپێویستی وپێوەندی‌یەکانیشیان ڕوانیویانە). هەروەها(فریدریك بارت) دوای لێکۆڵینەوەی لەهۆزەکانی(پوختن سوات) ئەو دەرەنجامەی پیشان داوە، گوایە ئەوان زۆربەی کاتیان لەشەڕو پەلامارو هەڵکوتانە سەر یەکتردا بەسەر دەبەن و، لەم ڕووەوە هەرگیز ئارەزووی شەڕخوازییان تێر نابێت.

❁❁❁ ❁❁❁

چەند لایەنێکی تری ئەنسرۆپۆلۆژیا

دیارە تا ئەمڕۆش کۆتایی یەک بۆ کاریگەریی وڕۆڵی ڕۆژهەڵاتناسان دانەنراوە، چونکە کەسانی وەک (ئارپیری) و(جب) و(لویس) و(ڤۆن گرۆنبۆم) و(وات) بونیادێکی مەنهەجیان بۆ زۆربەی لێکۆڵینەوە ئەنسرپۆلۆژی یەکان دانەناوە، لێکۆڵینەوەکانی "ریچارد تاپەر" یش کارایی یەکی دیاری ڕۆژهەڵاتناسانی تری وەک (لامتن)ی پێوە دیارە. تەنانەت هەندێک لە ڕۆژهەڵاتناسان وەک (میکەر) و(ئیکلمان) کە لەم دوایی یەدا هەوڵیان دەدا لەسەر بناغەیەکی ویژدان پەروەریی ودادگەریتی توێژینەوەکانیان دارێژنەوە، نەیانتوانیبوو بەتەواوەتی خۆیان لە کەلەپوورو میراتی ڕەگەزپەرستانەی ڕۆژهەڵاتناسیی قوتارکەن. تەنانەت- هۆدجسۆن- یش کە ساڵی (١٩٧٤ز) بەنووسەری لێکۆڵینەوەی پوختی هاوچەرخ ناسراوە، هێشتا بەتەواوەتی لێکۆڵینەوەکانی لەکاریگەریتی ڕۆژهەڵاتناسیی نەپاڵاوتووە. (ئیکلمان) لەو لێکۆڵینەوە کورتەیدا، کە ساڵی (١٩٨١) دەربارەی مرۆڤناسیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نووسیویەتی، پەنای بردووەتە بەر زۆرترین سەرچاوەی (زانایانی پێش خۆمان). دیارە لەم وشەیەدا مەبەستی تایبەتی هەیە و، ڕۆژهەڵاتناسانیان بەزانایانی پێش خۆیان) داناوە. (میکەر) و(ئیکلمان) نەیانتوانیوە خۆیان لەو ڕق وکینەیەی (دۆتێ) کە دژی ئیسلام دەری بڕیوە، بپارێزن.

لایەنێکی تری لێکۆڵینەوەکانی (ئەنسرپۆلۆژیا) دەربارەی ئافرەتە، وەک کێبەکەی (هێنی هارۆلدهانسن) بەناوی (ئافرەتی کورد). باشترییش بڵێین لێکۆڵینەوەکانی ئافرەتانی ڕۆژهەڵاتناسیی خۆرئاوا دەربارەی ئافرەتی موسڵمان، کە لەسەر هەمان ڕێساو بنەما تەقلیدی یەکەی ڕۆژهەڵاتناسیی

وپیاوەو ڕۆژهەڵاتناسەکانیان نووسراون. واتە وەك چۆن پیاوانی ڕۆژهەڵاتناس، لەسەر ئەو کۆمەڵگەو مرۆڤانەی ڕۆژهەڵات نووسیویانە. ژنانی ڕۆژهەڵاتناسیش لەسەر هەمان دیاردە نووسیویانە. یەکێك لەو لێکۆڵینەوە تازانەی، کە لەسەر ئافرەتە موسڵمانەکانی شاری (دهلی) نووسراوە، بەناوی (چەند بۆقێك لەبیرێك دا) و(جیفری) لەساڵی ١٩٨٠دا نووسیویەتیو هەر بەناونیشانەکەیدا دیارە نە ژنانی موسڵمانان ونە ژنانی غەیرە موسڵمانیش بەو وەسفە قایل نابن. نەخاسمە بەو جۆرە لێکۆڵینەوانەش، کە ڕەگەزپەرستی ولوتبەرزی ئەو ڕۆژهەڵاتناسانە دەردەخەن جگە لە (جیفری)یش کەسانی وەك (بیك) و(فێرنیا) و(کیددی)، لێکۆڵینەوەی لەم جۆرەیان لەسەر ئافرەتانی ڕۆژهەڵات بڵاوکردۆتەوە.

هەروەها چەندین نووسراوی تر کە لەم دوایی‌یەدا دەرکەوتوون ڕاستەوخۆ هێرشیان لەسەر ئیسلام تێدایە، وەك کتێبەکەی (بریان تورنەر) بەناوی (وەبر- و- ئیسلام) کە ڕاستەوخۆ تانەو تەشەر لە کەسێتی پێغەمبەر (ﷺ) دەگرێت. یان (فریدریك بارث) بەپاساوی لێکدانەوەی بایەخ دەری مرۆڤناسی بۆ هەڵس وکەوتی مرۆیی‌ی هۆزەکانی (پوختن سوات) لە کلاوڕۆژنەی ڕووداوێکی سەر هێڵی شەمەندەفەرەوە، ڕەخنە لەنەبوونی فەرهەنگی کۆمەڵگەی نوێ دەگرێت کاتێك شۆفێری پاسێك کە یەکێك لەسەرنشینەکانی (خودی- بارث) بووە، ڕێگە بە ئۆتۆمبیلێك نادات بەسەر پردی (نوشیرا)دا بپەڕێتەوە، واتە ئەو پردە کۆنەی بۆ هێڵی هاتووچۆی شەمەندەفەریش دروست کرابوو و، پردێکی (یەك سایدی) بووە، ئینجا لەکاتی هەراو پرتەوبۆڵەی هەردوو شۆفێری پاس وئۆتۆمبیلەکەدا، شەمەندەفەرەکە بەوێدا تێدەپەڕێت و، ماوەی چەند خولەکێك دوایان دەخات. جا ئەگەر بێینە سەرباسی هەڵس وکەوتی هەندێك لەشۆفێران، ئەوا لە ڕۆژئاواشدا، ڕۆژانە سەدان وهەزاران شۆفێر، بۆ هەڵسەنگاندنی هەڵس وکەوتی مرۆڤی ڕۆژئاوایی دەکرێنە نموونەو بەڵگە.

ئەو نموونەیەی- بارث- یش دوای گەڕانێکی زۆری بەو ناوچانەدا، بەهیچ جۆرە نموونەیەکی زانستی بۆ لێکۆڵینەوەی مەیدانی دانانرێت، چونکە بەدروست کردنی- سایدێکی دووەم- هیچ سەنگێك بۆ ئەو دیدو بۆچوونانە نامێنێت.

(پیرسۆن)یش لەگەڕانی بەنێو هۆزەکانی- بەللوچ-دا، ئەو بیرورا نامۆیە دەردەخات، گوایە ژیان لەگەڵیاندا ناگونجێت، لەبەر ئەوەی سیفەتی دوورووییو کینە بازییان تێدا بڵاوە. لەلای (هۆبز)یش مرۆڤ هەمیشە لەحاڵەتێکی جەنگ دایەو، هەر یەکە ئەوی دی دەکوژێت. بەڕای ناوبراو، ژیانی مرۆڤی موسڵمان، ژیانی گۆشەگیریو بێ تام وپێزو کورت خایەنە. هەمان بۆچوونی ناڕاست، لەنووسراوو گەشتنامەکانی هاوسەرەکەی(بارث)دا ڕەنگی داوەتەوە. ژنەکەی (بارث) دوای سەوداو هەڵس وکەوتی لەگەڵ ئافرەتە موسڵمانەکان دا، بەتایبەتیش لەگەڵ ژنە هەژارەکانی- قاهیرة- دا، بەو دەرەنجامە تایبەتیەی خۆی گەیشتووە، گوایە ئافرەتی موسڵمان بەچاوی گومانەوە بۆ کەسانی تر دەڕوانن و، متمانەیان بەکەس نییە. یان گوایە زۆربەی کاتەکانیان لەدژایەتیو نامۆیی بەسەر دەبەن. (ویکان)یش لەکتێبێکی سالی ١٩٧٧دا، ئەمێ بۆچوونەی ناوبراوی دیاری کردووە. پاشان ژنەکەی (بارث)ی ڕۆژهەڵاتناس کاتێك لە(قاهیرە) وێنەی کەسێتیی "مێیینە"ی کێشاوە ویستوویەتی بەهەمان وێنەی جەنگاوەرێکی (پوختن)ی دابنێت، کە ژیانی لەسەر شاڵاو و تاڵانی کوشت و برە. تا بەم ڕەنگەش مەنهەجێکی گۆشەگیریو تەنیایی(فردیە) لەژیانیدا بخولقێت.

ئایا ئەم بیرورا بۆچوونە ژەهراویانە لێکدانەوەی چەند دیاردەیەکی کۆمەڵایەتین، کە لەسەر بناغەیەکی تێڕامان وئەزموونگەریی- خرابنە ڕوو،

یاخود نکوولی کردنی تیمێکی ڕۆژهەڵاتناسیە کە لەپیاوێك و ژنەکەی پێك هاتووەو، ویستوویانە تێورە بێنیۆرۆ کەکەیان بە سەر واقیعی ژیانی موسڵمانانداا ساغ کەنەوە.

هەروەها (ویکان) لەولاتێکی سوڵتان نشینی وەك (عومان)دا، ئاماژە بۆ وجودی: جنسی سێیەم. (نێرەموك) دەکاو، بەم داهێنان و(إکتشاف)ە زانستییەشی، مشت ومڕێك لەبواری- مرۆڤناسی-دا دەخرۆشێنێ، هەر وەك لە گۆڤاری (Man) لەساڵی (١٩٧٨)دا بڵاوی کردۆتەوە. تۆژەوەرە موسڵمانەکان لەبارەی دیراسەی ناوبراوو لەمەڕ وجودی (جنسی سێیەم)یش، دەڵێن: هیچ وردە کاریەکی زانستییانەی تێدا بەدی ناکرێت [٩٤].

کەوابوو ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانەی، کە ناوی (مرۆڤناسی)یان لێنابوو، تەنها ڕۆژهەڵاتناسیی و هەوڵێکی بێ ئامانجی سووکایەتی کردن بەکەرامەت وڕێزی گەلانی ڕۆژهەڵات بووە. یەکێکی وەك (بارث) لەڕێی پلارگرتن لەهۆزەکانەوەو تاوانبارکردنیان بە کوشتارو شاڵاو بۆ سەر یەکترو، تەنانەت ناوبردنی دیوەخان وناوەندە کۆمەڵایەتییەکان وژووورەکانی مێواندارییش بەچەند (بنکەیەکی جەنگیو چەند بارەگایەکی سەرکردایەتی) هەمان ڕوانینی تەقلیدی ڕۆژهەڵاتناسیی دەردەبڕێت، کە چۆن بۆ کۆمەڵگەی گوندنشینی وژیانی دێهاتی موسڵمانانیان ڕوانیوەو، بەچەند ناوچەیەکی ژێر ڕکێفی عەسکەرتاری ومەیدانی جەنگ وئاشووبیان داناوە.

تەنانەت لە(بارث)یش تۆندڕەوتر، کەسێکی وەك(فریدریك بێلی)یە، کە ئەم جۆرە کۆمەڵگەیە بەڕێکخراوی تیرۆریستی(مافیا) دەچوێنێت.

خەڵکی خێڵەکی بەداب ونەریتی جوامێریی وبەخشندەیی و ڕێزگرتن لەمێوان وغەریبان (تەنانەت گەر ئەوبیانیە ڕۆژهەڵاتناسە قین لەدڵانەش میوانیان

بووبن) ناسراون و، سامانێکی گەورەی فەرهەنگی وميللیو ئەدەبیشیان بەدرێژایی پتر لەچوار سەدە، بەرهەم هێناوە، کەچی ڕەگەز پەرستێکی وەك (بێلی) دێت بە(مافیا)یان لەقەڵەم دەدات. دیارە وشەی (مافیا)ش ئەدرێسێکی ترسناکەو، لە ڕۆژئاوادا بەو کۆمەڵە دزو جەردەو پیاوکوژانە دەڵێن، کە لەنێو خودی کۆمەڵگەکانی ڕۆژئاوادا پەیدا بوون، نەك لەکۆمەڵگەی ئیسلامیو هۆز و تیرە بەشەرەفەکانیدا.

بێگومان لەوەڵامدانەوەی ئەو هەموو بوختان ودرۆو دەلەسە بەناو (زانستی)یانەی ڕۆژهەڵاتناساندا، زانای بیریارە موسڵمانەکان دریغیان نەکردووەو، هەزاران لێکۆڵینەوەی زانستیان بەچەندین زمانی بیانی بڵاوکردۆتەوەو، هەموو هەڵەو کەمو کوڕتییەکی نێو تۆێژینەوەو لێکۆڵینەوەکانی ڕۆژئاوایان دیاری کردووەو، پەردەشیان لەسەر ڕقی شاراوەی نێو سینە تەسکەکانی ڕۆژهەڵاتناسان هەڵداوەتەوە.

بەڕێز(طلال أسعد) لەساڵی (١٩٧٥)دا، ڕەخنەیەکی زانستی لەکتێبی(ئەینەر کۆهین) گرتووە کە ساڵی ١٩٦٦ لەسەر چەند گوندێکی فەلەستینی نووسیوە.

مامۆستا (أکبر.س. أحمد)یش چەند کتێبێکی لەم بارەیەوە بڵاوکردۆتەوە. ناوبراو لەم لایەنەوە گوتوویە: (من لەکتێبێکم دا کە ساڵی- ١٩٧٦- بڵاوم کردۆتەوە پێشنیازی بەکارهێنانی چوارچێوەیەکی فراوانی ئیسلامیم کردووە، کە کاتێك تۆێژینەوەی کۆمەڵگەی خێڵەکی ئیسلامی دەکەین، یا ئیسلام وەك فەرهەنگ وسیاسەتیش لەم جۆرە تۆێژینەوانەدا بخەینە کار. بەڵام لەبەرانبەردا بەوە تاوانبار کرام، کە هێرشم کردووەتە سەر زانایانی- ئەنسرۆپۆلۆژیا- و- ئیمپریالیزم- هەر وەك- ئەندرسۆن- لەکتێبێکیدا، کە ساڵی ١٩٨١ بڵاوی

کردەوە، ئەو تۆمەتانەی ئاراستە کردم. نووسینی ئەو کتێبەشم بەکارێکی بەربەرەکانی کردنی ئیسلامیانە لەدژی ئەوان لەقەڵەم دراوو).

جێی باسە، نابێت ڕۆڵ و هەڵوێستی نووسەران و وەرگێڕە کوردەکانیشمان لەم ڕووەوە فەرامۆش کەین، کە دانیان بەواقیعدا ناوەو، لەکاری تەرجەمەی هەر لێکۆڵینەوەو گەشتنامەیەکی ڕۆژهەڵاتناساندا و لەپێشەکیی بەرهەمە وەرگێڕاوەکانیاندا، ئاماژەیان بۆلایەنە ڕاست وناڕاستەکان کردووە. هەر لەم ڕووەوە ڕۆڵی نوسەرێکی بەڕەگەز فەلەستینیی وەك (ئیدوارد سەعید)یش لەکتێبە بەناوبانگەکەیدا (الإستشراق- ڕۆژهەڵاتناسیی) ولەهەر وتار و نووسینێکی تریدا، بەڕوونی دیارە کە چۆن بەڕەچی ڕۆژهەڵاتناسانی داوەتەوە. ناوبراو لەبواری زانستی ومرۆڤناسییداو، لەپوختەی کارەکانیشیەوە بەو ئەنجامە گەیشتووەو کاتێك پێناسەی زانای ئەنسرپۆلۆژی لەسەر ڕیچکەی ڕۆژهەڵاتناسان دەنوسێت ودەڵێت (ئەو مرۆڤێکە تەنها لە ڕۆژهەڵاتدا فێربووەو لەوێ نووسیویەتیو دیراسەی تەنها لەسەر ڕۆژهەڵات هەبووەو هەمان شێوازی ڕۆژهەڵاتناسانی گرتۆتە بەر).

تۆ بڵێی لەبەردەم ئەو هێرشە نەگریسە کلتووریەدا، موسڵمانان سەری خۆیان بخەنە نێو لمەوەو، لەئاست ئەو فڕو فێڵ وبوختانە بەردەوامانەدا، کە تا ئەمڕۆش هیچ سنووڕێکی نییە، خۆیان کەڕو کوێر کەن ؟ ئایا هەڵوێستی موسڵمانان لەبەرانبەر نووسەرانی کتێبی- هاجەریزم-دا کاتێك هێرش دەکاتە سەر شەخسی پێغەمبەری خودا (ﷺ) و هەموو بنەماو ڕێساکانی ئیسلامیش دەشێوێنێت چیە ؟ یان کاتێك زانایانی مرۆڤناسییان کۆمەڵگەی موسڵمانان بەڕێکخراوی مافیا) دەشوبهێنن ؟ ئایا دەشێت زۆر بەسانایی موسڵمانان پشت لەو هەموو دیراسەو لێکۆڵینەوە نا ڕاستانەی خۆرئاوا هەڵکەن و واشیان لێ بکەن نەهێڵن بەئاسانیو بەسیمای ئیسلامیانەوە سەردانی ڕۆژئاوا بکەن، نەبادا

ڕووخساری (تیرۆریستانە) یان بناسنەوە ؟ ئایا وا باشتر نییە، کە زاناو پێشەوایانی ئیسلام شەوو ڕۆژ بخەنە سەر یەك و، سەرقاڵی دیراسەی پوخت وزانستیانە بن بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشی فەرهەنگی وغەزوی ڕوناکبیریو پاشان داگیرکردنی ولاتانمان ؟ ئایا زۆر پێویست وگونجاو نییە، کە بیریاران وهۆشمەندانی ئیسلام لەهەموو سووچ و گۆشە و کەنارێکەوە چوارچێوەیەکی شیاو و یەکگرتوو بۆ زانستی مرۆیی‌و توێژینەوەی کۆمەڵناسی داڕێژن وڕوونی بکەنەوە، کە (مرۆڤناسی)و زانستی ڕاستەقینەی (مرۆڤناسی)، تەنها بەپێوەر و تەرازووی دادگەرانەی ئیسلام ڕۆشنایی دەخاتە سەر ژیان وگوزەرانی کۆمەڵگەو ژینگەی بەشەری ؟!.

❁❁❁ ❁❁❁

ڕۆژهەڵاتناسیی لە قاڵبی هونەر و ئەدەبیات دا

هاوکات لە گەڵ گەشت و توێژینەوە ڕۆژهەڵاتناسییەکان دا، چەندین ئەدیبء هونەرمەندی ڕۆژئاواش دەستیان بە سەفەر بۆ ڕۆژهەڵات دەکرد، بە تایبەتیش نیگار کێشەکان لە سەدەکانی ناوەڕاستەوەبایەخیان بە چەند دیمەنێکی گرنگی کۆمەڵایەتی دابوو. بەڵام ئەم تەوژمە هونەریە تەنها لە سەدەی نۆزدەوە سیمایەکی میللی بە خۆوە گرت.هەر چەندە سەدەیەك پێشتر (واتە لە سەدەی هەژدە)دا هەنگاوێکی زیاتری بۆ پێشەوە نابوو.ئەمەش لە هێرشەکەی (فەرەنسا)دا بۆ سەر (میسر) و، لە جەنگی یۆنانیشدا لە سالی (١٨٢١)داو،دواتر داگیر کردنی- جەزائیر- لە سالی (١٨٣٠)دا، چونکە سەرکردە سوپایی یەکان، لە کاتی داگیر کردنی ئەو ولاتانەدا هەندێك لەهونەرمەندە نیگار کێشەکانیان لەگەڵ خۆیاندا بردبوو، تاکو ئەو هونەرمەندانە باشتر جەنگەکانیان بڕازێننەوەو دیمەنەکانی قارەمانێتیو سەرکەوتنیان بۆ بکێشن، ئەو ڕووداوانەش هەوێنی یەکەمی هونەرمەندی ڕۆژئاوایی بوو، کە(هونەر) بەڕای خۆیان شان بەشانی جەنگ وسیاسەت ڕۆڵی دەبینی، دیارە (قەڵەم وچەك)یش بیروباوەڕێکی تری بۆ نووسەران وشاعیران وجەنگاوەرانیان خولقاندبوو.. هەر لەو سەردەمەشدا ڕێبازی- ڕۆمانسیەت- وەك قۆناغێکی دیکەی ئەدەبی هاتە کایەوەو پڕۆسەی بە ڕۆژئاوایی کردنی ڕۆژهەڵاتیش (واتە بانگەوازی تەغریب) دەستی پێ کرد.

نیگارکێشەکانی ڕۆژئاوا کاتێك، لەڕوانگەیەکی سیاسییەوە وێنەی ڕۆژهەڵاتیان دەکێشا، هەموو دیاردەیەکی توندوتیژیو وەحشی گەریان دەخستە پاڵ سوڵتان وپادشایانی ڕۆژهەڵات، چونکە دەبوایە لەتابلۆکانیاندا

ڕۆژهەڵات وانیشان بدەن گوایە مەڵبەندی زوڵم وزۆرداری وچەند وڵاتێکی پڕ لەشەڕو ئاشووب وچەند قەسابخانەیەکی بەکۆمەڵە... لای ئەوان ڕۆژهەڵات وڵات وخاکی بێ ئومێدی وسەرگەردانیو چەوساندنەوە بوو. جێی باسیشە سیاسەتمەداران وفەرماندە شەڕخوازەکانی ڕۆژئاوا، بەهیچ شێوەیەك لەو سەردەمەدا ڕێیان بەنیگارکێشەکان نەدەدا، کە لەنزیکەوە ڕاستیەکان ببینن، بەڵکو تەنها فەرمانیان بەسەردا دەدان، کە وێنەی شەڕ و سەرکەوتنەکانیان بۆ بکێشن ودانیشتوانی ڕۆژهەڵات، وەك چەند درندەیەك وێنا بکەن. هەروەها ڕۆژهەڵاتناسەکان خۆیان وبەرهەمە نووسراوەکانیان و گەشتنامەکانیان تاکە سەرچاوەی هونەرمەندان وئەدیبان بوون.

لەلایەکی تریشەوە، دەشێت میژووی هونەر و ئەدەبی ڕۆژئاوا بەگشتی بۆ پێوەندیی نێوان (ڕۆژهەڵاتی موسڵمان) و(ڕۆژئاوای مەسیحی) بگێڕینەوە، واتە: بۆ سەدەی هەشتەمی زاینی وسەردەمی فەتحی- ئیسپانیا- لەلایەن سوپای ئیسلامەوە. بەڵام لە قۆناغی بەرفراوانی ڕۆژهەڵاتناسیی، سەرهەڵدانی هونەرو ئەدەبیات لەسەردەمی ئیمپریالیزمدا، لەو زەمەنەوەیە کە هەردوو چەمکی (ڕۆژهەڵات) و(ڕۆژئاوا) لەسەدەکانی نێوەڕاست وڕۆژگاری جەنگی خاچپەرستیدا. ڕوونتریش بڵێین لەدوای چەرخی (ڕێنیسانس) لە سەدەی شازدەوە هاتنە ئاراوە. لە ڕۆژهەڵاتیشدا ئەو جۆرە هەستە لەسالی (١٤٥٣) دوای ڕوخانی (قوستەنتینیە)وە خرۆشا. کە وابوو ڕووبەڕووبوونەوەی یەکەم، بەشێوەیەکی فیعلی لەبۆتەی جەنگە ئایینییەکاندا خاچپەرستییەکانەوە ڕووی داوەو، ئیدی لەو میژووەوە یەکەم گڕی دژایەتی نەسرانییەکان بەرانبەر موسڵمانان هەڵگیرساوەو بەم پێیەش ڕۆژئاوا چاوی بڕیوەتە ڕۆژهەڵات.

ئاسەوارە ئەدەبیەکانی سەدەکانی نێوەڕاست بەم جۆرە وەسفی ڕۆژهەڵاتیان دەکرد، کە وەك بەهەشتێکی خودایەو، باخێکی فراوانی پڕ لەگوڵ وبۆنی

خۆشەو، گوڵەکانیش بەلاسکە زێڕینەکانیانەوە و ڕووبارەکانیش بەتام وچێژی هەنگوینیانەوە، سیمای ئەو بەهەشتە دەڕازێننەوە. جگە لەو چوار ڕووبارەش، (ڕووباری ئەردەن- نیل- دیجلە- فورات) کە هێمای ژیان وزیندوویەتین. ئەوان بەم وەسفە ئەدەبییە ڕۆمانسییە (کە هەرگیز لەدەروی ڕێزلێنان وبەدڵ بوونیشەوە نەبوون) هەموو چین وتوێژەکانی گەلی خۆیان هان دەدا، کە بەبازرگان وگەڕیدەو ئەدیب وهونەرمەندو جەنگاوەریانەوە، ڕوو لەم دنیایە دڵ فڕێنانەی بەهەشتی خودا بکەن وخاکی پیرۆزیش لەدڕندەو جەنگاوەران ڕزگار کەن. نیگار کێشانی ئەوروپا، شان بەشانی ئەدیب وشاعیران، تابلۆی خۆرهەڵاتێکیان دەکێشا، کە لەگەڵ خەیاڵ و میزاجی سەرکردە و جەماوەرە ڕەگەزپەرستەکانیاندا بگونجێت. لەم ڕووەوە هەردوو تابلۆکەی (دیلاکروا) بەناوی (قەسابخانەکانی ساقیز- کە ساڵی ١٨٢٤- کێشاویەتی)و (مردنی- ساردینپاڵ- کە ساڵی ١٨٢٨- کێشاویەتی) [٩٥] باشترین نموونەی بەرجەستەکراوی ئەو خۆرهەڵاتە خەیاڵییەن. ڕۆژهەڵات لەدیدی ئەم هونەرمەندەداو (هەر وەك لەبەرهەمی نووسەرەکانیاندا خوێندبوویەوە) ناوچەیەکی پڕ لەستەم وتوندوتیژییە.

هەروەها لای ئەو(واتە لای /دیلاکروا/) شوێنی ڕووت و قووتی و بەدڕەفتاریە.. خانەی لەش فرۆشی و بێ هۆش کردنی ئافرەتان و، گەنجینەکانی داستانی ئەفسانەییی ((الف لیلة ولیلة- هەزارو یەك شەو))یە. هونەری نیگارکێشان وتابلۆکانیان بە دوو قۆناغدا تێپەڕیوە، یەکەمیان (خەیاڵی) دووەمیان (واقیعی). بەڵام لە هەردوو قۆناغەکەشدا ڕۆژهەڵات ودانیشتوانەکەشی لەپلار و تانەوتەشەری ئەوان قوتار نەبوون. هەر بۆیەش (دیلاکروا)وێنەی چەند قەسابخانەیەکی کێشاوە، گوایە لەنێوان تورك و یۆنانییەکاندا ڕوویان داوە، بەم هۆیەشەوە پەرەی بەو پڕوپاگەندەو

درۆودەلەسانەی سەرانی ئەوروپا دەدا کە لەدژی ڕۆژهەڵات بڵاویان دەکردەوە. لەتابلۆی دووەمیشدا (مردنی ساردینپاڵ) مەبەستی لەو پادشا ئاشوریی‌یەیە، کەدوای ئەوەی زانیویەتی خۆیشی هەر دەبێت بمرێت سەرجەم خەڵکی دەوروبەری خۆی کوشتووە.

لایەنێکی تر لەتابلۆی هونەرمەندە ڕۆژئاوایی‌یەکاندا، بۆ سووکایەتی بەئافرەتی ڕۆژهەڵات تەرخان کراوە، کە گوایە وەك کۆیلەو کەنیزە سەودایان لەگەڵدا کراوە، دیارە پیاوانیشیان بەچەند کەسێکی تەمبەڵ ودەمارگیر ونەفام وێناکردووە. بەم ڕەنگەش هونەری نیگارکێشانیان لە ڕۆژهەڵاتدا لەسەر سێ تەوەرە بووە (تۆقاندن- و- دەمارگیری‌و- بەدڕەفتاریی). بەچاوخشاندنێکی خێراش بەتابلۆکانی (دیکسان) و(تیۆدۆر شاسیریۆ) و(هینری ڕینیو) و(دیهۆدانگ) و(پیکابیا) و(بیندەر) و(ڕیکلۆس)دا، دەردەکەوێت کە چ سیمایەکی تیرۆر و تۆقاندن و ئاشووبگێڕیی و دەمارگیریی خێڵەکی و بەدکاریی و بێئابڕوییان بە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامییەوە ناوە. لەبواری ئەدەبیاتیشدا چەندان ئەدیبی وەك(جینکۆ) و(لیکیا شۆبلی) و(ڤیدچکۆ) و(دۆگلاس لاتیۆن) و(ولیەم دۆڤریز) و(مارگرێت ڕۆدنکۆ) و(مینۆرسکی) و(ئەلێکساندەر ژایا) و(فرانسواز بێرەنژێ) و هاوڕێ و هاوپیشەکانیان، لەئەدەبی گەلانی ڕۆژهەڵاتیان کۆڵیوەتەوەو، خولیای زانستی ئەنسرۆپۆلۆژیی و لێکۆڵینەوەی ئەدەبیان لەسەردا بووە و شێوە زمان و دایالەکتیك وئیدیۆم و ڕێزمانی نەتەوەکانیان کۆڵیوەتەوە [٩٦].

❁❁❁ ❁❁❁

پوختەی تۆێژینەوەو بڵاوکراوەکانی ڕۆژهەڵاتناسان

لەم بارەیەوە دەشێت بڵێین، کە زۆربەی تۆێژینەوەو لێکۆڵینەوەو گۆڤارو بڵاوکراوەکانیشیان، لەسەر مەنهەجێکی دیاری کراوی زانستیانە نەبووە، بەڵکو تەنها وەك ڕوانینێکی ڕۆژئاوا بۆ ڕۆژهەڵات لە دەروویەکی لووتبەرزیی وشێواندنی عەقیدەی خەڵکیەوە بووە. بەڕێز (ڕۆبەرت کرین) کە ڕاوێژکاری سەرۆکی پێشووتری ئەمریکا (نیکسۆن) بووەو، لەم ساڵانەی دوایی‌دا موسڵمان بووەو، ناوی خۆی بۆ (فاروق عبدالحق) گۆڕیوە، لەوتارێکی بڵاوکراوەی‌دا دەربارەی(ڕۆژهەڵاتناسیی) دیراسەو لێکۆڵینەوە ڕۆژهەڵاتناسییەکانی کردوونەتە سێ بەش:

١. ئەو لێکۆڵینەوە زانستیو بابەتیانەی، کە هەندێك زانای ئەڵمانی نووسیویانەو، ڕەچاوی دادگەریو باری ڕاستیی مەسەلەکانیان کردووە، یان بەئەمانەتەوە چەند کتێبێکیان تەرجەمە کردووە.

٢. ئەو لێکۆڵینەوانەی بەپاڵنەری سیاسەتی دەرەکی نووسراون، واتە: ئەو تۆێژینەوەو دیراسانەی بەفەرمانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا نووسراون، یان بەفەرمانی دەزگاکانی سیخوریی‌و هەواڵگریی(مخابرات)ی ڕۆژئاوا نووسراون، ئەرکی دارایی‌و سەرپەرشتی کردنیان گرتوونەتە ئەستۆو، جیهانی ئیسلامی‌یان تێدا شێواندووە.

٣. ئەو دیراسانەی کە موژدەهێنە مەسیحی‌یەکان ئامادەیان کردووەو تێیاندا ویستوویانە بەهەر ڕێگەیەك بێت، هێرش بکەنە سەر ئیسلام.[٩٧].

پاشان بەڕێز (فاروق عبدالحق) دەڵێت:(دەشێت بڵێین هێشتا ڕۆژهەڵاتناسیی

تەواو نەبووە، بەڵکو بەرجەستە کردنێکی نوێی بۆ هەیە بەناوی (تیۆرە شارستانیی‌یەکان)ەوە، ئەمەش چەمکێکی بنەڕەتی‌یە کە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا پشتی پێ دەبەستێت) [٩٨]. کەوابوو:- پێویستە گەندەڵی وترسناکی‌ی تیۆرە کۆلۆنیالییەکان لەبواری ئەنسرپۆلۆژي و ڕۆژهەڵاتناسیی ئاشکرا بکرێت، کەئەم تیۆزانە لەدەرەوەی هەرچەشنە بەهایەکی ئەبیستمی‌دا کاردەکەن و، دەخوازن بەشوێن شوناسی لۆجیکی وعەقڵانی هەوڵە کۆلۆنیالییەکانەوە بن. لەدیدگای ئەم تویژینەوە ئەبیستمی وزانستییانەوە، دەتوانین تێگەیشتنێکی دروست بەرانبەر ڕۆژئاوا فۆرمەلە بکەین. یان دەتوانین لەچییەتی ڕۆژئاوا تێبگەین وبیانناسین. لەوێشەوە ئەتوانین سیستەمێکی تۆکمەبوونی تیۆری ومەعریفیمان دابڕێژین) [٩٩].

ڕۆژهەڵاتناسان لە لێکۆڵینەوەکانیاندا ویستوویانە مۆرکێکی زانستی‌و بابەتیانە بەزۆربەی نووسراوەکانیانەوە بنێن، لەکاتێکدا لەڕێبازی زانستی و بابەتیانە تەواو دووربوون ئەوان تەنها تیشکیان خستووەتە سەر بیروڕا تایبەتیەکانی خۆیان و، لەچاوێلکەی کورتبینی خۆیانەوە باری ڕاستی مەسەلەکانیان تاووتوێ کردووە. لەم دیراسانەیان و، هەروەها لەگۆڤارو کتێب وبڵاوکراوە هەمە جۆرەکانیشیانەوە، ڕوون دەبێتەوە کە چۆن بۆ نێوفیکری خەڵکی دزەیان کردووەو، لەچ غەزوێکی فیکری‌یەوە ڕێیان بۆ داگیرکردن ودوژمنکاری خۆش کردووە. ئەم جۆرە عەقلی‌یەتە لەشێوازی لێکۆڵینەوەو نووسینەوەی سیاحەتنامەشدا، دریژبوونەوەی هەمان عەقلیەتی ئەوروپی‌یە لەچەرخی(ڕێنیسانس)یشدا (کەوا کەسانی بەناو نوێ خوازی ئەوروپا، لەوانەی دژی- کەنیسە- ڕاپەڕیبوون) مەبەستیان لێکۆڵینەوەی دیانەتی شەرقی نەبووە، بەڵکو هەر بەهەمان دیدو بۆچوونیان لەسەر مەسیحیەت وخاچپەرستێتیی هەردوو سەدەی شازدەو حەڤدەوە، بۆ ئیسلامیان دەڕوانی و کە دوای کۆتایی هێنان بەدەسەڵاتی کەنیسەش، مۆرکێکی

دنیابەرستی(عەلمانیەت)یان بەکۆمەڵگەکانی خۆیانەوە ناوە. جا ئەگەر جیهانی ئیسلامی لەپێش سەردەمی (ڕێنیسانس)ی ئەورووپادا، بەرەو ڕووی شاڵاوی فیکری چەند ڕۆژهەڵاتناسێکی مەسیحی تووندڕەو بوویتەوە ئەوا هێندەی نەبردووە، کە دوای چەرخی (ڕینیسانس)یش بەرەو ڕووی هەمان شاڵاوی چەندان ڕۆژهەڵاتناسیی (عەلمانی) تووندڕەو بووەتەوە. بەڵام وەك ووتمان قۆناغی عەلمانیەکانیش هەر دریژە پێدانێکی ڕاستەوخۆی هەمان عەقلیەتە ئەورووپیە دینداراە کە بوو، کە بەبەرگێکی مەسیحی خاچپەرستیو بەهەمان ئەزموونی پێشووترو بە هەمان مەبەستی پێشویانەوە ڕۆژهەڵاتیان دەپشکنی.

لێرەش دا بەکورتی ئاماژە بۆ چەند دیراسەو لێکۆڵینەوەو گۆڤارو بڵاوکراوەیە کێشیان دەکەین، کە لەهەردوو سەردەمی پێش ڕاپەڕین (ڕینیسانس)و دوایی (ڕینیسانس)یش هەمان بابەت و نێوەڕۆکی لەیەکچوویان لەخۆ گرتوە [١٠٠]، بۆ نمونە یەکێکی وەك:-

(ڕینان)ی فەرەنسی، لەتوێژینەوەکانیدا دەڵێت: (فەلسەفەی عەرەبی ئیسلامی هەر فەلسەفە یۆنانیە کەیە، بەڵام بەپێتی عەرەبی نوسراوەتەوە. (ڕینان) یەکێك بووە لە لایەنگرانی (دوزی) و حوکمە تووندوتیژە ناسامیی‌یەکانی، کە لەهەر چوار بەرگی کتێبی (دوزی)دا هەیە بەناوی (موسڵمانانی- ئیسپانیا- تافەتی- ئەندەلوس). هەروەها یەکێکی وەك (ڕاینهارت دوزی) لەساڵی (١٨٨٣ز)دا، وای دانا بوو کە قورئان چێژێکی زۆر تاڵ و خراپی هەیەو، شتێکی تازەی تێدا نییەو، لەچەند مەسەلەیەکی قورس و وەڕسکار پێك هاتووە. (جۆرج سیل)یش لەساڵی (١٧٣٦ز) لەپێشەکی‌یەکی تەرجەمەی ماناکانی قورئاندا وای داناوە گوایە قورئان لەلایەن خودی (محمد)ەوە دانراوەو، هیچ گومانێکیش لەمەدا نییە. ڕۆژهەڵاتناسانی فەرەنسا لەشیتەڵ کردنەوەی هێماکانی (زەند)و (ئاڤێستا)دا، ڕۆڵێکی سلبیان گێڕاوە و، تەنانەت لەدەیەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا شاری (پاریس)ی پایتەختیان کردبووە سەنتەرێکی

لێکۆڵینەوەو دیراساتی- سانسکریتی-. لەمەش دا هۆی بایەخدانی (ناپلیۆن) بەڕۆژهەڵات بەپێشبڕکێیانەوە لەگەڵ- بەریتانیا- کاتێك هندستانی داگیرکردبوو بەند بووە. دیارە بایەخدانی فرەی ئینگلیزەکان بەڕۆژهەڵاتی دوورو نیمچە دورگەی هیندی، کاریگەریەکی ڕاستەوخۆی لەسەر بایەخدانی فەرەنسا بەڕۆژهەڵاتی نزیك و بەنەتەوەی عەرەب و نەتەوە موسڵمانەکانی تری ناوچەکە هەبووە. لەڕاپۆرتێکی (ئۆمپیسی گۆ)ی وەزیری کۆڵۆنیالەکانی بەریتانیادا، کە ڕۆژی (١٩٣٨/١٢/٩) بۆ سەرۆکی حکومەتەکەی ناردوە، باسی وەحدەتی ئیسلامی کراوە، کەچۆن لەلایان بووەتە مەترسیەکی گەورە لەسەر ئیمپراتۆریەتەکەیان، تەنانەت لەسەر فەرەنساش. لەدوایش دا خۆشحالی خۆی بەوە دەربڕیوە، کە سیستەمی- خەلافەت- لەئارادا نەماوەو، هیوای خواستووە کە هەرگیز لەمەولا ئەو سیستەمە بۆ جیهانی ئیسلامی نەگەڕێتەوە.

(شیلدۆن نامۆس) دەڵێت: (شەریعەتی- محمد- هەر ئەو یاسا ڕۆمانیەی ئیمپراتۆریەتەکەی ڕۆژهەڵاتە، کە بەگوێرەی حاڵەتی سیاسی لەناوچە عەرەبیەکاندا بەکار دەهێنرا)، هەروەها دەڵێت: (یاسای- محمدی- تەنها یاساکەی "جیستینیان"ە لەبەرگێکی عەرەبی)دا. (لویس ماسینیون)یش لەدیراسەیەکیدا، ئیسلام وا لەقەڵەم دەدا گوایە بۆ بەرهەڵستکاریەکی ڕێکخراوی دانایانەی (ئایینی مەسیحی) دروست کراوە. (ماسینیۆن) سەرکردایەتی ئەو بزاڤە میللیەشی دەکرد، کە تەقەللای نوسینی لاتینیان دەدا. ناوبراو بەناودارترین ڕۆژهەڵاتناسی فەرەنسە دادەنرێت لەدژایەتی کردنی ئیسلامدا. بەڕای ئەو پاڵەوانی گەورەی ئیسلام نە (محمد)ەو نە (إبن ڕشد)و نەزانایەکی تر، بەڵکو تەنیا- حەللاج- ە. لای- ماسینیۆن- حەللاج- ئەو- قدیس- ـە موسڵمانەیە، کەموسڵمانە سوننیەکان بەهۆی ئەو هەموو بوێری و جورئەتەی لەسەر شەخسانی کردنی ئیسلام لەخاچیان داوە [١٠١]. دیارە لای ئەوان شەخسی پێغەمبەری ئیسلام.(ﷺ) بەلاوە نراوەو، یاخیبەکی وەك

(حەللاج) لەپلەیەکی بەرزدا دانراوە، چونکە خۆی بەکەسێتیەکی وەك (مەسیح) چووانووە. ڕۆژهەڵاتناسێکی وەك (گرۆنباوم)یش، لەکتێبی (شارستانیەتی ئیسلام) دا دەڵێت: (ئیسلام لەسەرەتای سەرهەڵدانیەوە دانی بەڕێزی مرۆڤدا نەناوە، تەنها بەنەختێکی‌دا نەبێت. قورئانیش دەیەوێت مرۆڤ بەو قەناعەتە بگەیەنێت، کە بەچاوی سووك سەیری بونیادی جەستەیی خۆی بکات) [١٠٢].

گۆڤار و بڵاوکراوەکانی "ڕۆژهەڵاتناسیی"یش، هەر بۆ ئەو مەبەستانە تەرخان کراون، کە چەندین وتارو لێکۆڵینەوەی نادروستیان لەسەر ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی تێدا نووسراوەو، پتر لەسێسەد گۆڤارو بڵاوکراوەی هەمە چەشن لەچەندەها زمانی دنیا دەرچووەو، تا ئەمڕۆش دەردەکرێن، وەك [١٠٣]:-

١- گۆڤاری (جیهانی ئیسلامی) (The Muslim World) کەسالی (١٩١١ز) (سامۆئیل زوێمەر) لەبەریتانیا دایمەزراندووە. ناوبراو سەرۆکی موژدەهێنان (مبشرین)ی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بووە.

٢- گۆڤارێکی تر بەهەمان ناو لە(پوترس بۆرگ) لەسالی(١٩١٢) هەوە دەرکراوەو، چەند ژمارەیەکی کەمی لێ دەرچووە.

٣- گۆڤاری (سەرچاوەکانی ڕۆژهەڵات) کە- هامەر بیرکشتاڵ)- لە(ڤیەننا) لەسالانی نێوان (١٨٠٩- ١٨١٨)دا دەری کردووە.

٤- سالی ١٨٩٥یش لە- پاریس- گۆڤارێك بەناوی (ئیسلام) (Al _ Islam) دەرچووە و پاشان لەسالی ١٩٠٦ دا گۆڤاری (جیهانی ئیسلامی)ی بەدوادا هاتووە، کە (نێردەی زانستی فەرەنسی) لە- مەغریب- دەری کردووە. دوایش ئەم گۆڤارە، (دیراساتی ئیسلامی) گۆڕاوە.